# دەروازەکانی ئاین
# لە نێوان زەوی و ئاسماندا

## پەیدابوون و گەشەسەندنی
## ئاین .. خودا .. پەرستن و قوربانی

نوسین و ئامادەکردنی
**مەریوان هەڵەبجەیی**

**بەرگی سێهەم و چوارهەم**
**جینی و مەسیحی**

چاپی سێهەم
٢٠١١

www.xwdakan.com
www.xwdakan.net

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

**ناوی کتێب**

**دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا**

**بابەت :** توێژینەوەیەکی ئامادەکاریی مێژوویی لەبواری
زەمان و زەمینەی پەیدابوون و گەشەسەندنی
ئایین ، خودا ، پەرستن و قوربانی

**نوسین و ئامادەکردنی : مەریوان هەڵەبجەیی**

**تایپ، هەڵەبڕی، بەرگ و نەخشەسازی :** پێشەوا

**ژمارەی بەرگەکان : بەرگی سێهەم و چوارهەم**
**جینی و مەسیحی**

**ژمارەی چاپ :** چاپی سێهەم ٢٠١١

**تیراژ :** ٣٠٠٠ دانە

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

# پێشەکی

زانستی ئایینەکان دەروازەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوە لەسەر ناسینەوەی مێژووی حەقیقی ئەو کۆمەڵگایانەی ئایینیان تێدا دروست بووە، خوێندنەوەیەکی مەیدانی ئەکادیمییە بۆ مێژووی فەسلەفەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵانەی کەپەیوەندییە ڕۆحیەکانیان وابەستە کرووە بەکۆمەڵێک ئاکارو ڕەفتاری هەندێک لەڕەهەندە میتافیزیکیەکان. ئەم زانستە لەئێستادا بەشێکی سەرەکی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکانی جیهانە، جگە لە هەندێک لەدەوڵەتە ئیسلامییەکان، وڵاتیکی پێشکەوتووی شارستانی لەجیهاندا نابینین توێژینەوەی زانستی لەو بارەیەوە ئەنجام نەدابێت. چونکە مێژووی مرۆڤایەتی لەجیهاندا، بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێگەیەکی سەرەکی بوون بۆ هەموو ئەو بیرو داهێنان و بیرۆکە فەلسەفییانەی کەلەبەرگی ئاییندا خۆیان نیشان دابوو.

ڕۆژهەڵاتیش, چەقی کۆنترین و گەورەترین ئایینە لە جیهاندا. کۆنترین هوشیاری لەڕۆژهەڵاتدا, بەتایبەت لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەسەڵات و دامەزراوە یاساییەکانیەوە, لەئاییندا سەریهەڵداوە. هەربۆیە کۆنترین ڕەخنەش لەو ناوچانەدا ڕووبەڕووی ئایین بووەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێخۆشکەرە بۆ ئێمە کە چۆن خوێندنەوەیەکی بێلایەنانەو زانستیمان بۆ شێوەی سەرهەڵدان و ناساندنی ئایینەکانی مێژوو هەبێت, بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو ڕاستیانەی کەئایین دیاردەیەکی مێژووکردە، لەکۆمەڵ و کۆمەڵگاو ناوچە جیاجیاکانداو لەقۆناغێکی پێویستی مێژوویدا وەک زەروورەتێک سەریهەڵداوە، ئەو گەشەسەندنەی لەبوارەکانی فەرهەنگی, کۆمەڵایەتی,

سیاسی, ئابوری و شارستانی لەقۆناغەکانی مێژوودا ڕوویانداوە ئاڵوگۆڕیان بەسەر ئایینەکەدا داهێناوە، بۆ هەریەکێک لە قۆناغەکان و بۆ هەریەکێک لەناوچەکان مەزهەبێکی دیاریکراوی سەر بە ئایینەکە دروستبووەو ئاینزاکانیش توانیویانە زۆر شارەزاییانە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان وەک پلەی یەکەم و خواست و ئامانجەکانی خۆیان بەپلەی دووهەم تێدا بپارێزن.

ڕەنگە تێڕوانینی هەموومان بۆ ئایین، بەو شێوەیەی کەئێستا لەبەرچاوەو لەلایەن تاکەکانەوە پراکتیک دەکرێت تاڕادەیەک لەیەک نزیک نەبێت، چونکە هەبوونی دینی ئیسلام لەناو ژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەکی سەخت دەخالەتی لەتەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا کردووەو کاریگەریی بەسەر بیرکردنەوەو تێڕوانین هەموو لایەکمان دروست کردووە، بەڵام ئەم ڕامانە ناتوانێت ئەو حەقیقەتەمان لێ بشارێتەوە کە لە گوتارە هەمە چەشنەییەکانی ئاییندا هەن و ئاستو هەمە چەشنەییەکانی گەلێک، نەتەوەیەک، وڵاتێک، یان مێژوویەکی تێدا دیاری بکەین، هەروەها ناتوانێت ڕێگریمان لێ بکات کەلەپاشماوەکانی ئەو ئایینەوە بەڕوونی ئاستی ڕۆسنبیری سیاسی و دەستوری و تەنانەت ئەدەبی بۆ ئەو زەمەنە ببینین کەئایینەکە تییدا سەریهەڵداوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستت یەکەم لێکۆڵینەوەیە لەکوردستانداو لەبواری زانستی ئایینەکاندا ئەنجام درابێت. پێش ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێک کەس هەوڵیان داوە بەم دەروازەیەدا تێپەڕ بن، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەنها لەئایینە یەکانەییەکاندا خۆیان نیشانداوە، ئیسلام، مەسیحی، هەندێک جاریش زەردەشتی، هەریەک لەمانە بەجیا، یاخود بەراوردکارییەکی ڕەخنەیی لەنێوانیاندا، لەوە بەدواوە نەتوانراوە چوارچێوەیەکی وەهای بۆ بخولقێنرێت کەلەو سنوورە دەرچێ و هانگاو بۆ ئایینە کۆن و دوورەکان بهاون.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئێستا، کە دوای سالآنی دوو هەزارو دەیە، لەکتێبخانەی کوردیدا نموونەی ئەم کتێبە هەن بەڵام ئێمە لەساڵی دووهەزارو یەکدا ڕێچکەکەیمان شکاندو بۆ یەکەمینجار لەم بارەیەوە ئەم چەند بەرگەمان بە زمانی کوردی خستە کتێبخانەکانەوەو یەکەمین کتێبێک بوو باس لەچەندین ئایینی مێژوویی و ناودارو گەورەی جیهانی بکات و بەلۆژیکی ئێستای مرۆڤایەتیان بناسێنێت. لەچەندین بەرگدا کۆکراونەتەوە. بەتەوابوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە خوێنەر وەڵامی زۆر لەپرسیارە دێرینەکانی مرۆڤایەتی دەربارەی ئایین دەست دەکەوێت: بیرۆکەی ئایین و خودا چۆن سەریانهەڵدا.؟؟ بت پەرستی، ئاکارەکانی پەرستن، دیاردەکانی پاڕانەوەو خۆبەخشین و قوربانیدان، بەهەشت و دۆزەخ، ڕۆح، مردن، حەقیقەتی زیندووبوونەوە، زۆرو زۆری تر لەم بەرگانەدا باس کراون وەڵامێکی لۆژیکانە دەدەنە ئەو کەسانەی کەبەشوێن حەقیقەتە نادیاردە شاراوەکانی ئاییندا دەگەڕێن.

ئەم توێژینەوەیە چەندین بەرگە، بەرگی یەکەم ئایینی هیندۆسییە. دووهەم بوزی یان بودا، سێهەم جینی، چوارهەم مەسیحی، پێنجەم داوی، شەشهەم شنتۆیی، حەوتەم کۆنفۆشیۆسی، هەشتەم زەردەشتی، نۆهەم یەهودی، دەهەم ئیسلام.

بە دە ئایین کۆتاییم پێ هێناوە چونکە ئەم دە ئایینە گەورەترین ئایینن کەلەسەردەمەکانی دێرین و نوێدا تا ئێستا بە قەبارەی خۆیان مابنەوە، هەر یەکێک لەم ئایینانە بەلایەنی کەمەوە نیو ملیار باوەڕدار شوێنکەوتەی هەیە.

دەستپێکردنی ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی نەوەدەکانەوە بووەو تا ئێستاش تەواو نەبووە، بەداخەوە بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی یاسایی و ئایینی و فتوای کۆنەپەرستانەوە ئەم پرۆژەیە سستی بەخۆوە بینی.

یەکەم کۆمەڵە ئایینێک کە باسمان بکەین هەردوو ئایینی هیندۆسی و بوزی بوو کەلەبەرگی یەکەم و دووهەمدا بڵاومان کردووەتەوەو بۆ

زانیاریش خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری، چونکە لەڕۆژهەڵاتدا کۆنترین ڕێورەسمی ئایین و کۆنترین ئاکاری ڕۆحی و پەنابردن بۆ تەفسیرکردنی دیوە سایکۆلۆژییەکەی ئینسان لەو ناوچە کۆنانەی هیندستانەوە سەریهەڵداوە کەتییدا ئەم دوو ئایینە گەشەی سەند، ناوچەکانی هیندستان بوونەتە هۆی دروستبوونی گەورەترین ئایین لەمێژووی کۆن و نوێدا، کەئەویش ئایینی هیندۆسییەو دوای ئەویش ئایینی بوزی. لێرەشدا هەردوو بەرگی سێ و چوار کەبریتین لەهەردوو ئاینی جینی و مەسیحی، دەخوێنیتەوەو هیوادارین بتوانین لە ئایندەدا بەرگەکانی دیکە بنوسین.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

## ئایینی جینی


ئەفسانی لەدایکبوون.........................................................

ژیانی ماهاڤیرا..........................................................

مردنی ماهاڤیرا............................................................

جینیی بیست و چوارهەم......................................................

خوا لەبۆچوونی جینیدا.......................................................

یەکەم : خــوا.............................................................

دووهەم: دۆناودۆن.........................................................

سێهەم: خۆ ڕووتکردنەوە......................................................

چورهەم: خۆکوشتن ............................................................

((ئاجاماس)) کتێبی پیرۆزی جینییەکان.........................................

لەفەلسەفەکانی ئەم کلتورە (ئاجاماس)...........................................

یەکەم : سێ گەوهەرەکە.........................................................

دووهەم: بنەما سەرەکییەکانی پاکبوونەوەی ڕۆح.....................

سێهەم : پلەکانی زانست ........................................................

پاشینە..............................................................................


## ئایینی مەسیحی


پێشینەی عیسای مەسیح.........................................................

لە چاوەڕوانی مەسیحدا. ..............................................

لەدایکبوونی عیسا. ......................................................

ژیانی عیسا. ..........................................................

پەیامبەرایەتی. ..........................................................
کوشتنی یۆحەننا (یەحیا) ..........................................................
پەیامبەریێتی عیسا. ..........................................................
وتاری سەر چیا..........................................................
مردنی عیسا. ..........................................................
بەرواری لەدایکبوون و مردن و هەڵسانەوەی عیسا........
ئینجیل، کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان. ..........................
ئینجیلی مەتتا. ..........................................................
ئینجیلی مەرقۆس. ..........................................................
ئینجیلی لۆقا. ..........................................................
ئینجیلی یۆحەننا. ..........................................................
بەشەکانی دیکە. ..........................................................
ئینجیلی بەرنابا..........................................................
خوا لەباوەڕی مەسیحیدا..........................................................
لە دروشمەکانی مەسیحی: ..........................................
لەئاو هەڵکێشان. ..........................................................
ئێوارەخوانی خوداوەند (العشاء الربانی) ..................
پیرۆزکردن و هەڵگرتنی خاچ. ..................................
چەمکی لەخاچدانی مەسیح. ..........................................
مەسیح و مەسیحییەکان لەبۆچوونی یەهودیدا. ..............
مەسیح لەبۆچوونی ئیسلامدا. ..........................................


**پاشینەی مەسیحی**

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

کۆڕەکان. ..........................................................
شاوڵ (پۆڵس). ...........................................................
مەزهەبەکان. کاسۆلیک و ئەرسەدۆکس ..........................
پرۆتستانتەکان. ..........................................................
تۆما ئەکوینی. ..........................................................
بەرەو چاکسازی ئایینی ..................................................
دادگای پشکنین (محاکم التفتيش) ..................................
پسوڵەی لێبووردن. .......................................................
دەقی نووسراوی پسوڵەی لێبوردن. ............................
مارتن لۆسەر..................................................................
جیابوونەوەی دەسەڵاتەکانی ئایین لە دەوڵەت. ..............
سەرچاوەکان ..................................................................

## ئەفسانی لەدایکبوون

لە شاری (بنتا)ی هەریمی (بیهار) خێزانێکی ئەکشتەری دەژیان و (سددهارتا)ی سەرۆک خێزان، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای جەنگاوەران بوو. (تریسالا)ی ژنی سددهارتا، کچی سەرۆک ئەنجومەنی باڵا بوو، لەبەرئەمەش ئەم خێزانە بەسەر ناز و نیعمەت و دەسەڵاتدا کەوتبوون[1].

شەوێکیان تریسالای دایکی خێزان، لەخەویدا فیلێکی سپی دەبینێت، هەر ئەو شەوە لەخەوێکی تردا گامێشێکی سپی دەبینێت، هەر دوای ئەوە، لەخەوێکی تردا شێرێکی سپی دەبینێت، هەر ئەو شەوە لەخەوێکی تردا

---

[1] ثقافة الهند وحياتها الروحية،الرامبورى ص(241)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

خۆر بە کەوتویی دەبینێت و لەخەوێکی تردا مانگ دەبێت بە دووکەرتەوەو هەر بەو شێوەیە خەو لەدوای خەو دەبینێت، تا دەگاتە پانزە خەوبینین. کە بەیانی لەخەو هەڵدەسێت لەو (15) خەوەی سەری سوڕدەمێنێت و بۆ شیکردنەوەی چەندەها کەسی ئایینی و ناودار کۆدەکاتەوەو خەوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوانیش پاش راڤەکردنی، پێیانراگەیاند کە کوڕێکی دەبێت، ئەم کوڕە یا دەبێتە پاشای وڵات، یاخود دەبێت بە کەسێکی ئایینی و رزگارکەری مرۆڤایەتی[2]. خێزانەکەی، بە تایبەت باوکی کە ئەم هەواڵەیان بیست زۆریان پێخوشبوو، بڕیاریاندا کە دەست نەهێننە رێگەی و خۆی چۆنی پێباش بوو، بیکات.

هەرواش دەرچوو، لەیەکێ لەشەوەکانی بەهاری ساڵی 599ی پ. ز منداڵێکی جوان (ماهاڤیرا) لەدایکبوو، لەکاتی لەدایکبونیدا هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان یەکیان گرت و روناکیەکی زۆر ناوچەکەی رووناک کردەوەو تیشکێک لەئاسمانەوە نزم بۆوەو لەسەر ماڵی منداڵە نیشتەوەو ون بوو.

پاش (12) رۆژ لەئاویان هەڵکێشاو لەگەورەترین ئاهەنگی ئەو سەردەمەدا ناوی لێنرا (فیرادامانا) واتە (زیاتر) چونکە لەکاتی لەدایکبونی ئەو منداڵەوە هەتا ئەو دوانزە رۆژە سامانێکی زۆر بەسەر خێزانەکەدا ڕژابوو.

### ژیانی ماهاڤیرا

ڕۆژێکیان لەیەکێک لەباخچەکاندا یاری دەکردو چەندەها منداڵ و گەورە لەو باخچەیەدا بوون، لەپڕ گوێیان لەدەنگێکی زۆر گەورە بوو کە دەنگەکە

[2] فلسفة الهند، محمد عبدالسلام ص (117)

نزیک بۆوە، بینیان فیلێکی گەورە بەرەو روویان دێت و هەر چییەک بێتە سەر رێگەکەی پانی دەکاتەوە، ئەم دیمەنە بارودۆخی باخچەکەی شێواندو هەر کەسە هەوڵی دەدا خۆی رزگاربکات. بە تایبەتی منداڵەکان نەیاندەزانی چی بکەن، کەچی لەناو ئەم هەموو زیکەو قیژەو هاوار هاوارەدا، تەنها منداڵێک، بەبێ جوڵەو بەبێ ترس لەرووی فیلەکەدا وەستابوو، هەر چەندە هاواریان کردو بانگیان کرد، هیچ وەڵامی نەدایەوە، فیلەکە لەشوێنی خۆی چەقی و منداڵەش دەستی بۆ لغاوەکەی بردو گرتی و سواری بوو، ئینجا پێچی پێکردەوەو بەرەو ئەو شوێنەی بردەوە کە لێی هاتبوو، پاشان گەرایەوە. ئەم منداڵەش فیرادانا بوو، خەڵکەکە لەم کارە سەریان سوڕماو بە خێرایی ئەم هەواڵەیان گەیاندە باوکی و لەوێشەوە بۆناو هەموو خەڵکی. ماوەیەکی زۆری نەخایاند باسی ئازایەتی ئەم منداڵە هەموو وڵاتی گرتەوە. لەو رۆژەوە ناوی فیراداما، گۆرا بۆ (ماهاڤیرا) واتە پاڵەوانی گەورە[3].

بەرەبەرە منداڵەکە گەورە بوو، ساڵانی خایاندو لەگەڵ ژیاندا ماهاڤیرا فێری خوێندەواری و سوارچاکی و راووشکار بوو، بە تایبەتی سواربوونی فیل. تەمەنی ماهاڤیرا گەیشتە دوانزە ساڵی و ملوانکەی ئایینی کرایە ملی و نێردرایە بەر خوێندنی ئایینی هیندۆسی. ماهاڤیرا زۆر حەزی لەخوێندنی ئایین بوو، بەڵام زۆر زۆر ڕقی لەمامۆستاکان بوو، چونکە وا خۆیان نیشاندەدا کە هەرچی راستی و دروستی و حەق و حەقیقەت هەیە، لەلای ئەوانەو خۆیان بە بەرزترین و چاکترین مرۆڤ ئەزانی.

لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا حەزی لەنەشمیلێک کرد کە ناوی (یوسادها)بوو، پاشان خواستی و گواستیەوەو دەساڵی تەواو لەکۆشکەکەی ماڵە باوکیدا خۆشترین ژیانی بردە سەر. لەو ماوەیەدا کچێکی بوو ناوی نا (ئەنوجا).

---

[3] ادیان العالم،حبیب سعید ص (109)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ژیانی ماهاڤیرای ئەو کاتە نادیارەو تەنها ئەوەندە زانراوە کە ژیانی پڕ بووە لەخۆشی و ئاسانکاری، ماڵیان هەمیشە پڕ بووە لەپیاوانی بەرهەمی و هەموو دەم باسی ئایین و ئایینداری کراوە، ئەمیش لەگەڵیاندا دانیشتوەو زۆر شت فێربووە، وەک خۆی دەڵێت:-

لە کۆتایی دانیشتەکاندا یەک حەقیقەتم بۆ دەرئەکەوت، ئەویش ئەوەبوو کە هەرچی ژیانی چاکەکردن و زەحمەتکێشان و کارکردنی بەردەوام و دڵسۆزی بەردەوام و پشتگوێ خستنی دنیاو ملکەچکردنی بەردەوام هەیە، تەنها لەلای چینەکانی خوارەوە بووەو هەرچی ژیانی خۆشی و پڕ کامەرانی و پارەو دەسەڵات و خۆشبەختی و رابواردن و فەرماندەرکردن..و..هتد هەیە، لەلای چینی سەرەوە بووە، بەڵام رۆژگار نەیدەهێشت کاری بۆ بکەم[4].

ماهاڤیرا وەک ئەندامی خێزانێکی ئەکشتەری، لەروکاری دەرەوەیدا هەمیشە پاکوخاوێن بووەو خۆی رووخۆش کردەوەو بەدەم هەموو کەسێکەوە بووە، دەستپاک و داوێنپاک و راستگۆبووە. لەدیوی ناوەوەشدا حەزی لەتەنیایی و دوورە پەرێزی و کەمدوویی بووەو هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن گۆشەگیر بێت، بەڵام ئەم کارە لەبەر دڵی باوکی ئاشکرای نەدەکرد[5]. تەمەنی گەیشتە بیست و هەشتساڵی و دایک و باوکی مردن. براگەورەکەی بووە جێنشینی باوکی و ماهاڤیراش داوای لەبرا گەورەکەی کرد کە رێگەی بدات بچێتە ئەو گۆشەگیرییەی کە ساڵەهایە بە هیوایەتی، بەڵام براکەی پێیوت کە کاتی سەرهەڵگرتنی نییەو ئەگەر ئەم کارە بکات، لەلای خەڵکی وادەگەینێت کە نەیتوانیوە دڵی براکەی رابگرێت و لێی زویر بووە، لەبەر ئەوە داوای کرد کە ئەم سەفەرەی دوابخات، ماهاڤیراش پەیمانی دایە هەتا دوو ساڵی تر بەجێی نەهێڵێت. پاش دوو ساڵ لەژێر سێبەری درەختێکدا بەناوی درەختی (ئاشوکا) لەگەڵ

---

4 العقيدة والشريعة..على المحفوظ ص (70)

5 قصة بوذا ، الذكى ص (47)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



تەواوی ئەندامانی خێزان و زۆر لەچینی ئەکشتەرییەکان، ماهاڤیرا رایگەیاند کە بەبێ هیچ هۆکارێکی دەرەکی و کاریگەری هیچ کەسێک رێگەی گۆشەگیری هەڵبژاردووەو دەیەوێت بڕوات، ئەوانیش پاش ئەوەی دڵنیابوون ئەو رێگایەی بە ئارەزووی خۆی هەڵیبژاردووە، رێیان پێدا[6] و ئەویش وازی لەهەموو دەسەڵات و سامانی باوکی و برا گەورەکەی هێناو لەبەر چاوونبوو. لە شوێنێکدا جل و پێڵاوەکانی داکەندو سەری تاشی و بۆیەکەمجارو لەسەر داواو ئارەزووی خۆی لەتەمەنی سی ساڵیدا رێی هات و نەهاتی گرتەبەر.

رۆیشت، تا گەیشتە چەند راهیبێکی هیندۆسی و ماوەیەک لەگەڵیاندا مایەوە، لەو ماوەیەدا سوێندی خواردو وتی: (سوێند بێت لەمرۆوە هەتا دوانزە ساڵی تر قسە نەکەم و یەک وشە لەدەمم نەیتە دەرەوە).

لەو کاتە بەولاوە، وەک یەکێک لەهەزارەها راهیبی تری هیندستان، لەشوێنێکەوە دەچوو بۆ شوێنێکی ترو ئەوەی پێینەدەدرا نەیدەخواردو داوای نەدەکرد، رۆژانە لەگەڵ گۆشەگیریدا بەبێدەنگی خۆی لەشارو شارۆچکەو گوندو شاخ و دەشت و بیابان و دارستانەکاندا دەبینییەوە، دەگەڕا، گوێیدەگرت، فێردەبوو، بیری دەکردەوە، لەماوەی دوانزە ساڵدا یەک وشەی لەدەم نەهاتە دەرەوە، وای لێهات ئەو پارچە پەرۆیەی دابووی بە خۆیدا، ئەویش فڕێ بداو بە ڕووتوقوتی بمێنێتەوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو سوێندی ئەوەشی خوارد کە نە بۆ چاکەو نە بۆ خراپە پارێزگاری لەخۆی نەکات و چی بەسەردێت، بەلایەوە گرفت نەبێت، ئینجا دەستیکرد بە بیرکردنەوەی قووڵ، بیرکردنەوە لەعەقیدەی هیندۆسی، راستییەکانی، چەوتییەکانی، سوودەکانی، زەرەرەکانی، و، هتد، بۆیدەرکەوت کە عەقیدەی هیندۆسی لەراستی لایداوەو پێویستە مرۆڤ رێگەچارەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە،[7]

[6] اساس الدين،هلال الفارحي ص (98)

[7] فلسفة الهند ،ص (243)

رۆژێکیان لەدەشتێکی پڕ سەوزەگیای پاڵ دارستانێک، شوانێک و چەند سەرمەرێکی بەدی کرد، لەپاڵیاندا مایەوەو دەیڕوانییە مەڕەکان، شوانەکە هاتە لایی و پێیوت:

- هەتا ئەو گوندەی پشت ئەم شاخە دەچم، ئەگەر ئاگات لەم مەڕو ماڵاتە بێت کە هاتمەوە لەخواردنەکەم بەشت دەدەم. ئەویش بەسەرەلەقێ رەزامەندی خۆی دەربڕی و شوانەکە رۆیشت. زۆری نەبرد گورگێک هات و پەلاماری مەڕێکیدا، ماهاڤیرا ویستی نەیهێڵێت، بەڵام گورگەکە لەم خێراتربوو، قەپی کرد بە ملی مەڕەکەداو بەرەو دارستانەکە رایکێشاو خۆی لەنێوان درەختەکاندا ونکرد، کاتێک شوانەکە گەڕایەوەو بەکارەساتی زانی، چوە لای ماهاڤیراو پێیوت: کوا مەڕەکەم. ؟؟ شوانەکە، چاوەڕێی وەڵام بوو، بەڵام ماهاڤیرا بە هیچ شێوەیەک وەڵامی نەدایەوە، شوانەکە پەست بوو. لێی توڕەبوو، هاواری بەسەردا کردو پێیوت: کوا مەڕەکەم،؟؟ بەڵام ئەو هەر بەبێ دەنگی مایەوە، شوانەکە دارێکی هێناو کەوتە لێدانی ماهاڤیراو پێیدەوت:-

- ئەی دزی ساختەچی، کوا مەڕەکەم، پێمبڵێ دەی هەتا هەموو گیانتم نەشکاندووە.

ماهاڤیرا دەیتوانی پێیبڵێ، بەڵام لەبەر سوێندەکەی دەمی نەکردەوە. شوانەکە ئەوەندەی لێدا، هەتا خوێن لەگیانی هاتەدەرەوە کە شوانەکە خوێنی بینی لەلێدانی وەستاو وتی:

-تۆ، یەکەم کەسی کە گیانی خۆت نەپارێزیت، دیارە تۆ پیاوێکی پیرۆزی.

ماهاڤیراش هیچ وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو هەستاو رۆیشت، بەڵام شوانەکە دوایکەوت و داوای لێبووردنی کرد، ئەویش بەسەر ڕەزامەندی دەربڕی و بەسەرگردەکەدا سەرکەوت، شوانەکەش سەیری دەکرد هەتا لەچاوونبوو، لەبەرخۆیەوە گوتی:-

www.xwdakan.com net org

ئەم پیاوە پیرۆزە، وانەیەکی نوێی فێرکردم کە هەتا ماوم لەبیرم نەچێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆرجار بێدەنگی، لەقسەکردن بەهێزترە.

ماهاڤیراش لەو دیو گردەکەوە بە خۆی دەوت:

-ئەم ڕووداوە وانەیەکی باشی فێرکردم، خۆسازاندن گەلێ لەلوتبەرزی باشترەو ئارامی گەلێ لەتوڕەبوون بەهێزترە.[8]

ماهاڤیرا، وەک زۆرینەی راهیبەکانی سەردەمی خۆی گۆشەگیریی نەکرد!! بەڵکو جیاوازییەکی زۆری هەبوو، لەوانە لەکۆتایی ساڵەکانی سوێندخواردنەکەیدا، خۆی رووتوقوت کردبۆوە، نە بە سەرما، نە بەگەرما، باکی نەبوو، هەستی بە برسێتی و تێربوون نەدەکرد کە ئاوی دەخواردەوە، جوان جوان تەماشای ئاوەکەی دەکرد نەکا زیندەوەرێکی تێدا بێت و قوتی بدات کە دەخەوت پارچەیەک پەڕۆی تەنکی دەخستە سەر دەم و لوتی، نەکا لەکاتی هەناسەدا زیندەوەرێک هەڵمژێت کە هەنگاوی دەنا جوان لەبەرپێی خۆی ورد دەبۆوە، نەکا پێ بنێت بە زیندەوەرێکدا، نەیدەزانی دڵخۆشی چییە!، خەفەت چییە!، ئازار چییە! دەسەڵات چییە!، پارە چییە!، هتد، هەتا وایلێهات هەست بە دەورووبەری خۆی نەکات، تووشی فەنابوو، بوو بە خاوەنی پلە پێنج کە لای جینییەکان دوا پلەیەو پێیدەڵێن پلەی رەها (المطلق) و رزگاری بوو بەم رزگاربوونەش ناوی نرا (تیرثانکارا) (Tirthankara)واتە رێپیشاندەرو بوو بە خاوەنی عەقیدەیەکی تایبەت بە خۆی.[9]

هەرچەندە دوانزە ساڵەکەی کە خۆی سوێندی لەسەر خوارد، تەواوی کردبوو، بەڵام لەسەر گۆشەگیرییەکەی خۆی چەند ساڵێکی تر بەردەوام بوو، هەتا وەک جینییەکان دەڵێن.

( وەک باڵندە سەربەست بوو، قورس و بەهەیبەت وەک فیل، بە توانا وەک کەرکەدەن، جێگیر وەک چیای هیمالایا، قووڵ وەک دەریا، رەنگ

[8]هەمان سەرضاوە ص (244-245)

[9] اديان الهند الكبرى ص (180)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

گەش وەک مانگ، تیشک هاوێژ وەک خۆر، مەرد وەک شێر، پاک وەک پەپولە.. تاد).[10] گەیشتە بڕوایەکی تەواوو دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی عەقیدە نوێکەی، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچوو، لەهیچ شوێنێکی دیاریکراوو تایبەتدا نەدەمایەوە، هەر دەگەڕا، لەپێش خۆیەوە ناوبانگی لەو شوێنانە هەبوو کە ڕووی تێدەکردن، هەبوو دوایدەکەوت، هەبوو دەیوت قسەوکرداری جوانە، کەسانێکی کەم نەبێت کە بەرژەوەندیان لەعەقیدەی هیندۆسیدا هەبوو، داژیەتییان دەکرد، کەسێکی تری بەرچاو نەبوو دژایەتی بکات.

وەک پێشتریش باسمان لێوەکرد، خەڵکی بەتایبەتی چینی ئەکشتەرییەکان بەدەستی یاساو فەرمان و داواکاری بەرهەمییەکانی هیندۆسییەوە گیریانخواردبوو، چاوەڕێی فریادرەسێکی نوێ و لەبارو گونجاوی سەردەمەکەی خۆیان دەکرد، بۆیە هەر زۆر زوو، زۆربەی ئەکشتەرییەکان باوەشیان بۆ ئەم عەقیدەیە گرتەوەو خۆیان لەهەموو چاوبزکردنەوەیەکی بەرهەمی دوورخستەوە، بە تایبەت بنەماڵەو خزم و کەس و کاری مهاویرا خۆی، کاتێک مهاویرا گەیشتە لایان و پوختەی بانگەوازەکەی پێڕاگەیاندن، هەر زۆر زوو خۆی و عەقیدەکەیان لەئامێز گرت.[11]

ماهاڤیرا سی ساڵ بانگەوازی کرد، پەنجاو پێنج گوتاری گەورەو بە نرخی نوسیەوە، وەڵامی سی و شەش پرسیاری بەرهەمییەکانی (ئایینزاکانی هیندۆسی) داوەتەوەو بۆ هەروەڵامێک بەرهەمییەکی پێ کردووە بە جینیی[12].

[10] محمد رسول الله،جوین سیزر ص (61)

[11] هەمان سەرضاوە ص (71)

[12] الحياة الاجتماعية فى التفكير الدينى ص (149)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## مردنی ماهاڤیرا

لە دوا هەفتەی ژیانیدا، هەموو شەوێک گوتاری بۆ خەڵکەکە دەخوێندەوە، پاشاکان، جەنگاوەران، بازرگانەکان، ئەو خەڵکانەی کە لەدەرەوەی شار هاتبوون، خەڵکانی ئاسایی، هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵ، ئەملاولایان تەنیبوو، گوێیان بۆ دەگرت و بەڵێ و سەرەلەقێی رەزامەندیان بۆ گوتارەکانی رادەوەشاند، وەک بڵێی هەستی بە دوا رۆژەکانی تەمەنی خۆی کردبێت، ئەو هەفتەیە شەوو رۆژ قسەی دەکرد، تا کۆتایی هەفتە، لەساڵی 527ــی پ. ز لەبەیانییەکداو بە تەنیا لەگۆشەیەکی ژوورەکەی خۆیدا بە یەکجاری هەناسەی براو مرد، ئەو رۆژە عەشاماتێکی زۆر لێی کۆبوونەوەو لەناوچەی (بافا) لەهەرێمی بیهار لاشەکەیان سوتاندو تۆز و خۆڵەکەیان دا بەدەم ئاوەوەو ئاوەکەش لەگەڵ خۆیدا تۆز و خۆڵەمێشی مرۆڤێکی راپێچکرد کە کلتورێکی گەورەو میراتێکی گرانبەهاو یاسایەکی نوێ و فەلسەفەیەکی قوڵی ئەو سەردەمەی بۆپاش خۆی بەجێهێشت.[13]

## جینیی بیست و چوارهەم

جینییەکان، وای بۆدەچن کە جینیی ئایینێکی زۆر زۆر کۆنەو تەنها ماهاڤیرا دروستکەری ئەم ئایینە نییە. بەڵکو بیستوچوار جینیی تر هەبوون و هەر یەک لەو کەسە فریادڕەسە نوێیانە، لەسەردەمێک و قۆناغێکی گونجاوو پێویستدا ژیاون. جینیی یەکەم ناوی (ڕەسابها) بووەو زەمەنەکەی زۆر زۆر کۆنەو مێژوو هیچ شتێکی لەبارەیەوە تۆمار نەکردووە! تەنها دەماودەم لەگەڵ هەندێک داستان و ئەفسانەدا باسکراوەو لەبیرنەچۆتەوەو هەتا ئێستاش لەناو جینییەکاندا هەر باس دەکرێت، بەڵام لەنوسراوە تازەکانی دوای ماهاویرا باس لەوە دەکرێت کە یەکەم جینیی پێش بلیۆن بلیۆن ساڵ بووە.[14]

---

[13] الادب الهندی المعاصر،محیالدین الالوائی ص (204)

[14] فلسفة الهند ص (247)

جینییەکانی تریش، یەک لەدوای یەک هاتوون، تا گەیشتونەتە جینیی بیست و سێهەم کە ناوی (پارسۆ ئاناس) بووەو لەسەدەی نۆی پ. ز مردووە (پارسۆ ئاناس) توانیویێی یاسایەکی نوێ بۆ راهیبەکانی شوێنکەوتوی خۆی دابنێت و بیانکات بە دوو بەشی سەرەکییەوە بەشی تایبەتی و بەشی گشتی.

بەشی تایبەتی ئەو راهیبانەی دەگرتەوە کە هەمیشە لەوەرزشە رۆحیەکان دوور نەدەکەوتنەوەو بە توندی پاپەندی وشە بە وشەو پیت بە پیتی (پارسۆ ئاناس)وە بوون و لەتەواوی چەمک و پێگەیاندا وازیان لەکەس و کارو خزم و بنەماڵەو سامان و دەسەڵات هێنابوو، دێ بەدێ و شار بەشار دەگەڕان و لەسەرنانی سواڵ دەژیان، باکیان لەبرسێتی و ئازارو خەموخەفەت و سەرماو گەرماو ترشی و تاڵی و شیرینی و نەخۆشی و دڵخۆشی و جوانی ناشرینی و، تاد نەبوو. ئەو راهیبانەی دەگرتەوە کە بە مانای وشە هەموو ژیانی خۆیان لەراهیبیدا تواندبۆوە.

بەشی گشتیش ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لایەنگیری ئایینەکەیان دەکردو بەسامان و دەسەڵاتیانەوە پشتگیری راهیبەکانیان دەکردو نان و ئاویان دەدانێ و یارمەتییان دەدان. ئەمەو بێجگە لەکاتی کارو پەیداکردنی بژێوی ژیانیاندا کە لەهەندێک کاری نارەوا دوور دەکەوتنەوە وەک، پەیداکردنی سامان بەبێ بەکارهێنانی دەسەڵات و زەبرو زەنگ و سوودگەیاندن بە کەسانی هەژاری دەوروبەرو خۆ بە دوورگرتن لەهەموو رەفتارێکی شەرانگێزیو، هتد.[15]

ماهاڤیرا جینی بیست و چوارهەمە، بانگەوازەکەی (پارسۆ ئاناس)ی لەئامێزگرتوەو گەورەتری کردوەو تەشەنەی پێداوە، بە شێوەیەک کە ئایینەکە ناوبانگ دەربکات و هەر بە ناوی ئەوەوە بناسرێت، وەک ئەوەی

[15] الحياة الاجتماعية فى التفكير الدينى ص (152)



www.xwdakan.com net org

کە لەرۆژگاری ئەمرۆدا ماهاقیردا بە گەورەترین کەسی جینیی دەژمێردرێت.[16]

## خوا لەبۆچوونی جینیدا

وەک لەمەوپێش لەبوزیدا ئاماژەمان بۆ کرد، بوزی، وەک ئایینێک دەرکەوت کە بەرەنگاری هیندۆسی و دەسەڵاتی بەهەرمییەکان ببێتەوە، جینیش بەهەمان شێوە بوو! لە گرنگترین عەقیدەی هیندۆسی ئەو عەقیدە لەبن نەهاتوەیە کە خوا هەیەو بەرهەمییەکانیش نوێنەرو جێنیشینی خوان و هەر کەسێکیش بەرهەمی پیباش و خۆش نەبێت، ئەوە خواشی پیباش و خۆش نییە،

لە بۆچونی هیندۆسیدا خواو بەرهەمی (پیاوانی ئایینی)، ئەوەندە لەیەک نزیکن، لەزۆرکاتدا هیچ جیاوازییەکیان نامێنێت، !! بۆ نموونە لەیاساکانی (منۆ)دا دەڵێت: (هەر کەسێک ناوی بەرهەمییەک (پیاوانی ئایینی)، بهێنێت و لەگەڵ ناوەکەدا وشەی رێزدار بەکارنەهێنێت، ئەوا قورقوشمی تواوە دەکرێت بە دەم و لوت و گوێیدا).

ئەم یاسایە، زۆر بە ئاشکرا دیارە کە دروستکەرەکەی مرۆڤە نەک خوا، چونکە بەپێی باوەڕی ئایینی خوا هاوڕی و شەریک بۆ خۆی دروست ناکاو یەکجار بەو دڵرەقییە خۆی نانوێنێ و لەپێناوی هەڵەیەکی وا سوک و بێ بەهادا، دۆزەخێکی وا گەورەو بێ سنوورو دوور لەبەزەیی و پڕ لەکینە داناگرسێنێت. دەرکەوتن و مل مانێی جینیی دژ بە هیندۆسیەکان و گەورەکردنی ئایینێک کە لەناوەڕاستی خەڵکانێکدا هەڵقولاوەو هیندۆسین، وا دەخوازێت کە دژی هیندۆسی بێتەوەو ئەوەی ئەوان پێیان باشە جینیی بە خراپی بزانێت، باشێک نا کە لەچینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا سوودی لێوەردەگیرێت، بەڵکو باشێک کە بەرهەمی و ئایینی هیندۆسی بە شێوەیەکی تایبەت سوودی لێوەردەگرن و بەهۆیەوە لەسەرکورسی

[16] ادیان العالم الکبری ص (112)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەسەڵات دەمێننەوە. لەبەر ئەوە دەبینین یەکێک لەکارە گرنگەکانی ماهاڤیرا ئەوەیە، رایبگەیەنێت کە خوا نییە!!

ئایینی جینیی بڕوای بە خوا نییە، بڕوابوون بە خوا، کارێک دەخوڵقێنێت کە جینیی و هیندۆسی هیچ جیاوازیەکیان نەبێت !!چونکە تەنها دوو جیاوازی گەورە جینیی و هیندۆسی لەیەک جیادەکاتەوە یەکەمیان چەمکی خواو ئەوی تر چەمکی دۆناودۆن (التناسخ)ە.

## یەكەم : خـوا

جینی پێیوایە، هەموو شتێک بە بینراوو نەبینراوەوە، بە درێژی و بە پانییەوە، بە بەرزی و نزمیەوە، گەورە بێت یا بچووک، غاز بێت یا شلە یاخود رەقی، زیندوو بێت یا نەبزوو یا جوڵێنەر، مرۆڤ بێت یا هەوا، یا ئاو، یا خۆڵ، یا بەرد، یا رووەک، یا هەرچییەکی دیکە لەم گەردونەدا هەبێ، رۆحی هەیەو رۆحەکەش لەناو خۆیدایە. لەم ناوەندەشدا خۆرو مانگ و ئەستێرەو ئاسمان و هەورو باران و بورکان و لافاوو رەشەباو، و، و، ی لێیدەرنەچووەو هەرهەموویان رۆحیان تێدایە.[17]

ئەم رۆحانە نەمرن و هەرگیز لەناوناچن، بەڵام لەناو ئەم هەموو رۆحانەدا یەک رۆحی گەورە هەیە کە ئەویش رۆحی گەردوونەو لەو ڕۆحە گەورەتر نییە، بەڵام ئەو رۆحە، خوا نییە!! بەڵکو دەبێت ئەویش بچێتە ناو گیانی یەکێک لەمادەکانی گەردوون و لەرێی دۆناودۆنەوە (التناسخ) خۆی رزگار بکات. لەم بۆچونەوە ئایینی جینیی ناونرا ئایینی هەڵگەڕاوە، چونکە لەهیندۆسی هەڵگەراوەتەوەو هیچ بونێکی بۆ خوا دانەناوە.[18]

لەگەڵ ئەوەشدا بە ئایینێکی پڕ لەئاشتی و خۆشەویستی ناوبانگی دەرکردو ئاشتی و خۆشەویستی و دوور لەشەرانگێزی ئەم ئایینە

---

[17] اديان الهند ص (161)

[18] فلسفة اليوگا ،راماشاراكا ص (209)

لەسنوور تێپەڕی کرد، بە شێوەیەک کە بە بیانوی ئەوەی رۆحیان تێدایەو نابێ بە هیچ شێوەیەک ئازار بدرێن خۆیان لەئازاردانی بچوکترین و بێبایەخترین مادده ئەپاراست.[19]

بڕوابوون بەوەی کە هەموو شتێک رۆحی هەیەو تەنانەت ئەوەی لەژێر زەوی و لەناو ئاسمانیشدا هەیە رۆحی هەیە، وای لەجینییەکان کرد کە (بڕوا بە خوای هیندۆسی بکەن نەک بەوەی کە خوا هەیەو خوای هەموو شتێک و شوێنێکە، بەڵکو بەوەی کە خوای هیندۆسییە.[20] لەمەوە رێزیان لەو خوایە گرت کە هیندۆسی بڕوای پێی بووەو هەر لەوەشەوە رێزیان بۆ بەرهەمییەکان دانا، لەم ناوەندەشدا سێنەیی (التثليث)ـی هیندۆسییان رەتکردەوە، گوایە براهما خوایەکە لەخواکان کە مرۆڤ دروستیکردووەو دۆزیوێتیەوە، نەک خوایەک مرۆڤی دروستکردبێت.[21]

بەڵام ئەم بۆچوونە توشی هەڵەی لەبەرئەوەی کە جینی بڕوای بە خوا نەبوو، بۆشاییەکی گەورە کەوتە عەقیدەیانەوە، کردن چونکە ناچاربوون بیستوسێ جینییەکەی پێشوو کە بە ماهاڤیراوە دەبێتە بیستوچوار بە خوا بزانن و لێرەوە چەمکی چەندایەتی خوا لەناو جینیدا سەری هەڵداو چۆنێتییەکەش خرایە پشتگوێ.

ئەم بێ خواییە وای کرد کە شوێنکەوتوانی جینیی بە هیچ ئەرک و پێداویستیەکانی دیکەی عەقیدە هەڵنەسن، لەوانە نوێژ، قوربانیدان، پارانەوەو باوەرنەبوون بە چینەکانی کۆمەڵگا، هەرچی مەسەلەی نوێژ کردن و پارانەوەو قوربانیدان هەبوو، پەیوەندی بە خودی عەقیدەی مرۆڤەکەوە هەبوو، بڕوانەکردن بە چینەکانی کۆمەڵ تووشی ململانێیەکی گەورەی کردن، بە تایبەت بەرهەمییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی بێئەندازە ئاشتی پەروەربوون، کارێکیان نەکرد کە ململانێکە پەرەبسێنێت و گەورە

---

[19] هەمان سەرچاوە ص (212)

[20] هەمان سەرچاوە ص (213)

[21] الله في المسيحية ص (47)



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

ببێت و ببێتە مایەی شەرو پێکدادان. بۆیە ئەو ئاشتی و خۆشەویستییە گەورەیە وایکرد ڕێز لەبەرهەمییەکان بگرن و ڕق و کینەیان بڕەوێننەوە.[22]

ئەو دوو بەشە تایبەت و گشتییەی کە باسمان لێوەکرد، هەر لەسەردەمی ماهاڤیرادا، ئەویش نەماو هەموو وەک یەک ئاست تەماشا دەکران.[23]

ئەگەر بەووردی بڕوانینە عەقیدەی زۆرینەی پیاوە ئایینییەکان، دەبینین زیاتر لەڕێگەی ترسەوە خەڵکی بونەتە شوێنکەوتووی ئایینەکە، ترس لەخوایەک کەپاش مردن لێی دەپرسێتەوەو لەبەرامبەر چاکەو خراپە لەگەڵی ڕەفتار دەکات، ترس لە لێپرسینەوەیەک کە هیچ شتێک و هیچ بەهانەیەک دادی ناداو دەبێت بە پێوانەی خراپەکارییەکانی، ئازارو حەژمەتی دۆزەخ بچێژێت، ئەمەو بێجگە لەهەندێک هەڵوێستی تر کە هەر ئایینەو بۆ خۆی بۆچوونێکی تایبەتی هەیە.

ئەم جۆرە ترسە لەلایەن جینییەوە نەماوە چونکە لەگەڵ بانگەوازی مهاهاڤیرا لەنەبونی خوادا خەمی شوێنکەوتوان ڕەوییەوەو وەک جاری جاران دەسەڵاتی گەورەی هیندۆسی و نوێنەرایەتی بەرهەمی بەسەریانەوە نەماوەو بە جۆرێکی تر دەیانڕوانیە ژیان. دیارە بەمەش عەقیدە لاواز دەبێت، گەر کەسێک ترسی لێپرسینەوەی گەورەو چونەناو دۆزەخی نەبێت، جۆرێکی دیکەیە !! کەچی جینییەکان لەناو ئاڵۆزیی بیروڕاو لێنەپرسینەوەو نەبوونی ترسێکی بێ شوماردا، عەقیدەیەکی هەتا بڵێی توندو تۆڵ و قوڵیان بە بانگەوازەکەی ماهاڤیرا هەبوو، تاکە هۆکارێکیش بۆ پێکهێنانی ئەو عەقیدە توندە، تیۆری دۆناودۆن (التناسخ) بوو کە بەشی دووهەمی جیاوازییە هەرە دیارەکانی هیندۆسی و جینییە.

[22] العقيدة والشريعة ص (85)

[23] اديان الهند ص (165)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

## دووهەم: دۆناودۆن

چەمكی دۆناودۆن (التناسخ)، چەمكێكی زۆر كۆنەو زۆرینەی ئایینەكانی سەر رووی زەوی بڕوایان پێی هەبووە، بەڵام لەهیندستاندا دەكرێت بڵێن، دۆناودۆن بنەمای سەرەكی عەقیدەی هیندۆسییەو كۆڵەكەی مانەوەی ئایدۆلۆژیاو دەسەڵاتی ئەو ئایینەیە.

پێش دەركەوتنی ماهاڤیرا وەك جینیی و گوتاما وەك بوزی زیاتر لە1500 ساڵ پ. ز ئەم چەمكە هەبووەو لەسەر ئەو تیۆرەشەوە چینوتوێژەكانی كۆمەڵگای هیندی دابەش ببون و ژیانی ئاسایی و یاسایی لەسەر بنەمای چینەكانی كۆمەڵ بەڕێوە دەچوو. هەرچەندە جینیی پێیوایە، هیچ چینوتۆێژێك لەكۆمەڵدا نییە، بەڵام بڕوای بە خوای دیاردەكان هەبووە، (پێیان وایە جنۆكەو شەیتان هەیە، خوای دیاردەكان وەك مرۆڤ نین و شێوەیان جیاوازەو توانای هەموو شتێكیان نییە، بەڵكو تەنها خوایەو توانای كارێكی دیاریكراویان هەیەو هیچی تر، ئەو كارەش هەندێك لە فەرمانەكانی سروشتە).[24] بۆ نموونە هەور، باران دەبارێنێت، كەواتە هەور خوایەكی هەیەو خواكەش ساڵ دوانزەی مانگ لەكاری ئەوەدایە كە هەور دروستبكات و باران ببارێنێت، واتە خوا ئەركی هەیەو ناتوانێت نەیكات!! بەڵام ئەگەر هاتو ئەو خوایە (واتە خوای بارانبارین) هاتە ناو لەشی مرۆڤێكەوە، ئەوە بەگۆشەگیری (لەدوایدا باسی دەكەین) دەتوانێت خۆی لەو ئەركە گران و بەردەوامە رزگاربكات. شەیتان و جنۆكەكانیش بەهەمان شێوە، (شەیتان دەیەوێت خەڵكی لەخشتە بەرێت تا دۆزەخ بۆ خۆی مسۆگەر بكات چونكە شەیتان لەئاگرو رق و كینە دروست كراوەو شوێنی خۆشی و حەوانەوەی ئەو هەر لەدۆزەخدایە كە پڕە لەگڕو رق و كینە نەك بەهەشتێك خۆشیی پێنیشان بدرێت و ئەم پێنارەحەت ببێت، لەبەرئەوە گلەیی لەشەیتانیش ناكرێت ئەگەر خراپەكار بێت).[25]

[24] فلسفة اليوگا ص (225)

[25] هەمان سەرچاوە ص (227)

ماهاویرا لەکۆتایی بانگەوازەکەیدا، بونەوەری کرد بە سێ بەشەوە. بەشی سەرەوە، بەشی خوارەوە، بەشی ناوەراست. بەشی سەرەوە، ئاسمانەکان دەگرێتەوە، لەم ئایینەدا (ئاسمان حەوت تەبەقەیەو هەر تەبەقەیەک جۆرێکە لەبەهەشت، بەرزترینیان، خۆشترین و بەرفراوانترین بەهەشتە. مرۆڤ بە پێی دوورکەوتنەوە لەخۆشییەکانی دونیا، لەیەکێک لەئاسمانەکان نزیکدەبێتەوە. بەشی خوارەوە، ژێر زەوی دەگرێتەوە. بە هەمان شێوە ژێر زەویش حەوت تەبەقەیە. هەر یەک لەو تەبەقانە جۆرێک لەنارەحەتی و ئەشکەنجەی تێدایەو حەوتەمیان لەهەمووی سەختترە. مرۆڤ بە پێی نزیکبوونەوەی لەخراپەکانی دونیا، ساڵانێک لەدۆزەخەکانی ژێر زەویدا دەژی. بەشی ناوەراستیش، سەر رووی زەوییە. ئەو ژیانە ئاساییەیە کە مرۆڤ تێیدا دەژی و بە پێی جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی و چەشتنی خۆشی و کەم چاکەو کەم خراپە، لەرێی دۆناودۆنەوە لەسەر زەوی دەمێنێتەوەو رۆحەکەی هەمیشە لەرۆحگۆرکێدا دەبێت هەتا رزگار دەبێت).[26]

ئەگەر مرۆڤێک ئاسایی بژی و چاکەو خراپەی هەبێت، بە پێی یەکێکیان (چاک بێت یان خراپ) لەپاش مردنی، رۆحەکەی دەچێتەوە لەشی کەسێکی دیکە، بەڵام ئەگەر چاکەی زۆربوو، لەگەڵ خراپەکانیدا جیاوازی زۆر زۆر بوو، ئەوا لەدۆناودۆن رزگار دەبێت و دەچێتە بەهەشتی یەکێک لەئاسمانەکان، ئەگەر چاکەی زۆربوو لەگەڵ ئەوەشدا خراپەی نەبوو، دەچێتە بەرزترین ئاسمان و پلەی بەهەشت. ئەگەر خراپەکانیشی زۆربوو، بە رادەیەک زۆر لەچاکەکانی زیاتربن، پاش مردنی رۆحەکەی دەچێتە لاشەی ئاژەڵ و پەلەوەرو جۆرە زیندەوەرەکانی دیکەوە. هەتا چەند خراپ بێت، زیاتر بۆی هەیە بچێتە لاشەی یەکێک لەگیانداره درندەکان و هەمیشەلە کوشتن و راوەدوناندا بێت، یاخود لەرووەکێکدا بژێتەوە لەبێ ئاویدا ژیانی سەخت بەرێ بکات. ئەگەر لەمانەش خراپتر بوو، ئەوسا

[26] العقيدة والشريعة ص (103)

دۆزەخ ئامێزی بۆ دەکاتەوەو لەیەکێک لەچینەکانی ژێر زەویدا بە دۆزەخی گڕاوی ئاشنای دەکات.

لە جینیدا، تەنها دوو جۆر چین هەیەو کۆمەڵگا بەسەر دوو چیندا دابەش بووە، چینی گشتی و چینی تایبەت. چینی گشتی هەموو ئەو بڕیارو یاسایانە دەگرێتەوە کە لەمەو پێش باسامان کردن. بۆچینی تایبەتیش، کۆمەڵێکن کە زۆر کەمن و کەم کەس دەتوانێت بە قۆناغەکانی ئەم چینەدا تێپەڕبێت. کە لێرە بەدواوە باسیان لێوە دەکەین.

چینی تایبەت، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ناو کۆمەڵگان کە دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت لەدەست یاسای سروشت و دۆناودۆن و بەهەشت و دۆزەخ رزگاریان بێت و چیتر رۆحەکەیان شوێنگۆڕکێ نەکات و بۆ یەکجارەکی لەم بوونەوەرە جیاببنەوە. ئەم حاڵەتەش لەم ئایینەدا پێیدەوترێت رزگاربوون (النجاة). کە هەمان دەرچوون (الانطلاق)ـی هیندۆسی دەگرێتەوە.

رزگاربوون لەهەموو کێشمەکێشەکانی دونیای فیزیک و میتافیزیک، ئەو رێگا تەسک و باریک و سەختەیە کە کەم کەس دەتوانێت لێوەی دەربازبێت. رزگاربوون، پاککردنەوەی لەش و رۆحە لەهەموو ئارەزووەکان، دەرچوونە لەدووبارە بونەوەی رۆحگۆڕکێ و یاسای دۆناودۆن. مرۆڤ لەم ئایینەدا، وەک ئایینەکانی دیکەی هیندستان بە چاکەکردن لەژیان رزگاری نابێت و هەردەبێت لەدایکبێتەوە، ئەگەر سەرەتا بە هۆی خراپەکارییەوە رۆحی مرۆڤ چووبێتە دۆزەخ یان بەهەشت یان لاشەی گیاندارو رووەک و باڵندەکانەوە، هەر دەبێت ئەو قۆناغانە ببڕێت کە دەیانگەیەنێتەوە سەر وێنەی مرۆڤ، چونکە هەر مرۆڤە دەتوانێت بە هۆی ئەقڵ و توانای بیرکردنەوەیەوە خۆی رزگار بکات، گیاندارەکانی دیکە ئەو خواست و توانایەیان تێدا بەدنیاکرێت. بۆ ئەم حاڵەتەش تەنها گۆشەگیرییە کە رزگاری دەکات. لەسەر گۆشەگیر پێویستە رێزی ژیان پیرۆزترکات و هەموو جۆرە خۆشی و نەخۆشییەک، رق و کینەیەک،

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



خۆشەویستی و بەزەییەک، لەفکرو هۆشیدا نەمێنێت و بە هیچ شتێک بە دونیاوە نەبەسترێتەوەو پەیوەندییەکانی بە دونیای ماددەوە ببچڕێت. نە سەرماو نە گەرما، نەترس و نە ئازایەتی، نە برسێتی و نە تینوێتی و نە تێری، نە بە چاک، نە بە خراپ، هیچ لەمانە کاریان تێنەکات، ئەمەش خۆڕووتکردنەوەیە لەهەموو شتێک.

## سێهەم: خۆ ڕووتکردنەوە

لە ئایینی جینیدا، گۆشەگیر دەبێت رووت بێت و هیچ پۆشاکێک نەپۆشێت. چونکە پۆشینی جلو بەرگ، جۆرێکە لەپەیوەندییەکانی مرۆڤ بە دونیای فیزیکەوە. لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەم حاڵەتەش لەناو خۆیدا دەرکات و ڕووت و قوتی لەش و لاری، لەلا ئاسایی بێت. هەر چەند مرۆڤ هەست بە چاکەو خراپەو شەرم و شکۆ و جوانی و ناشرینی.. هتد بکات، ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە پەیوەندی بە دونیاوە ماوەو ناگاتە پلەی رزگاربوون (موشکا).[27]

سەرەتای هێنانەکایەی رووتکردنەوەی لەش لەهەموو پۆشاکێک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەش پۆشاکی رۆحەو دەبێت هەوڵبدرێت ئەو پۆشاکەش فڕێ بدرێت. جینیی پێیوایە (یەکەمین کەسانێک لەبەهەشت دەرکرابێتن دوانی ڕووتوقوت بوون)[28] (وەک چەمکی ئادەم و حەوا کەبەڕووتی لەبەهەشت دەرکراون). دەبێت سروشتیانە کاربکرێت، ئاسمان و ناوچە سروشتیەکان پۆشاکی لەشن، لەشیش پۆشاکی رۆحە. ئەەی ئەم جۆرە پۆشاکانە لەناو دەبات خۆکوشتنە.

[27] ادیان الهند ص (179)

[28] فلسفة الهند، الرامبوری ص (260)

## چوارهەم خۆکوشتن

خۆکوشتن، یەکێکی دیکەیە لەپلە بەرزەکانی گۆشەگیری، واتە گۆشەگیر بە هەموو شێوەیەک واز لەلەش دەهێنێت و لەسەر حاڵەتێک ئارام دەگرێت کە ئەویش نەخواردن و نەخواردنەوەیە، دوور کەوتنەوەیە لەهەموو ئەو پێداویستیانەی کە لەش دەیەوێت، هەستی برسێتی و تینوێتی و داواکارییەکانی دیکەی لەش، لەخۆیدا دەکوژێت و بە هیچ شێوەیەک بۆیان ناگەڕێتەوەو ئەم شێوە گۆشەگیرییەش بەردەوام دەبێت تا لاشەکە بەرەبەرە، بەرەو سستی و نەمان دەچێت و دەمرێت.

خۆکوشتنی لەم شێوەیە لەئایینی (جینیی)دا، پلەو پایەیەکی زۆر بەرزو رێزدارەو بە یەکێک لەقوربانییە هەرە گەورەکانی مرۆڤ بۆ سروشت دادەنرێت[29]. بۆ ئاسانکردنی ئەم رێگایەش، لەیاسای جینیدا هاتووە کە گۆشەگیر نابێت بکوژرێت، نابێت ئازار بە هیچ گیانلەبەرێکی دیکە بگەیەنێت، دەبێت گۆشەگیرییەک پیادە بکەن کە لەتوانای خۆیاندا بێت. دیارە ئەم قوربانیانە لەئێستاداو لەناو ئەم ئایینە بە رێژەیەکی زۆر زۆر کەم مومارەسە دەکرێت و دەشتوانم بڵێم نەماوە.

### ((ئاجاماس)) کتێبی پیرۆزی جینییەکان

ئاجاماس، واتە : وەسییەتەکان، مانای وەسییەتەکانی ماهاڤیرا دەگەیەنێت، کەهەموو گوتارو وەسییەتەکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی

---

[29] ادیان الهند الکبری، حبیب سعید ص (181)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ماهاڤیرا لەتوێی کتێبێکدا کۆکراونەتەوەو موریدەکانی بەلەشی پاک و پاش خۆشوشتن، دەستی بۆ دەبەن و دەیخوێننەوە.[30]

ئەم کلتورە گەورەیەی جینی، دەماودەم، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوەو لەگەڵ زیادە خستنەسەرو ونبوونی هەندێکیان، لەدوای چەند سەدەیەک، بەتایبەت لەسەدەی چوارهەمی پ. ز، بۆ یەکەمەینجار نوسراوەتەوە.[31] پاشان ئەم کتێبە لەلایەن ئایینزاکانی ئەم ئایینەوە لەساڵی (57)ی زایینیی بۆ جارێکی دیکە چاوی پێدا خشێنراوەتەوەو دەستکاری کراوە[32] و لەساڵانی سەدەی پێنجەمی زایینیدا بەتەواوەتی کۆتایی بەیەکلابوونەوەی ئەم کتێبە هاتووە.[33]

ئەم کتێبە بەزمانی (اردهای مەجدی) نوسراوەتەوە کە یەکێکە لەزمانە ڕەسەنەکانی کۆنی هیند[34] و لەساڵەکانی سەدەی یەکەمدا وەرگێردراوەتە سەر زمانی سانسکرێتی، ئەم شێوە زمانەش سانسکرێتی زمانی ڕەسمی ئەم ئایینە.[35]

**لەفەلسەفەکانی ئەم کلتورە (ئاجاماس)**[36]

**یەکەم : سێ گەوهەرەکە**

---

[30] العقيدة والشريعة ص (79)

[31] اديان الهند الكبرى ص (274)

[32] هەمان سەرچاوە ص (275)

[33] هەمان سەرچاوە ص (280)

[34] فلسفة الهند القديمة ص (181)

[35] هەمان سەرچاوە ص (182)

[36] تەواوی ئەم بەشە لەکتێبی (حكمة الاديان الحية) وەرگیراوە.



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ژیانی دونیا، خەموخەفەت و هیلاکییە، خۆشییەکانی کەمەو تاڵییەکانی زۆرە، ئێمە باشەکانمان دەوێت کەچی خراپەکانمان دێتەرێ، بەختەوەریمان دەوێت، کەچی هەتا مردن حەسرەت دەچێژین، پاشان لەژیانێکدا دەژیینەوە، کەبەدەستی خۆمان بەرهەممان هێناوەو چاکەکانی ئەم بەرهەمانە بەرەو هەڵدێرمان دەبەن، ئەی ئەبێت خراپەکانی چۆن بێت. رارەوی ژیان، بەراشکاوی، زۆربە خێرایی بەرەو مردنمان دەبات. جگە لەفرێدانی پۆشاکەکانی ژیانیش، هیچ چارەسەرێکی دیکە نییە. لەگەڵ ئەمانەشدا شتێک هەیە کە بەژیانەوە دەمانبەستێتەوەو جیهانمان لەبەرچاو خۆش و جوان دەکات، ئەویش غەریزەکانمانەو هەر ئەو غەریزانەشن باوەری خراپ و رەوشتی نابەجێ دروست دەکەن، گێلی و تاریکی بڵاودەکەنەوە، رۆح زیندانیی دەکەن و دەروون بەرەو چەشتنی چێژو خۆشی دەبزوێنن. بەمەش رۆح لەناو مردن و لەدایکبوونەوەدا، لەلەشێکەوە بۆ لەشێکی دیکە دەهێڵێتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە، بە چاودێری عارفان و هیدایەتی ئەوان، لەرێگەی (سێ) وەسیلەوە بەرەو رزگاربوونمان دەبەن کە بە (سێ) گەوهەرەکە ناسراون:

**گوهەری یەکەم : باوەڕی راست**

باوەڕی راست کە لوتکەی رزگاری بوونە، واتە: باوەڕ بەهەموو جینییەکان (هەربیست و چوار جینەکە).

**گەوهەری دووهەم : زانستی راست.**

مەبەست لەزانستی راست، زانینی نهێنییەکانی گەردوونە، لەهەردوو رووەکەیەوە، ماددیو رۆحی، پلەی زانیاریش بەپێوانەی بینین و پاکیی روح پلەکانیش جیاوازییان هەیە، ئەگەر کەسێک، کاریگەری ماددی لەسەر

www.xwdakan.com net org



هێزە رۆحییەکان جیابکاتەوە، دەتوانێت گەردوون لەوێنەی حەقیقی خۆیدا ببینێت و راستییەکانی بۆ دەربکەوێت، پەردەی گومان لەسەر چاوانی نامێنێت و جیاوازییەکانی چاکەو خراپەو گومان و دڵنیایی دەستنیشان دەکات و هیچ شتێک و رووداوێک بەسەریدا تێپەر نابێت. زانستی راستیش، بە بێ باوەڕی ڕاست نابێت.

**گەوهەری سێهەم : ئاکاری ڕاست.**

ئەوکەسەی باوەڕی بەم ئایینە هەیە دەبێت چاکە بکات و لەخراپە دوور بکەوێتەوە، نەکوژێت و درۆ نەکات و دزی نەکات..و.. بەدکردار نەبێت، لێبووردنی هەبێت و لەئاست خاوەنداریێتی خۆیدا گۆشەگیر بێت. ئاکاری راستیش، لەزانستی ڕاست و باوەڕی ڕاستییەوەیە.

ئەم سێ گەوهەرە بەبێ یەک تەواو نابن و هەرسێکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

## دووهەم
## بنەما سەرەکییەکانی پاکبوونەوەی رۆح

جینییەکان، حەوت رێگەی سەرکییان بۆ پاکبوونەوەی رۆح لەسەر باوەری خۆیان دیاریکردووە، ئەم بنەمایانەش بەگەورەترین باوەری جینی دەژمێردرێت.

**یەکەم:** وەرگرتنی پەیمان و پەیمانبەستن لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئەم ئایینە کە بە هەموو شێوەیەک ئاکاری چاک بنوێنن و لەهەموو خراپەکارییەک دوور بکەونەوە.

**دووهەم**: تەقوا، پارێزگاری کردن لەدوور خستەنەوەی خود لەهەموو هەڵسوکەوتێکی نابەجێ، هەرچەندە زۆر بەکەمیش بێتە هۆی ئازاردانی کەسێکی دیکەو هەرچەندە کەسەکانیش دوژمنی زلهێزبن.

**سێهەم**: کەمکردنەوەی کردارو هەڵسوکەوتی رۆژانە، کەمکردنەوەی قسەو گوێگرتن، خۆپاراستن و کەمکردنەوەی بیرکردنەوە لەکارەکانی دونیاو خۆشییەکانی لەش.

**چوارهەم**: کارکردن بە دە (10) رێچکەی سەرەکی کە تەواوکەری گەیشتنی مرۆڤە بۆ رزگاربوون لەهەموو کۆتوبەندەکانی مانەوە لەژیاندا، ئەو (دە) رێچکەیەش، ئەمانەن:

لێبوردن، راستگۆیی، خۆراگرتن، پاکوخاوێنی، خۆبەکەمزانین، پشتگوێ خستنی دونیا، گۆشەگیری، دوورەپەرێزی لە ئافرەت، رێکرەوی، هێوری.

**پێنجەم**: بیرکردنەوە لەراستی، بەهۆی پێنج هەستیارە مادییەکەوە درکی پێدەکرێت. بینین، بیستن، تام، بۆن، لەمس. هەندێکی تریشیان تەنها لەرێگەی رۆحەوە درکی پێدەکرێت.

**شەشەم**: زاڵبوون بەسەر تەنگاوییەکانی ژیاندا کە بەهۆی چێژ و خۆشییەکانەوە دروست دەبن. وەک برسێتی و تینوێتی، سەرماو گەرما، غەریزە جنسییەکان و..تاد.

## سێهەم

## پلەکانی زانست

بەپێی سەرچاوەکان، فەلسەفەی زانست لەلای جینییەکان دەبێت بە پێنج بەشەوە. ئێمەش لێرەدا زۆر بە کورتی دەیانخەینە روو.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



1- بەدوو ڕێگە هەست بەدەوروبەر دەکەین، یەکێکیان لەڕێگەی هەستوەرەکانەوە، ئەوەی تریسیان لەڕێگەی ڕۆحەوە. هەرشتێکیش نەتوانرا پیناسە بکرێت، واتە بوونی نییە.

2- ئاجاماس، کتێبی پیرۆزی جینییەکان، هەموو شتێکی باس کردووە، بە درێژی و بەپانییەوە، بەبەرزیو نزمییەوە، بەتەڕو وشکیەوە، بە بینراوو نەبینراوەوە، بەبچوک و گەورەوە، و، تاد. کەواتە ئەم کتێبە گەورەیە، یەکێکی دیکەیە لەسەرچاوە زانستییەکان و لەم جیهانەدا شتێک نەماوە کە زانستییانە باسی لیوە نەکردبێت.

3- توانای کارەکانی ڕۆح و زانینەکانی ڕۆح، تەواوکەری زانینەکانی پێنج هەستیارەکانی دیکەی مرۆڤە، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ببێتە خاوەنی ڕاستی و زانینەکان، دەبێت ڕۆحی پاک بکاتوە، چونکە ئەگەر ڕۆح پاک نەبێتەوە ناتوانرێت زانینەکانی لێدەربهێنرێت.

4- توانای کاری هەستیارەکانی لەشی مرۆڤ، سنووردارن و زیاتر لەڕێی کارەکانی خۆیان و هەڵچوونەکانی ویژدانەوە دەجوڵێن، بەڵام ئەم هەستیارانە، کەبنەمای زانستە مادییەکانن و دەبێت پەنای یەکجارەکی بۆ ببرێت و پەرەیان پێبدرێت.

5- زانستێکی دیکە لەپشت هەموو ئەمانەوە هەیە، باڵاترین زانستەو تەنها ئەوانە فێری دەبن کەبەتەواوەتی و هەتا لوتکە گۆشەگیر دەبن.

**پاشینە**

هەتا ماهاقیرا لەژیاندا بوو، شوێنکەوتوانی تەنها (یەک) گروپ بوون.[37] بەڵام لەدوای مردنی ئەو بوونە دوو بەشی سەرەکی واتە بوونە دوو مەزهەب:

[37] ادیان الهند ص (126)

یەکەمیان: (سڤیتامبار) واتە: خاوەنی پۆشاکە سپییەکان. یاخود ئەو کەسانەی کەبەرگی سپی دەپۆشن.

دووهەمیان: (دیگامبارا) واتە: خاوەنی پۆشاکە ئاسامانییەکان. یاخود ئەو کەسانەی کە ئاسمان بە پۆشاکی خۆیان دەزانن. (مەبەستیان لەوانەبوو کە لەگۆشەگیریدا خۆیان رووت دەکردەوە).[38]

هۆکاری جیابوونەوەی ئەم دوو گروپە، یان ئەم دوو مەزهەبە تەنها لەمەسەلەی گۆشەگیری و پشتگوێ خستنی دونیادا بوو نەک شتی دیکە، هیچ کێشەیەکی دیکەی تریان نەبووەو لەسەر هەموو خاڵاوبەندەکانی کتێبی پیرۆزیان هاودەنگن.[39]

پێشتریش باسمان لەوەکرد، کەتەنها دووچین لەم ئایینەدا هەیە، چینی گشتی و چینی تایبەت. هەرچی چینە تایبەتەکەبوو، بەهۆی یاریدەدەری چینە گشتییەکەوە ژیانیان دەچوو بەرێوەو پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەبووە. ئەم دوو مەزهەبەش بەهەمان شێوە پەیوەندییەکی توند لەنێوانیاندا هەبووەو چەمکی پۆشینیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەخستۆتە نێوانیانەوە، بەڵام بەهۆی روداوی گرنگ و وشکە ساڵییەوە، شوێنەکەوتوانی ئەم ئایینە دابەشی ناوچەی جیاجیای هیند بوون و بەمەش دوو کەسی ناوداری ئایینزا دەرکەوتن.

یەکەم: بادرا باهو

دووەم: ئەستۆڵ بادرا.[40]

کەهەریەکەیان سەرۆکایەتی رێورەسمی ئەم ئایینەیان لەدەڤەرەکەی خۆیاندا بەرێوەدەبرد.

لەنێوان بەرێوەچوونی ئەم دووئایینزایەدا، رێورەسمی ئەم ئایینە لەگۆشەگیرییەوە گۆڕدرا بۆ بەرێوەچوونی ژیان. !!زۆرینەی شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە بەهۆی ئەوەی کە نابێت ئەزیەتی گیانلەبەر بدەن و هیچ رۆحێک بکوژن، وازیان لەهەندێک کاری وەک کشتوکاڵ و

---

[38] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

[39] فلسفة الهند ص (81)

[40] العقيدة والشريعة ص (89)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئاژەڵداری هێناو روویان لەکاری بازرگانی و ئیشی هونەری‌و خۆشدەستی کرد. وەک بیناسازی و ئاڵوگۆڕکردنی پارەو زۆر شتی تر.[41] یەکێک لەکارە هەرە دیارەکانی شوێنکەوتوانی ئەم ئایینە، هونەری خوشدەستییە، یاخود تەڕدەستی (سحربازی) کە رەنگە ژمارەی جۆری ئەم هونەرە خۆی بدات لەهەزارها جۆرو لەبازارەکاندا ژیانی رۆژانەیان پێ دەبەنەسەر. بەم شێوەیەش زۆرینەیان ببوونە دەوڵەمەنترین کەسانی ناوچەکە.

دروستکردن و جوانکردنی پەرستگاکانی ئەم ئایینە، یەکێکە لەئەرکە پیرۆزەکانیان.[42] لەبەر ئەوە دەبینین پەرستگایەکی زۆری ئەم ئایینە هەیەو بەجوانترین شێوە دروستکراون و هەڵکوڵین و جێپەنجەی ئەوانی پێوە دیارە. غوستاف لیبون دەڵێت: هیچ ئایینێک بە پێوانەی ئەم ئایینە، پەرستگای پر لەنەقش و نیگارو دەستڕەنگینی نەبووە.[43] لەگەڵ ئەوەشدا بوارەکانی رۆشنبیری بە بەربڵاوی تێدا دەبینرێت و هەتا ئەم مێژووەش ئەم ئایینە وەک دەسەڵات بەکارنەهێراوەو باوەڕدارانی ئەم ئایینە دوژمنی سەرسەختی بەرێوەچوونی دەسەڵات بوون.

## ئاینی مەسیحی

### ئەفسانەی پێشینەی مەسیح

زەکەرییاو عەمران، دوو کەسی ناوداری ناو ئیسرائیلییەکان بوون، زەکەرییا، پەیامبەری خواو عەمرانیش کابرایەکی بازرگانی دەوڵەمەندی خواناس بوو، ئەم دوانە، هەر بە گەنجێتی ژنیان هێنابوو بەڵام هەتا

[41] حضارة الهند ص (201)
[42] هەمان سەرچاوە ص (215)
[43] هەمان سەرچاوە ص (223)

تەمەنی پیری منداڵیان نەبوو. بۆیە هەمیشە دەپاڕانەوە بەڵکو خوای گەورە لەو تەمەنەیاندا سەرو منداڵیان پێببەخشێت، زەکەریا هەردەپاڕایەوە، عەمرانیش نەزری کردبوو، گەر خوا کوڕێکی پێببەخشێت یەکسەر دەیباتە ((بیت المقدس)) و هەتا مردنی خزمەتی ئەو ماڵە پیرۆزەی پێبکات.

خوا پاڕانەوەکەی عەمرانی وەرگرت و زکی ژنەکەی پڕکرد. پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت، عەمران مردو دوایش منداڵە لەدایکبوو بەڵام کوڕ نەبوو، بەڵکو کچ بوو. لەبەر نەزرەکەی عەمرانیش ناردیانە ((بیت المقدس))و لەلای زەکەریا مایەوەو ناویان نا مەریەم.

ئەم کچە هەتا گەورە دەبوو، خزمەتی زیاتری ماڵ و زەکەرییاو ژنەکەی زەکەریای دەکردو ((بیت المقدس)) هەمیشە پاک و خاوێنی پێوە دیار بوو. مەریەم لەگەڵ گەورە بونیدا، کاری سەیرو سەرسوڕهێنەری لێدەبینرا. زەکەریا لەم کارانەی مەریەم زۆر سەری سوڕمابوو، چونکە مەریەم دەیتوانی هەموو جۆرە میوەیەک لەپڕتاو دروستبکات. هەر کاتێک بیویستایە میوەی دەهێنا، زستان بوایە یا هاوین، بەهار بوایە یا پایز، باکی نەبوو. جاری وا هەبوو میوەی زستانەی لەهاوین یاخود میوەی بەهارەی لەپایزدا دەهێنا. خۆشی بۆ هیلاک نەدەکرد، ژورێکی هەبوو بە تەنیا هی خۆی بوو، دەچوە ژوورەوەو پاش کەمێک بە باوەشێ میوەوە دەهاتە دەرەوە.

رۆژێکیان زەکەریا لێی پرسی بوو کە چۆن دەتوانێت ئەو کارە بکات، مەریەمیش لەوەڵامدا پێیدەڵێت، لەخواوە بۆی دێت.[44]

زەرکەییاش ئەم حاڵەتەی لەلا روون بوو، چونکە خۆی پەیامبەر بوو دەیزانی ئەم جۆرە موعجیزانە لەکوێوە سەرچاوەدەگرن، لەبەر ئەوە زۆر بە رێزەوە تەماشای مەریەمی دەکرد، چاودێری مەریەمی کرد تا گەورەبوو وەختی شوکردنی هات، کوڕێکی گەنجی دارتاش بەناوی یوسف هاتە داوای و پێی بەخشی.

---

[44] ال عمران 34-37 و 44



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

زەکەرییا، هەتا ئەوکاتەش وەجاخی کوێر بوو هیچ منداڵێکی نەبوو، خۆیی و ژنەکەی ((یەصابات)) تەواو پیرببون و هیچ هیوایەکی ئەوتۆیان نەمابوو کە ئیتر منداڵێکیان ببێت، بەڵام رۆژێک، فریشتەیەک هاتە لای زەکەرییاو پێیوت: مژدەت لێبێت، خوا کوڕێکی پێبەخشیت و ناوی دەنێیت یەحیا.[45]

زەکەرییا دڵی زۆر خۆشبوو. نەزری کرد کە کوڕەکەشی وەک خۆی هەمیشە خزمەتکاری ئەوماڵەبێت. پێش ئەوەی یوسف، مەریەمی دەزگیرانی بگوازێتەوەو بچنە ژیانی ئاسایی خۆیانەوە، رۆژێک یەکێک لەفریشتەکانی خوا، هاتە لای مەریەمی تاک و تەنیا لەژوورەکەی خۆیداو پێیوت:

مەپەشۆکێ، من نێرراوی خوام و هاتووم پێت رابگەیەنم کە خوا کوڕێکی زیرەک و لێهاتووی پێبەخشیویت.

مەریەم هاواری کردو وتی:

من منداڵم لەکوێبوو؟ لەکاتێکدا هێشتا کچم و کەس دەستی بۆنەبردووم؟!

فریشتەکە پێیوت، بەڵێ وایە، لەلای خوا ئاسانەو ئەمەش دەکەینە بەڵگەیەک بۆ خەڵکی و ئەم کارەش هەر لەئەزەلەوە خوا ویستویەتی و هەروا دەبێت. ئینجا فریشتەکە لێیهاتە پێشەوەو فوویەکی کرد بەناو سنگیداو بەم (فووە) زکی مەریەم پڕبوو.[46]

## ئەفسانەی چاوەڕوانیی

یەهودییەکان، بەپێی نوسینی تەورات و پێشبینی پەیامبەرەکان، لەوە دڵنیابوون کە خوا (یەهو) لەکاتێکی زۆر پێویست و ناسکدا پەیامبەرێکی دڵسۆزیان بۆ دەنێرێت و ئاشتی و برایەتی بڵاو دەکاتەوەو خەڵکی لەگوناهەکانی رزگاردەکات.

[45] ئینجلیی لوقا 1: 13

[46] مەتتا 1 :18 – 25 لوقا 1: 27-38



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئەم فریادڕەسە، لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە هەر لەدێر زەمانەوە ناویان نابوو (مەسیح) واتە هەڵبژێردراو.[47] لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا یەهودییەکان بەدەست دەسەڵاتدارانی رۆمانەوە نارەحەتی زیاتریان دەچێشت. بەپێی پێشبینییەکانی دانیالی پەیامبەر، ئەم مەسیحە کاتێک دەردەکەوێت کە گەلی (یەهو-خوا) لەنارەحەترین ژیان و حاڵدا دەبن، بۆیە لەلای ئەوان، زەمەن، زەمەنی دەرکەوتنی ئەو مەسیحە بوو تا لەدەست ئەو جەورو ستەمەی ساڵەهایە پێوەی دەناڵن، رزگاریان ببێت. کاتێک لەناو خۆیاندا باسیان لەمەسیح دەکرد، چەندەها پرسیار ئاڵوگۆڕ دەکرا:

- ئایا مەسیح چۆنە؟
- خەڵکی بە چ نیشانەیەکدا دەیناسنەوە؟
- ئایا لەدایکدەبێت، یا لەئاسمانەوە، لەنێوان هەورەکانەوە دادەبەزێت؟
- ئەی لەکوێدا دەردەکەوێت.
- لەرۆژهەڵات؟، لەرۆژئاوا؟، لەباکوور؟، لەباشوور؟
- هەندێکیان دەیانوت:
- لە لوتکەی چیاوە دەردەکەوێت و لەگەڵ ئێلیای پەیامبەرو کۆمەڵێک فریشتەدا، ئەم گۆی زەوییە لەئازارەکانی ڕزگار دەکەن.
- لەگەڵ هەور پەیدا دەبێت و لەئۆرشەلیم دادەبەزێت.
- لەناو خۆماندایەو لەپڕ خۆی ئاشکرا دەکات.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕامانە تازانەدا، هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە هاتنی ئەو مەسیحە لەکاتی خۆیدایەو بەم زووانە دەردەکەوێت.[48]

---

[47] العهد القدیم - سفر دانیال

[48] قصة الدیانات - سلیمان مظهر ص -376-377 بە کورتکراوەی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## ئەفسانەی لەدایکبوون

زکپڕبوونی مەریەم، دەنگی دایەوەو کەوتە دەمی زۆرینەی خەڵکی ناوچەکەو بەم شێوەیەش چەندەها ناوو ناتۆرەی ناشرین و خراپیان خستە شوێنی، لە هەر شوێنێک دەرکەوتایە، بە چاوێکی بێزەوە تەماشایان دەکرد، ئەم حاڵەتەش کاری کردە سەر یوسفی دەزگیرانی و بڕیاریدا وازیلێبهێنێت، بەڵام شەو لەخەودا پێیانوت: بەجێیمەهێڵەو بڕۆن لەو شوێنەش کۆچبکەن.

یوسف، کەسێکی پاک و هەژارو رەوشت جوان و خواناس بوو، ئەم خەوەی بەکەم نەزانی و پەلی مەریەمی گرت و لە(بیت المقدس) چونە دەرەوەو لەشاری ناسیرە، لەخانویەکی تەپیودا نیشتەجێبوون. هەر لەو خانووەدا مانەوە هەتا منداڵەکەیان لەدایکبوو، ناویان نا (عیسا)، واتە خوا رزگارکەرە.[49] شەش مانگ بەر لەدایکبوونی (عیسا)، زەکەرییاش کوڕێکی بوو ناوی نا (یەحیا).[50]

لەدایکبوونی عیسا بووە هۆی دروستبوونی هەزاران تانەو تەشەرو بەگژاچونەوەی هەزاران کەس بەرووی مەریەمدا.

پێیاندەوت:

- تۆ، زۆر خراپت کردووە.
- تۆ، نە دایکت خراپ بوو نە باوکت.
- ئەگەر باوکت بمایە، وازی لەهەموو ماڵ و سەروەت و سامانی خۆی دەهێناو سەری خۆی هەڵدەگرت.

لەم قسانەو زۆری تریش، مەریەمیش بەم حاڵ و قسە ڕەقانە باش تێدەگەیشت و دەیزانی وای لێبەسەردێت، چونکە لەکاتی لەدایکبوونی عیسادا وتبووی:

---

[49] وشەی عیسا، لە (ئیسوب) ی یونانییەوە هاتووە، (یەشووع)

[50] لوقا 1: 57 -63

- خۆزگە بمردمایەو ئەمەم نەدیبایە.

لە نارەحەتی مەریەمدا، ڕۆژێک عیسا بەو کۆرپەلەییەی خۆی لەرووی خەڵکانێکی زۆردا هاتە گۆو وتی:

من کۆیلەی خوام و کتێبی پێبەخشیم و کردمیە پەیامبەر، وایلێکردم لەهەر شوێنێک بم پیرۆز بم، پێی ڕاگەیاندووم، هەتا لەژیاندا بم، نوێژ و ڕۆژووی بۆ بگرم و ڕێز لەدایک و باوکم بگرم، سڵاو لەو ڕۆژەی لەدایکبووم و لەو ڕۆژەی دەمرم و لەو ڕۆژەش کە زیندوو دەبمەوە.[51]

هەڵوێستی خەڵکی لەمەڕ دونیای میتافیزیک، هەمیشە سێ جۆرە، یان ئەوەتا باوەڕ دەکەن، یا ڕەتی دەکەنەوە، یا بە گومان دەبن. ئەو ڕۆژە کەمیان باوەڕیان بەم قسانەی عیسای کۆرپەلە کردو زۆریان گومانیان لەلا پەیدابوو، دەیانوت: ئەمە سیحرەو بوختانی گەورەشیان بۆ مەریەم هەڵبەست.

## ژیانی عیسا

ئەو کاتەی کە عیسا لەدایکبوو، قیصر اغسطس پاشای گەورەی یەهودو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان بوو، کەسێکی زۆرخراپ و هەمیشە سەرخۆش بوو، لەگەڵیدا مەلیک هیرۆدی حەفتا ساڵە یارمەتی دەداو دەسەڵاتێکی چاکی بەسەر ناوچەکەی عیسادا هەبوو، ڕۆژێک، یەکێک لەپیاوەکانی، هاتە لای مەلیک هیرۆدو پێیوت:

- گەورەم، سێ زانای خواناسی فارسی، هاتونەتە ئۆرشەلیم و دیاریی چاک و بەنرخیان پێیەو پرسیاری منداڵێکی تازە لەدایکبوو دەکەن کە لەپاشە ڕۆژدا دەبێتە پاشای هەموو جیهان.

---

[51] مەتتا 1: 18 -25لوقا 1: 27 -28



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

پاشا بەم هەواڵە تێکچوو، پێشتریش هـەواڵی نزیکبوونـەوەی دەرکـەوتنی مەسیحی بیستبوو، بۆیە فەرمانی دەرکرد هەرچی زووترە ئەو سێ کەسـە بهێنن تا بیانبینێت. کە هێنایانن، هیرۆد لێیانی پرسی:

- بە چ بەڵگەیـەک دەزانـن ئـەو منداڵـەی ئـەمڕۆ لـەدایکبووەو لـەم ناوچەیەدایە دەبێتە پاشای هەموو جیهان؟؟.

لە وەڵامدا پێیانوت:

- ئەستێرەیەکی پرشنگدارمان لەرۆژهەڵاتەوە بینی و دوایکەوتین هەتا ئێمەی گەیاندۆتە ئێرە، هیرۆد پێیوتن:
- بڕۆن و ئەو منداڵە بدۆزنەوە کە دەبێتە پاشای یەهودو جیهان. ئەگەر دۆزیتانەوە، هەواڵم بدەنێ، تا منیش بێم و کڕنووشی بۆ ببەم.

میوانەکان هەڵسان و لەشوێنێکی شارەکەدا مانـەوە هـەتا شـەو داهات و ئەستێرە پرشنگدارەکەیان بینیەوەو دوایکـەوتن تـا گـەیشتنە ئـەو شـوێنەی کــە عیســای تێــدابوو. چونــە ژوورەوەو پێکــەوە کڕنوشــیان بــۆ بــرد. دیارییەکەیان داناو رۆشتن و ونبوون و کەس نەیبینینەوە.[52]

پاشا زۆر چاوەڕێی سێ میوانەکەی دەکرد. لـەم لاشـەوە یوسـفی مێردی مەریەم لەخەوێکدا پێیانوت:

- هــەســتە، خــۆت و ژنــەکــەت و منداڵــەکــەت، ئێــرە جێبهــێڵن و ڕووبکەنە مصر.

بەیانی لەگەڵ بەخەبەرهاتنەوەیان، یەکسەر خۆیان پێچایەوەو خۆیـان لـەو ناوچەیەدا ونکرد.

کە هێرۆد بە نەهاتنەوەی سـێ نـەناسـراوەکە دڵنیـابوو، فـەرمـانی دەرکـرد هـەر منداڵێـک لـەو تـەمـەنـەدا بێـت، هـەتـا دوو سـاڵان، بکـوژرێن، بـەڵام ئـەم

[52] قصة الديانات – سليمان مظهر ص 382 –38 بە کورتکراوەی. هەندکیک سەرچاوە دەڵێن ئەو سێ کەسە کوردو لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون, لە کورردستانە بەرەو ئەوێ چوون

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

فەرمانە زۆری نەخایاندو پاش دوو ساڵ هێرۆد مردو خێزانی عیساش گەڕانەوەو لەناسیرە نیشتەجێبوون.

ژیان، هاتوچوو، ئەم خێزانە بچووکە بە هەژاری و نەداری ژیانیان بردە سەرو عیساش هەر بە منداڵی بەکەسێکی زیرەک و لێهاتوو، دەمپاک، هێمن و ئارام، قسەزان و پاکوخاوێن، ناوی دەرکردبوو، هەموو کەس خۆشیدەویست، دڵی کەسی زویر نەدەکردو دەنگی لەئاست هیچ کەسێکدا بەرز نەدەکردەوە، خەڵکی لەبەر ئەم رەفتارانەو زۆر رەفتاری دیکەی چاک، عیسایان زۆر خۆشدەویست. زوو زوو دەچووە کەنیسەو گوێبیستی (حاخام هلیل) ئەبوو زۆری لێوە فێربوو. رۆژێکیان لێی پرسی:

- ئایا دەتوانی هەموو شەریعەتەکانی تەوراتم پێبڵێیت، لەکاتێکدا من لەسەر یەک قاچ وەستابێتم؟

پێیدەڵێت:

- کارێک بە خەڵکی مەکە کە خۆت حەزی لێناکەیت.

کە تەمەنی گەیشتە 12 ساڵی، دەبوایە وەک هەموو منداڵێکی تر بچوایەتە ئۆرشەلیم، تا حەجی بکردایەو فێری شەریعەتی تەورات ببوایەو نویژ و رۆژووی بگرتایە. لەخەیاڵ و خەونی عیسادا، ئۆرشەلیم شاری شاران بوو، یەکەم جار کە رووی تێکرد، وای دەزانی دەچێتە شارێک هەرچی نورو بەزەیی و مژدەی خوا هەیە بەسەریدا دەبارێت، بەڵام، کەچووە ناوی و دەوروبەری ماڵی خوای بینی کەپڕە لەپیس و پۆخڵی و شتومەکی بازرگانی و وەک تەویلە ئاژەڵی تێدا بەستراوەتەوە، زۆر نارەحەت بوو، پاش حەجکردنی هەر زۆر بە زوویی گەڕایەوەو شاری شاران لەکەللەیدا نەما.[53]

لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە تا سی ساڵی، بێجگە لەوەی کە یوسفی باوەپیارەی دەمرێت و عیساش بەکاری دارتاشیەوە خەریک دەبێت، هیچ شتێکی دیکەی وەها گرنگ لەژیانی نەزانراوە.

---

[53] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 388 بەدەسکارییەوە

لەو سەردەمانەدا یەحیای کوڕی زەکەرییای پەیامبەر، یەحیای خزمی عیسا کە دایکی پوری مەریەم بوو، کەسێکی نێراوی خواو باوەڕدارێکی ناسراوو داوێنپاک و بەسەلیقەبوو پێیان دەگوت یەحیای لەئاوهەڵکێش (یوحنا المعمدان). لەو کاتەوەی کە زەکەرییای باوکی مردبوو، ئەم لەرووباری ئوردون خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشا، بەو نیازەی لەگوناهەکانیان پاک ببنەوەو ببنە جولەکەیەکی باشی لەخواترس. خەڵکانێکی زۆر روویان تێدەناو بە دەستی پیرۆزی یەحیا، خۆیان لەئاوەکە هەڵدەکێشا، ناوبانگی یەحیا پەرەی سەندبوو، دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە بانگیان کردو پێیان وت.

- تۆ مەسیحی چاوەڕوانکراوی؟

پێیوتبون.

- نەخێر، من، ئەو نیم، لەدوای من ئەو دێت و زۆر لەمن بەتواناترە، یەکێکە تەنانەت شایانی ئەوەنیم قەیتانی پێڵاوەکانیشی بکەمەوە، من، لەئاوهەڵتاندەکێشم، بەڵام ئەو لەرۆحی پیرۆز هەڵتاندەکێشێت.[54] هاتنی ئەویش نزیکبۆتەوە.

ناوبانگی یەحیا، گەیشتە عیساو مەریەمی دایکی عیسا، حەزی کرد بچێتە لای تا لەئاوی هەڵکێشێت. دایکیشی پێیوت کە یەحیا، کوڕی یەصاباتی پوریەتی،

عیسا، رۆشت و گەیشتە ئەریحاو ئاوەکەی ئوردن. بینی، کەسێکی جوانی ریش درێژی تەمەن سی ساڵە، خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشێت بۆیدەرکەوت کە ئەوە یەحیایە، لەگەڵ خەڵکەکەدا ریزی بەست، تا نۆبەی هات. یەحیا سەری هەڵبڕی کە چاوی بە عیسا کەوت، وتی:

- من، پێویستیم بەوە هەیە لەسەر دەستی تۆدا لەئاو هەڵبکێشرێم، کەچی تۆ دێیت بۆ لای من؟

[54] * مەرقوس 1 :8: 7 * مەتتا 3: 11

- عیسا پێیوت: ئێستا، باوابێت، تا هەموو راستییەکان دەردەکەون.
- ئینجا یەحیا رازی بوو، دەستی خستە سەر شانی عیساو کردی بەناو ئەوەکەداو هێنایەوە دەرەوە. لەم کاتەدا، ئاسمان شەقی بردو رۆحی خوا، لەشێوەی کۆترێکدا هاتە خوارەوەو لەسەر عیسا نیشتەوەو دەنگێک لەئاسمانەوە وتی:
- ئەمە رۆڵەی خۆشەویستمە، ئەو رۆڵەیەی زۆر پێی دڵشادم.[55]

## پەیامبەریتی

ئەم بەسەرهاتە سەیرو دیمەنە پڕ بەهایەی دنیای مەسیحی لەتەمەنی سیساڵیدا بوو، عیسا بەرەو بیابان رۆشت، بە تەنیاو بێ نان و ئاو، چل رۆژ و چل شەوی بەسەر برد، زۆرینەی کاتەکان لە کرنوشدا بوو. کەس نەیبینی و کەسیشی نەبینی، وەک بڵێی لەم دنیایەدا نەدەژیا. تەنها لاشەی هەبوو، دەنا هەست و رۆحی کەس نەیدەزانی لەکوێن و چیدەکەن.

دیارە شەیتان ئەم حاڵەی عیسای زۆر پێناخۆشە، هاتە لایی و وتی:

- چی دەکەیت؟، بۆ ناچی وەک هەموو کەسێکی تر بخۆیت و بخۆیتەوە، بخەویت و حەز و ئارەزووت هەبێت
- من رۆڵەی خودام، من جودام.
- ئەگەر رۆڵەی خودایت، بەم بەردە بڵێ ببە بەنان.
- بە تەنها نان ناتوانێت مرۆڤ بژێنێت، بەڵکو بە هەموو ئەو وشانەی کە لەدەم خواوە دەردەچن.

[55] (12) *یوحەننا 1: 19–34 *لوقا 3: 21–22
* مەتتا 3: 14– 17 * مەرقوس 1: 9–11



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

- ئەگەر ڕۆڵەی خودایت، لەشوێنێکی بەرزەوە خۆت فڕێدەرە خوارەوە. مەترسە، چونکە فریشتەکان دێن و دەتگرنەوەو نایەڵن ئازارت هەبێت.
- نوسراوە، خودای خۆت تاقی مەکەرەوە.

ئینجا، عیسا دەباتە شوێنێکی زۆر بەرز و هەموو مەزنێتی و پادشاهێتی جیهانی پیشاندەداو پێیدەڵێت:

- ئەوەی بە چاو دەیبینی و هەستی پێدەکەیت، پێتدەبەخشم بەمەرجێک کڕنوشم بۆ ببەیت.

عیسا پێیوت:

- بڕۆ ئەی نەفرەت لێکراو، نوسراوە، کڕنووش تەنها بۆ خودا دەبرێت.

ئینجا شەیتان ملی کەچ دەکاو سەریخۆی هەڵدەگرێت و فریشتەکان زەماوەند دەگێڕن.[56]

## کوشتنی یەحیا (یۆحەننا)

یۆحەننا لەو کاتەدا، پەیامبەرێکی مەزن و ڕاستڕەوێکی سەردەمەکەی خۆیبوو، بەبێترس هەرچییەکی بویستایە، دەیکردو دەیوت. ترسی لەهیچ کەسێک نەبوو، نە لەپاشاو نە لەدەسەلاتەکانی. هیرۆدۆس کە ئەو کاتە حاکمی فەلەستین بوو، لەگەڵ برازاکەی خۆیدا (هیرۆدیا، کچی براکەی) دەکەوێتە خۆشەویستییەکی قوڵەوەو چەند جارێک باسی ئەوەی کردبوو کە دەیەوێت بیکاتە ژنی خۆی. ئەم هەواڵە گەیشتە یۆحەنناو ئەویش ڕایگەیاند کە نابێت بە هیچ شێوەیەک هیرۆدۆس ئەو ژنە بهێنێت، چونکە برازایەتی و برازاش لە مام، حەرامە، ئەمەش شەریعەتی خوایەو نابێ لێی

[56] (13)لوقا 4: 1- 13 مەتتا 4: 1-11

www.xwdakan.com net org

لا بدەین. دایکی کچە، زۆرحەزیدەکرد کچەکەی بداتە هێرۆدۆس و دەیوت: تف لەشەریعەت، کچەکەم حەزی لەوەو ئەویش حەزی لەکچەکەمە، هەردەبێت بۆ ئەو بێت.

هەموویان دەیانزانی کە هەتا یۆحەننا مابێت، نایەڵێت ئەم کارەیان سەر بگرێت، بۆیە دایکی کچە پیلانێکی دروستکردو کچەکەی بە جوانترین شێوە رازاندەوەو ناردیە لای مامی. کە هیرۆدوس کچەی بینی، ئەوەندەی تر گڕی تێبەربوو، داوایکرد کە لەگەڵی رابوێرێت. کچەش وتی داواکارییەکم هەیە، ئەگەر جێبەجێتکرد، ئەوە نەک ئێستە، بەڵکو هەتا مردن خۆمت پێشکەش دەکەم، هێرۆدۆسیش کە بۆ ماچێکی کچەکە شێت بووبوو، پەیمانی پێدا هەر چییەک داوابکات هەر ئەو کاتە بۆی جێبەجێدەکات، ئەویش زۆر بە ئاشکرا داوای سەری یۆحەننای کرد. بە فەرمانی هێرۆدۆس، سێ کاتژمێری نەخایاند، یۆحەننایان سەربڕی و (سەر)ەکەیان لەسەر سینییەک هێنایە ناو کۆشکەکەوە.[57]

### پەیامبەرێتی عیسا

کاتێک عیسا هەواڵی کوشتنی یۆحەننای بیست، لەچۆڵایی بیابان پاشەکشێی کردو هاتەوە ناو خەڵکی، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن مرۆڤایەتی و دادپەروەری و ئاشتی بکاتە هەوێنی ژیان. کەچی خەڵکی تانەو تەشەریان لێدەدا!

- ئەوە کوڕەکەی یوسفی دارتاش نییە؟
- نەخێر، کوڕی مەریەمە، ها،ها،
- عیساش دەیوت:

[57] المسيح ،كتاب هداة الانسانية – د. عبد العزيز عبدالمجيد
بيروت لبنان – الطبعة الثانية سنة 1991 ص 142

- پەیامبەر، لەناو ماڵ و نیشتمانی خۆیدا کەرامەتی نییە.[58]

لەو رۆژەوە عیسا گۆڕا. وەک کەسێکی ئاسایی دەرنەئەکەوت و گوێی بە تانەو تەشەر نەدەدا. وەک هەموو پەیامبەرانی تر کەوتە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی و وەک هەموو پەیامبەرانی دیکەش گیروگرفتی توش دەبوو.

یەکەم کاری پێیهەڵسابێت و خەڵکی گوێ بۆ قسەکانی شلبکەن، لەئۆرشەلیم لەبەردەم (بیت المقدس)دا بوو کە هاواری کرد: هەرچی کەلوپەل و ئاژەڵ و پیس و پۆخڵی لەو ناوەدا هەیە، لاببرێت و شوێنە ماڵی خوا دەبێت پاک بێت.

هەرچەندە ئەم هاوارە پیاوە دینییەکان و دەوڵەمەندو بازرگانەکانی نارەحەتکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لێی کۆببونەوە، هیچیان پێنەوت و عیساش بۆ ماوەیەک قسەی بۆ خەڵکەکە کرد.

لەمەوە وردە وردە خەڵکی دوای کەوت، لەوانە شەمعون و ئەنداوسی برای کە پیشەیان ڕاوەماسی بوو، یاقوبی کوڕی زەبدو یۆحەننای برای، فیلیبس، برسۆلماوس، تۆما، مەتتای عەششار، یاقوبی کوڕی حەلەفی، لەبباوس، سەمعان، یەهودای ئەسخەریوطی، زۆری تر، بەڵام ئەم دوانزە کەسە، هەڵبژێراوی خۆی بوون.[59]

## وتاری سەرچیا

وتاری سەرچیا، وتارێکە کە عیسا لەبەردەم سەدان کەسی شوێنکەوتوی خۆی، لەسەر یەکێک لەچیاکان رایگەیاند پێی وتبوون:

خۆزگە دەخوازێت بەوانەی لەرۆحدا هەژارن، چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە، خۆزگە بە لێوبەبارەکان دەخوازرێت، چونکە دڵنەوایی دەکرێن،

---

[58] قصة الديانات –سليمان مظهر ص 393

[59] *مەتتا 4: 18 –22 *مەرقوس 1: 14–20 *یۆحەننا 1: 35–51



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

خۆزگە بەدڵنەرمەکان دەخوازرێت، چونکە زەوی بە میرات بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، خۆزگە بە برسی و تینوەکان و راستگۆکان دەخوازرێت، چونکە تێردەبن، خۆزگە بەدڵ پڕ لەبەزەییەکان دەخوازرێت، چونکە بەربەزەیی دەکەون، خۆزگە بە دڵپاکان دەخوازرێت، چونکە خوا دەبینن، خۆزگە بە ئاشتی خوازان دەخوازرێت، چونکە بە رۆڵەی خوا ناودەبرێن، خۆزگە بە چەوساوەکان لەپێناوی راستی و دروستی دەخوازرێت، چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە، کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوەو لەپێناوی مندا قسەی خراپتان پێدەڵێن، ئەو کاتە خۆزگەتان پێدەخوازرێت و ئێوەش دڵخۆش و شادمان بن، چونکە (پاداشت)تان لەئاسماندا گەورەیە. هیواتان هەبێت، چونکە پێش ئێوەش، پەیامبەرەکانی تریان ئاوا چەوساندۆتەوە.[60]

وا بیرنەکەنەوە کە من هاتووم شەریعەت، یا گوتەی پەیامبەران لاببەم، من نەهاتووم لای ببەم، بەڵکو تەواوکەرم، هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، وشەیەک، یا خاڵێکی شەریعەت لەناو ناچێت. بیستوتانە دەڵێن، چاو بە چاو دان بە دان، من پێتان دەڵێم بە خراپە بەرەنگاری خراپە مەبنەوە، هەر کەسێک زللەیەکی لێدایت، روومەتەکەی تریشتی بدەرێ، بیستوتانە وتراوە خزمانت خۆشبوێت و رقت لەدوژمنان بێت، من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێت.[61]

بەم شێوەیە عیسا ڕووی لەهەر شوێنێک نابێت، کۆمەڵێ بەیت و چیرۆک و بەسەرهات و وتەی بە نرخی دەوت، بۆ هەر شوێنێک بڕۆشتایە کۆمەڵێکی زۆر دوایدەکەوتن. وای لێهات، پێش گەیشتنی خۆی، ناوبانگی لەهەموو ناوچەکاندا هەبوو. بە جۆرێک قسەو باسیان لەسەر دەکرد کە گەورەترین کاری سەر سوڕهێنەری کردبێت و بە تواناترین و تازەترین و گەورەترین موعجیزەی نواندبێت. لەوانە:

---

[60] مەتتا 5 :3 -12 لوقا 6: 20-23
[61] لۆقا 6 : 28 -28 و 32- 36



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسمانداا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

1- هەموو جۆرە نەخۆشییەکی چاک دەکردەوە.

2- بەبێ هۆکار، بەسەر ئاودا دەڕۆی.

3-چەند جارێک لەسەر چیاکان، بەرفراوانترین رووناکی لێدەرچووە.

4- پێشبینی کردووە.

5- رەشەباو رەهێڵەو زریانی هێور کردۆتەوە.

6- شەیتان و جنۆکەی لەلەشی مرۆڤ دەرهێناوە.

7- لەیەک سەبەتە (نان)دا هەزاران کەسی تێرکردووە.[62]

لەمانەش گرنگتر:

8- مردووی زیندوو کردۆتەوە.[63]

9- لەقوڕ باڵندەی دروستکردووەو بە (فوو)یەک ژیانی پێداوەو هەڵفڕیوە.[64]

تەواوی ئەم کارانەو چەند جۆرێکی تریش لەئینجیلەکاندا نوسراونەتەوە، بێجگە لەخاڵی نۆیەم کە لەقورئاندا سوورەتی (ال عمران، ئایەتی 49) باسی کراوە.

پاش ماوەیەک، دوانزە قوتابییەکەی بلاوە پێکرد، تا یەک یەک و دوو دوو مژدە بە خەڵکانی دیکە بدەن، لژدەی ئەوە بدەن بەخەڵکی عیسا بۆ ئەوە هاتووە ئازاریان لەسەر هەڵگرێت و تا ماون ڕزگاریان بکات. پاش ماوەیەکی تر حەفتا کەسی دیکەی بۆ شوێنە جیا جیاکان نارد. پێیوتبوون:

هەموو شتێک لەلایەن باوکمەوە (خوا) دراوە پێم، کەس نازانێت رۆڵە (مەسیح) کێیە، باوک نەبێت، کەسیش نازانێت باوک کێیە، رۆڵە نەبێت.[65]

---

[62] هەمان شەرچاوەي پێشوو

[63] مەتتا 8: 1-4 وە 8: 23-28 وە 14: 13-21 وە 15: 29-32 وە 14: 22-36 هەروەها *مەرقۆس 2: 1-12 وە 1: 40-45 وە 4: 35-41 وە 5: 21-24 وە 6: 30-44 وە 8: 1-10 وە 6: 45-54 و زۆری دیکە.

[64] قورئان، سورەتي ال عمران (49)

من لەباوکدام و باوکیش لەمندایە.[66] برۆن خەڵکی تێبگەیەنن کە بە هۆی منەوە رزگاریان دەبێت، بە هۆی منەوە، باوک، لەهەموو گوناهەکانیان خۆشدەبێت. راستیتان پێ دەڵێم، ئەوەی لەگەڵ من نەبێت، دژی منە.

## مردنی عیسا

دیارە یەهودییەکان بەمە ڕازی نابن، بۆیە ویستیان لەپیلانێکدا عیسا لەناو ببەن، بەڵام بە چ تاوانێک، ئەوا خۆشیان نەیاندەزانی، بەڵام لەژێر دروشمی ((یەک کەس لەمیللەت بمرێت، باشترە لەوەی هەموو میللەت سەری لێ بشێوێت)) ریککەوتن کە بیکوژن. عیساش، درکی بەمە کردبوو، دەیزانی چارەنووسی بەچی دەگات، هەر بۆیە چەند جارێک بە قوتابییەکانی گوتبوو:

- راستیتان پێدەڵێم: یەکێک لەئێوە دەمداتە دەست دەسەڵاتداران.

ئەو کاتە یەهودای ئەسخەریوتی لەگەڵیان دانیشتبوو، هەڵساو چوە دەرەوەو عیسا پێیوتن:

گەر ئێوە منتان خۆشدەوێت، بە راسپاردەکانم کار بکەن، رۆژێک دێت لەناو مردواندا زیندوو دەبمەوەو دێمەوە لاتان، ماوەیەک لاتان دەمێنمەوە، ئەو کاتە دەزانن کە باوک لەمندایەو منیش لەئێوەدام، ئێوەش لەمندان، دوایش رووی کردە خواو وتی:

- ئەی باوک، کاتی ئەوە هاتووە کە رۆڵەکەت شکۆدار بکەیت، تاکو رۆڵەکەشت شکۆدارت بکات.

پاش ماوەیەک لەگەڵ قوتابییەکانی چوون بۆ دۆڵی (قەدرونیان) یەهوداش ئەو شوێنەی دەزانی، بۆیە بە تیپێک سەربازەوە هاتنە ناو دۆڵەکەو

---

[65] لوقا 10: 22

[66] پاشان لە بەشی (خوا لەبۆچوونی مەسیحیدا) باسی دەکەین.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

عیسایان دەستگیرکردو بردیان. بۆ بەیانی زوو، عیسایان لەماڵی (قەیافا)وە برد بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی ڕۆمەکان کە ئەو کات پیلاتۆس لەوێ بوو، هاتە دەرەوەو قسەو پرسیاری زۆری لەعیسا کردو ئەویش وەڵامی دایەوە. لەئەنجامدا دەرکەوت کە عیسا هیچ تاوانێکی نییە. بۆیە پیلاتۆس پێیوتن:

- ئەم کابرایە تاوانی نییە، دەتانەوێت ئازادی کەم؟

ئەوانیش هاواریانکرد. نەخێر، لەخاچی بدە، لەخاچی بدە، بەم شێوەیە، پیلاتۆس لەرۆژی هەینیدا کات دوانزەی نیوەڕۆ، فەرمانی لەخاچدانی دەرکرد.

خاچیان هێناو خستیانە سەر شانی عیساو بەرەو شوێنێکی تایبەتیان برد کە ناوی (گولگۆسە) بوو واتە کاسەی سەر. تا لەخاچیدەن، لەرێگا بە جۆرەها شێواز ئازاردراو لەگولگۆسە لەنێوان دوو تاوانباری تردا لەخاچ درا. لەسەر خاچەکەش نوسرابوو، (عیسای ناسیری، پادشای جولەکە).

سەربازەکان، جلەکانی عیسایان لەبەرداکەند، ئەویش لەبەرزیدا بە خاچەکەوە مایەوە هەتا مرد، یەکێک لەسەربازەکان رمێکی کرد بە لاتەنیشتی عیساداو خوێن و ئاو لەگیانی فیچقەی کرد، پاش ماوەیەک لاشەکەیان داگرت و هەر لەنزیک ئەو شوێنەوە ناشتیان. دەڵێن، تەمەنی عیسا لەو کاتە سی ساڵ و سێ مانگ و سێ رۆژ بووە.[67]

بەرەبەیانی رۆژی یەک شەممە، گۆڕەکەی عیسا هەڵدرابۆوە!! کەس نەیدەزانی چییەو چۆنە، قوتابییەکان و شوێنکەوتوانی، زۆر بە شوێن لاشەی عیسادا گەڕان، بەڵام نەیاندۆزیەوە. ئێوارەی هەمان رۆژ، کاتێک قوتابییەکان لەترسی دەسەڵاتدارانی جولەکە کۆببونەوەو خۆیان شاردبۆوە، عیسا لەناوەراستیاندا دەرکەوت. هەموو بە جارێک سەریان سوڕماو هەندێکیان باوەڕیان نەکرد، تا لەپاشان هەموو بڕوایان پێکردو بۆ ماوەیەکی زۆر قسەی بۆ کردن و پێیوتن:

[67] الفصل في الملل والاهواء والنحل ج (1)،ص (201)

- برۆن هەموو جیهان تەیکەن، مژدە بە خەڵکی بدەن. ئەوەی باوەڕ دەهێنێت، رزگاری دەبێت، ئەوەی نایهێنێت، نارەحەتی دەچێژێت، ئەوانەی باوەڕدەهێنن، بە ناوی منەوە نەخۆشی چاک دەکەنەوەو بە چەند زمانێک قسە دەکەن و ئەگەر زەهریش بخۆنەوە هیچیان لێنایەت، دەست بدەنە هەر نەخۆشێک چاک دەبێتەوە، پاشان لەناویاندا عیسا بەرەو ئاسمان هەڵکشایەوەو دەڵێن ئێستا لەلای راستی باوکییەوە دانیشتووە.[68]

## بەرواری

## لەدایکبوون و مردن و هەڵسانەوەی عیسا

سەرباری ئەوەی کە ئینجیلی مەرقۆس لەباوەڕی ئایینیدا کۆنترین و پیرۆزترین بەهای مێژوویی هەیە لەچاو ئینجیلەکانی تردا کەچی کاتی لەدایکبوونی مەسیحی تێدا دیاری نەکراوە، لەئینجیلەکاندا باسی چۆنێتی لەدایکبوون و کۆمەڵێک ئەفسانە دەکات نەک دیاریکردنی دروستی کاتەکەی. ئەم کێشەیە تا ئێستا ماوەتەوەو هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە دیاری نەکراوە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی ئەو. بەڵام دوو ڕوانگە لەم بارەیەوە هەیە، مەسیحیەکانی ڕۆما ٢٥ی مانگی ١٢ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسای دەزانن و لەساڵی ٣٣٦ی زاینیەوە تا ئێستا لەو بەروارەدا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، ئەوان پێیان وایە کە لەسەردەمی قوستەنتینیەوە ئەم ڕۆژە دیاریکراوە. ئێستا بەشی زۆری شوێنکەوتووانی هەردوو مەزهەبی کاسۆلیکی و پرۆتستان، کەزیاتر بەڕۆژئاواییەکان ناسراون، بەڕەسمی باوەڕیان وایە کە ئەم ڕۆژەیە، بەڵام لەلای ئەرسەدۆکسەکان، کەبەڕۆژهەڵاتیەکان ناسراون، جیاوازی هەیەو ڕۆژی ٧ی مانگی یەکیان بۆ دیاری کردووە.

---

[68] مەتتا 28: 16-20 ٭لوقا 24: 36-49
٭یوحننا 20: 19-23



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

سەبارەت بە مردن و زیندووبوونەوەش، کەمەسیحییەکان پێی دەڵێن هەڵسانەوە، جیاوازی دەکەوێتە نێوان ئەو مەزهەبانەوە، ٢٥ی مانگی سێی ساڵی ٢٩ی زاینی بەڕۆژی مردنەکەی دانراوەو دوای ئەوەش بە سێ ڕۆژ لەناو مردووەکاندا هەڵساوەتەوە. ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەی وردیان بۆ ئەم دوو بەروارە کردووە ڕۆژی ٣ی مانگی چواری ساڵی ٣٣ی زاینیان بۆ مردنەکەی دیاری کردووە. لەئێستادا لەلای مەسیحیەکانی ڕۆژئاوا مردن و زیندووبوونەوەو هەڵکشانەوەی بۆ ئاسمان لە ٢٢ی مانگی٣وە دەست پێدەکات و لە ٢٥ی مانگی٤ کۆتایی پێدێت، هەروەها ڕۆژی دوو شەممەی دوای ئەو بەروارەش بەڕۆژێکی پیرۆزو پشووی ڕەسمی دادەنرێت. بەڵام لای مەسیحیە ڕۆژهەڵاتیەکان ڕۆژژمێرێک دانراوە کەپێی دەوترێت ڕۆژژمێری (گریگۆرینگ) بەپێی ئەو خشتەیەی تێیدا هاتووە هەر لەساڵی ١٩٠٠وە تاساڵی ٢١٠٠ی زاینی ٤ی٤ دەست پێدەکات و ٨ی٥ کۆتایی دێت، دوای ساڵی ٢١٠٠ی زاینی، بەهۆی جوڵەی خۆرو ئەستێرەکانەوە گۆڕانکاری بەسەر ئەو بەروارەدا دێت.

### (ئینجیل)

### کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان

لە بنەڕەتدا وشەی ئینجیل لە ئیوانجلیونی یونانییەوە وەرگیراوە بە واتای مزگێنی، لەو سەردەمەدا هەر کاتێک پاشایەک بیویستایە روو بکاتە ناوچەیەک، پێش خۆی، هاتن و دەرکەوتنی پاشایان وەک مزگێنییەک



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەدایە خەڵکەکەو سەردانی پاشایان بڵاودەکردەوەو بەهایەکی زۆریان دەدایە ئەو سەردانە، چونکە لەو سەردانەدا پاشا زۆر لەگرفتەکانی خەڵکی چارەسەردەکردو ئەو ناوچەیەی دەرازاندەوە. بەمەش دەگوترا، مزگێنی.
جا کە عیسا دەستیکرد بە بانگەواز و بانگهێشتی خەڵکەکە بۆ پاشاهیتی ئاسمان (ملكوت السماء)و پەیامبەریتی خۆی راگەیاند. وتەکانی کۆکرانەوەو لەتوێی کیتێبێکدا نوسرانەوەو ناونران ئینجیل واتە مزگێنی.
ئەگەر باس لەسەرچاوەی رەسەنی ئینجیل بکەین، دەتوانین بڵێین یەک ئینجیل هەیە، ئەویش وتەکانی (خوا)ن و لەرێی عیساوە ئاشکرا کراون، بەڵام لەبەرئەوەی عیسا بە دەستی خۆی ئینجیلی نەنوسیوەتەوەو پاش مردنی لە25 تا 40 ساڵ نوسراونەتەوە، بونەتە چەند بەشێک و هەربەشە بۆ خۆی، کەسێک بە پێی وەرگرتن و بینین و بیستن و کردارەکانی عیسا، نوسیویەتیەوە. ئێستا ئینجیل بریتییە لە(27) بەشی جیاواز، بەڵام لە چوار بەرگی جیاوازدا، ئەگەر بەووردی هەر هەموویان بخوێنینەوە ئەوا لەم (27) نوسراوە دا نوسینێک نابینرێت کە لەگەڵ ئەوانی تردا نەگونجێت.
ئینجیل، سەرجەم ژیان و بەسەرهات و کاروکردارو گفتارو لەخاچدان و هەڵسانەوەی عیسا ئاشکرا دەکات. بێجگە لەزۆربابەت و ناوەرۆکی تر کە پەیوەندی توندی بە ئایینی مەسیحییەوە هەیە، وەک موعجیزەو چیرۆک و، و، هتد. بە کۆی ئەم (27) نوسراوە دەوترێت ئینجیلی پیرۆز، هەروەها بەشی دووهەمی کتێبی پیرۆز (الكتاب المقدس، العهد القديم)پێک دەهێنێت و پێیدەوترێت پەیمانی نوێ (العهد الجديد)).[69] نوسینەوەو دانانی ئەم کتێبە، لەچەند کاتێکی جیاوازدا بووەو چەند بابەتێکی جیاوازی لەخۆ هەڵگرتووەو لەم شێوەو بەشانە پێک هاتووە.

### یەکەم: ئینجیلی مەتتا

[69] العهد القديم، والعهد الجديد

مەتتا یەکێک بوو لەدوانزە قوتابییە نزیک و هەڵبژێردراوەکانی مەسیح. زۆربەی ئەو رووداوانەی کە باسی دەکات بە چاوی خۆی بینیونی. یەکەمجار جولەکەیەکی باجگر بوو، دوای بڕواهێنان دوای مەسیح کەوت و نوسینەکانی لەپێشەوەی هەموو نوسراوەکانی ترەوەیەو مێژووی نوسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵەکانی (60 –65) زایین، سەلماندویەتی کە عیسا ئەو مەسیحەیە لەبەشی پەیمانی کۆن (العهد القدیم) باسی کراوەو چاوەڕێیان کردووە.

**دووهەم: ئینجیلی مەرقۆس**

مەرقۆس یاوەرو یارمەتیدەری پەترۆس بوو (لە رۆمای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی) گوایە بە رێنمایی رۆحی پیرۆز ئەم پەرتوکەی نوسیوە، ئەم نوسینەی مەرقۆس زیاتر باس لەکردارەکانی مەسیح دەکات، نەک وتەو فێرکردنەکان. مەسیح وەک رزگارکەرو خزمەتکەرێک نیشاندەدات، نەک وەک کەسێک خزمەت بکرێت.

**سێهەم : ئینجیلی لۆقا**

لۆقا، پزیشک و مێژوونوسێکی یۆنانی بوو، یاوەرو یاریدەدەری پۆڵسی نێرراو بوو، لەنوسینەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مەسیح رزگارکەری هەموو جیهانەو باس لەهەندێک وتەو رووداو دەکات، بەو مەبەستەی بیسەلمێنێت کە مەسیح کەسێکی تەواو بێ کەموکورتییەو گرنگیەکی زۆری بە وتەکانی داوە. ئەمەو بێجگە لەوەی کە نووسەری پەڕتوکی کرداری نێرراوانە (اعمال الرسل) کە پاشان دێینە سەری.

**چوارهەم : ئینجیلی یۆحەننا**

یۆحەننا، یەکێک بوو لەقوتابییەکانی عیساو پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و خۆشەویستییەکی زۆریان لەنێواندا هەبووە، لەم پەڕتوکەدا باسی



www.xwdakan.com net org

پەیوەندییەکانی عیسا بە قوتابیەکانییەوە دەکات. ئەوەی شایانی باسە، هەر لەنیوەی نوسراوەکانییەوە تا کۆتایی، باس لەدوا هەفتەی ژیانی عیسا دەکات، وتەکانی، کردارەکانی، گرتنی، دادگایی کردنی، لەخاچدانی، زیندووبوونەوەی، هەڵکشانەوەی بەرەو ئاسمان، پاشاهێتی ئەو دنیای.

**پێنجهەم : ئینجیلی کرداری نێرراوان**

ئەم پەرتوکە بەتەواوکەری ئینجیل دادەنرێت و لۆقا نوسەرەکەیەتی، دەکرێت بە سێ بەشەوە.

**یەکەم:** سەرەتای دەستپێکردنی باوەڕداران لەقودس و دوای بەرزبوونەوەی عیسا بەرەو ئاسمان.

**دووهەم :** بڵاوکردنەوەی باوەڕ بە مەسیح، لەهەموو فەلەستیندا.

**سێهەم:** پەرەسەندنی ئەم باوەڕە لەناوچەکانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست، تا شاری رۆما.

ئەم پەرتوکە زیاتر باس لەچۆنێتی کارکردنی رۆحی پیرۆز دەکات.

**شەشهەم: نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی رۆما:**

ئەم پەرتوکە پۆڵس ناوێک نوسیوێتی (لە بەشەکانی تردا باسی دەکەین) پۆڵس ویستی گەشتێک بکات بۆ رۆماو لەوێشەوە بۆ ئیسپانیا تا ئایینی مەسیحی بڵاوبکاتەوە، بەڵام پێش دەستپێکردنی گەشتەکەی، ئەم نامەیەی بۆ باوەڕدارانی رۆما نووسی، تا پشتگیری لێبکەن و گەشتەکەی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت،

**حەوتهەم: یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس**

لەو سەردەمەدا کۆرنسۆس شارێکی گەورەی یۆنانی و پایتەختی ئەخائییەی رۆمانی بوو، لەبازرگانی و گەندەڵی و بەدرەوشتی و فرە ئایینیدا، ناوبانگی دەرکردبوو، بۆیە پۆڵس لەم نامەیەدا گرنگی داوە بە:



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

دووبەرەکی و داوێنپیسی و ژنهێنان و شوکردن و ئەوانەی پەیوەندییان بە ویژدان و ڕێکخستنی باوەڕداران و ئەو بەهرانەی ڕۆحی پیرۆز دەیبەخشێت.

**هەشتەم : دووهەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس**

لەم نامەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، بەهۆی هەندێک کەسەوە گرژییەک دەکەوێتە نێوان پۆڵس و باوەڕدارانی کۆرنسۆس و تێیدا پۆلس داوای ئاشتبوونەوە دەکات.

**نۆهەم : نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی غەلاتیە:**

غەلاتیە، هەرێمێکی ڕۆمانی بوو لەئاسیای بچووک، لەم نامەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە هەندێک لەخەڵکی غەلاتیە بەرهەڵستی دەکەن و ئەمیش پێلەسەر ئەوە دادەگرێت کە نێراوی ڕاستەقینەیەو پێویستە باوەڕی پێبکەن و پشتگیری لێبکەن.

**دەیەم: نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ئەفسۆس**

قوڵترین ڕاستیەکانی باوەڕ، لەم نامەیەدا دەردەکەوێت و بەشێکی گەورەی ئەم نامەیەش پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی باوەڕدارانەوە.

**یانزەهەم: نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی فیلیپی**

فلیپی، یەکێک بوو لەشارەکانی هەرێمی مەکدۆنی لەرۆمانیا، لەسەردەستی پۆڵس، یەکەم کۆمەڵەی باوەڕداران لەئەورووپا لەم شارەدا دامەزرا. کاتێک پۆڵس ئەم نامەیەی نووسیبوو کە لەزیندانەکانی ڕۆما ژیانی دەبردەسەر.



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

**دوانزەهەم: نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆلۆسی**

کۆلۆسی شارێکی ئاسیای بچووک بوو، دەکەوتە رۆژهەلاتی شاری ئەفسۆسەوە، لەو شارەدا واباوبوو کە ئەگەر مرۆڤ خۆی برسی و تینوو بکات و لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا هەندێک بیروڕای جولەکە تێکەڵ بکات و بکەوێتە فریشتە پەرستن، ئەوا خوا رزگاریان دەکات. بۆیە پۆڵس ئەم نامەیەی بۆ نووسین و داوای گۆڕینی ئەو بیروباوەڕەی لێکردن.

**سیانزەهەم: یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی تەسالۆنیکی**

تەسالۆنیکی، پایتەختی هەرێمی مەکدۆنیای رۆمانی بوو، لەو شارەدا هەندێک جولەکە هەبوون، دانیشتوانەکەیان هاندا کە دژی پۆلس بوەستن، ئەمیش بە نامەیەک وورەی باوەڕدارانی ئەوێ بەرز دەکاتەوە.

**چواردەهەم: دووهەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی تەسالۆنیکی**

لەم نامەیەدا هەمان مەبەستی نامەی یەکەم دووپات دەکاتەوەو باسیش لەگەرانەوەی مەسیح دەکات.

**پانزەهەم : یەکەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس**

تیمۆساوس لە(لەسترە) لەدایکبووە کە کەوتۆتە وڵاتی لیقۆنەی ئاسیای بچووک، دایکی جولەکەو باوکی یۆنانی بووە، یەکێکە لەهاوڕێیانی پۆڵس و دەبێتە چاودێر بەسەرباوەڕدارانی ئەوێوە، پۆڵس لەم نامەیەدا داوای باوەڕی پتەویان لێدەکات.

**شانزەهەم : دووهەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس**

لەم نامەیەدا هەندێک راسپاردەی تایبەتی بۆ تیمۆساوس تێدایە. لەگەڵ داواکارییەکانی نامەی یەکەم.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

**حەڤدەهەم: نامەی پۆڵس بۆ تیتۆس**

تیتۆس پیاوێکی یۆنانی بوو، پۆڵس هێنایە باوەڕو کردیە هاوڕێ و یاریدەدەری خۆی، لەو نامەیەدا ئەوەی بۆ روون دەکاتەوە کە پاش مردنی چی بۆ جێدێڵێت:

**هەژدەهەم: نامەی پۆڵس بۆ فلیمۆن**

فلیمۆن، ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆلۆسی بوو، کۆیلەیەکی هەبوو ناوی ئنسیمۆس بوو، ئەم کۆیلەیە لەلای هەڵدێت و لەبەندیخانە تووشی پۆڵس دەبێت، هەر لەزینداندا ئەم کۆیلەیە دەکاتە مەسیحی و ئەم نامەیەش بۆ فلیمۆن دەنوسێت تا لەکۆیلەکەی خۆشبێت.

**نۆزدەهەم: نامە بۆ عیبرانییەکان**

ئەم نامەیە بۆ ئەو جولەکانە نوسراوە کە باوەڕیان بەمەسیح هێناو پاشان تووشی چەوسانەوە بوون. لەم نامەیەدا بە جوانی وێنەی مەسیحێکی شکۆدار دەکێشێت. بێجگە لەجیاوازییەکانی مەسیح و فریشتە، مەسیح و موسی، کاهین و پاشای ڕاستگۆ، هتد.

**بیست : نامەی یاقوب**

ئەم نامەیە ئاراستەی هەموو گەلانی جیهان کراوە، پڕە لەئامۆژگاری.

**بیست و یەک: یەکەم نامەی پەترۆس**

پەترۆس ئەم نامەیە بۆ باکوری ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا) دەنوسێت و باوەڕیان پتەو دەکات.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

**بیست و دوو: دووهەم نامەی پەترۆس**

پەترۆس ئەم نامەیەی ئاراستەی ناوەندێکی فراوانی باوەڕداران کردووە، مەبەستیشی دژایەتی کردنی مامۆستا درۆزنەکان و ئەو بەرەڵاییەیە کە بە هۆی فێرکردنیانەوە بڵاوکراوەتەوە.

**بست و سێ: یەکەم نامەی یۆحەننا**

ئەم نامەیە دوو مەبەستی سەرەکی هەیە

1- هاندان بۆ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خواو رۆڵەکەی (مەسیح)

2- ئاگادراکردنەوە لەفێرکردنی پوچەڵ کە ئەم هاوبەشییە دەڕوخێنێت.

**بیست و چوار: دووهەم نامەی یۆحەننا**

ئـەم نامـەیـە بانگـەوازە بـۆ هـەڵـسوکەوت کردنـی راسـتی، هـەروەهـا ئاگادرارکردنـەوەیـە لـەو مامۆسـتا درۆزنانـەی دەگـەڕێـن تـا بـاوەڕداران لەماڵەکانیان پێشوازی لێنەکەن.

**بیست و پێنج: سێهەم نامەی یۆحەننا**

ئەم نامەیە بۆ (عس)، یەکێک لـەکۆمـەڵـەی باوەڕدارەکان نوسراوە، پاش ئامۆژگاریکردن، لەپیاوێک ئاگاداری دەکاتەوە کە ناوی (دیوتریفسە).

**بیست و شەش: نامەی یەهوزا**

ئەم نامەیە ئاگادرکردنەوەیە لەمامۆستا درۆزنەکان.

**بیست و حەوت: بینینی یۆحەننا**

لەم نامەیەدا ئەوە دەبینین کە خوا بە هۆی مـەسیحەوە بەسـەر شـەیتاندا سەردەکەوێ و پاداشتی گەلە سەر راستەکەی دەداتەوە.

www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

ئەم بیست و حەوت بەشە ئینجیلی پیرۆز پێک دەهێنن و هەر ئەم بەشانەش لەلایەن مەسیحییەوە باوەڕی پێکراوەو بڵاوکراوەتەوەو بەردەوام بڵاویشی دەكەنەوە.

## ئنجیلی بەرنابا

لەسەرەتاكانی سەدەی بیستدا ئەم ئینجیلە (بەرنابا) دەركەوت. لەلایەن دكتۆر خلیل سعادەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و هەر وەک خۆی دەڵێت: نوسەری ئەم ئینجیلە، یەكێكە لەباوەڕداران و لێهاتوانی یەسوع لەنامەكانی (كرداری نێرراوان 9: 26، 27 – 13: 1، 5) ئاماژەی بۆ كراوە. دانەرانی ئەم ئینجیلە پێلەسەر ئەوە دادەگرن كە ئەم پەڕتوكە وەک ئەوانی تر ماوەتەوەو نوسەرەكە ئەسڵەكەی كە ناوی بەرنابایە لەبنەڕەتدا ناوی یوسف بووە، بەڵام بە (بەرنابا) واتە رۆڵەی هاندەر بانگیان كردووە، بۆ ئەمەش پشت بەئینجیل دەبەستن، بۆ نموونە بڕوانە (كرداری نێرراوان 4، 36). دەڵێن ئەم ئینجیلە لەلایەن بەرناباوە نوسراوەو نوسخە ئەسڵەكەی لەئیتاڵیا (كتێبخانەی ڤیەننا) ماوەتەوە. یەكەم كەسیش كە ئەم نوسخەیەی دەستكەوت (كریمر) ناوێک بوو، راوێژكاری پاشای پروسیای ئەو سەردەمە بوو. بە پێی لێكۆڵینەوەكەی (د. خلیل) ئەم پەرتوكە لەسەردەمی خۆیدا سەدان و هەزاران نوسخەی لەبەرگیراوەتەوە، بەڵام لەبەردەم رۆژگاری رەشدا سوتاون و لەناوچوون و ئەم تاكە پەڕتوكەی لێماوەتەوە.

بەڵام مەسیحیەكان بڕوایان پێی نییە، چونكە، جگە لەوەی كە وەک ئەڵقەیەكی زنجیر وایە لەنێوان مەسیحی و ئیسلامدا، بڕوای بە خاچدان و زۆركاری تری مەسیحییەت نییە. لەگەڵ ئەوەی ئەم ئینجیلە زۆر لەبیروبۆچونی ئایینی ئیسلامەوە نزیكە، بەڵام هەتا ئەم دوادواییەش واتە

چەند ساڵێكيش دواى سەدەى بيست بە هيچ شێوەيەك باسى نەكراوەو واپێدەچێت كە دروستكراو بێت.

جياوازى ئەم ئينجيلەو ئينجيلەكانى تر لەچەند خاڵێكدا كۆ دەبنەوە كە ئەمانەى خوارەوە گرنگەكانيەتى:-

1- يەسوع خوا نييە، ياخود بۆتەيەكى خوا نييەو مرۆڤێكە وەك هەموو مرۆڤەكانى ديكەو وەك پەيامبەرێك دەركەوتووە.

2- يەسوع، مەسيح نييە، بەڵكو مەسيح هێشتا نەهاتووەو چاوەڕوان دەكرێت كە بێت.

3- يەسوع لەخاچ نەدراوە، بەڵكو كەسێكى تر بووەو شێوەى لەيەسوع كردووەو يەسوعى راستى، بەرەو ئاسمان هەڵكشاوە.

4- ئەو كوڕەى كە ئيبراهيمى پەيامبەر ويستى سەرى ببڕێت، ئيسماعيل بووە نەك ئيسحاق.

نووسەر بەم چوار خاڵە سەرەكييە ويستويەتى مەسيحى و ئيسلام پێكەوە ببەستێتەوەو پەيوەندييەكى پتەو لەنێوانياندا دروستبكات. بەرنابا لەئينجيلەكەيدا دەڵێت:

(خۆشەويستانم، خواى گەورە لەم رۆژانەى دواييەدا، پەيامبەرێكى گەورەى بەناوى يەسوع ناردە لامان. لەگەڵ بەزەييەكانى خۆيدا فێرى ئەوەى كردين كە بڕوا بە خوا بهێنين و لەشەيتان دوور بكەوينەوە، بەڵام بە داخەوە هەر لەناو شوێنكەوتواندا شەيتان زەفەرى پێهێنان و يەسوعيان كردە كوڕى خواو خەتەنە كردنيان حەرام كردو هەموو گۆشتێكيان حەڵاڵ كرد، بەداخەوە دەڵێم كە پۆڵس يەكێكە لەو گومڕايانەو هۆيەك بووە لەهۆكان، لەبەرئەوە ئاگاتان لەخۆتان بێت)،

بەپێى ئەو لێكۆڵينەوانەى كەبۆ ئەم ئينجيلە كراون هەموويان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن كە ئەم ئنجيلە، دروستكراوى سەدەى بيستە.



دەروازەكانى ئايين لە نێوان زەوى و ئاسماندا .. بەرگى سێ و چوار.. مەريوان هەڵەبجەيى

www.xwdakan.com net org

## (خوا) لەباوەڕی مەسیحیدا

باسکردن لەخوای مەسیحی گەلێک لەوەگرانترە کە باس لەئایینەکەی بکەین. چونکە پەیوەندییەکی زۆر پتەو لەنێوان ئایینی مەسیح خۆیی و چۆنێتی خوا لەباوەڕدارانی مەسیحیدا هەیە، دواندن لێی، هەتا بڵێی ئاڵۆزە. چونکە مەسیحییەت باس لەخوایەک دەکات نە ئەو یەکانەییەیە کە پێی ئاشناین، نە ئەو سێگانەییەیە کەئیسلام شیدەکاتەوە.

شیکردنەوەی چەمکی (خوا)، شیکردنەوەیەکی هەم باوەڕو هەم فەلسەفەشە. مەسیحی زۆر ووردبینانە دەڕوانێتە خەسڵەتەکانی خوا. لەگەڵ هیچ بۆچۆنێکی دیکەی ئایینەکان یەک ناگرێتەوە (جگە لەجۆرێک نزیکبوونەوە لەخوای هیندۆس)[70]. سەرەڕای ئەوەی لاهوتی مەسیح باس لەیەکانەیی خوا دەکات، باس لەحاڵەتێکی دیکەش دەکات کە لەسەروی درککردنی ئەقڵی مرۆڤەوەیە.

لەئایینی مەسیحیدا دەوترێت: (الاب، الابن، الروح القدوس) واتە (باوک، ڕۆڵە، رۆحی ڕەوان- یاخود رۆحی پیرۆزکراو) بڕوابوون بە چەمکی باوک و رۆڵەو رۆحی ڕەوان، کێشەیەکی دێرینی دەرەوەی باوەڕەو لەسەدەی یەکەمی زایینییەوە هەتا ئێستا بەردەوامە. ئایا چۆن دەشێت کە خوا تاک بێت، کەچی سیانیش بێت.

لە بڕوادارانی مەسیحیدا، وەڵامی ئەم پرسیارە لەدوو ڕێگەی جیاوازەوە بەرجەستە دەبێت. بۆ هەریەکێکیشیان لۆژیکێکی تایبەتی خۆی هەیە. یەکێکیان باوەڕ (عەقیدە)یەو دووهەمیان شیکاری فەلسەفی.

[70] بڕوانە کتێبمان دەروازەکاني ئایین لەنێوان زەوي و ئاسماندا، بەرگي یەکەم، ئایني هیندۆسي.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## لەڕووی باوەڕەوە (عەقیدە)

ئەقڵی مرۆڤ زۆر لەوە کەمترە کە لەنهێنییەکانی بوونی خوا تێبگات. ئەو زانیاریانەشی کە ئێستا لەبارەی خواوە هەیە، لەڕێی ئەقڵی مرۆڤەوە نوسراونەتەوە، یاخود لەڕێگەی باوەڕەوە چەکەرەان کردووە، وا باشترە بڵێین کە خوا لەڕێگەی پەیامبەرەکانیەوە، لەشێوەی (وەحی)دا، نهێنییەکانی خۆی درکاندووە. ئەگەر نا، ئەوا ئێمەی تاکە بوونەوەری ئاقڵی سەر ڕووی ئەم زەوییە، هیچ شتێکمان لەبارەی خواوە نەدەزانی، چونکە خواو کارەکانی خوا، نە ئەوەتا ببینرێن، نە ئەوەتا ببیسترێن و هەستیان پێبکرێت، ئەوەی ئێستاش لەبەرچاوە، بەرهەمە نەک شێوەی کارکردن و بەرهەمهێنان. کەواتە ئەو زانین و باسەی کە ئێستا دەربارەی خوا هەیە، گرنگی و ئەرکە پیرۆز و سەرەکیەکەی بۆ خوا دەگەڕێتەوە نەک بۆ مرۆڤ.

مەعریفەی ئەم پێوەرەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوا دەیەوێت ئێمەی مرۆڤ بە خۆی بناسێنێت. ئاینیش وای لەمرۆڤ کردووە کە باوەڕهێنان بە خواو تێگەیشتن لەخوا، بخاتە پێش یا سەرووی زانست و زانیارییەوە، بەوەی کە باوەڕ بۆ خوایە، ئەوەی لەلای باوەڕ ئامادە دەبێت، هەرگیزاو هەرگیز و هەتا ئێستاش زانست هەستی پێنەکردووە، ئەگەر لەحاڵەتێکیشدا بەزانین دەرکەوت کە خوا چۆنە، ئەوکات دەبێت کار لەباوەڕدا بکات کە خوا بەوە ڕازی نییە کەسێک بێت و لەڕێی زانینەوە بڕوای پێبکات، بەڵکو دەبێت لەپێشدا باوەڕی پێبکرێت ئینجا باس لەزانین بکرێت.

لەمەسیحیدا خوا یەکە، بەڵام لەسێ بۆتە پێک هاتووە – گەوهەر – زات – سیفەت، یاخود، باوک، ڕۆڵە، ڕۆحی ڕەوان، هەر سێکیان یەکێکن و هەریەکێکیش هەر سێکیانە.

بڕوادار لەم ڕستەیە تێدەگات یان نا، دەچێتە ئەقڵیەوە یان نا، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە باوەڕدارانی مەسیح بڕوایان بەم چەمکە هەبێت. چونکە

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

لەپایەکانی سێگانەییە- سیانەکردن (التثلیث)و لە سێ وشەی باوی بڵاوبوەوەدا بەرگوێی دەکەوێت کە ئەویش باوک، الاب – رۆڵە، الابن – رۆحی ڕەوان، الروح القدوس.

**دووهەمیان : لەڕووی شیکاری فەلسەفییەوە.**

لەگەڵ ئەوەی باوەڕ مەرجێکی سەرەکییە بۆ چەمکی خوا، بەڵام ئەوە نەبێت لەئینجیلدا ئاماژەی بۆ هەندێک لەو باسانە نەکردبێت کەنەگەینە شیکارێک بۆ پێناسەی خوا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئینجیل (مزگێنی) بگرە تەوراتیش ئەو دوو سەرچاوە سەرەکییەن کە زۆر بە ڕوونی باس لەچۆنێتی خوا دەکەن:

**یەکەم : چەندایەتی خوا.**

لە هەندێک شوێنی هەردوو پەڕتوکەکەدا ئەم چەند وشەیەمان بەرچاودەکەوێت کە ئەوە دەسەلمێنن خوا یەکەو نەشەریکی هەیەو نە لەکەس بووەو نە کەسیشی لێدەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەزەلیی و ئەبەدیشە. بەم شێوەیە:

من سەرەتام و من کۆتایی، بێجگە لەمن، هیچ خوایەکی دیکە نییە.[71]

هەر من خوام و خوای دیکە نییە.[72]

ئایا هەر من خوانیم؟.[73]

خوا هەر ئەو خوایەیە کە لەسەرووی ئاسمان و ژێرەوەی زەویدایە.[74]

خوای ئێمە یەک خوایەو یەک خوامان هەیە.[75] خوا، یەکە.[76]

---

[71] اشعیاء 6: 44

[72] تثنیە 32: 39

[73] اشعیاء 45: 21

[74] نحمیا 9: 6

[75] تثنیە 39: 4

[76] تیموثاوس 2: 5



www.xwdakan.com net org

لێرەدا کە هەموو بەڵگەکان باس لەوە دەکەن خوایەکە، پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەگەر خوایەکە ئەی باوک، رۆڵە، رۆحی ڕەوان مانای چییە.
پێش ئەوەی مەسیحییەکان بەو مەبەستە وەڵاممان بدەنەوە، ئێمە چەند روونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە دەدەین.

**پێکهاتە:**

بەشتێک دەڵێن پێکهاتە کە تێیدا چەند توخمێک یەکبگرن. بە هۆی چەند هۆکارێکەوە ئەو توخمانە یەکیان گرتووەو بە پێوانەی زۆروکەمی، گرانی و سوکی، گەورەو بچوکی، بەرزی و نزمی، قەوارەی خۆی بووەو سنوور بۆ خۆی پەیدا کردووە. هەروەها هەموو پێکهاتەیەک لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەگۆڕێت.
ئەگەر خوا بەوە بشوبهێنین کە پێکهاتەیەو سێ توخمە، ئەوە لەڕاستیەوە دوورە، چونکە خوا توخم نییە تا یەکبگرن. تەنانەت بۆ یەکگرتنی توخمەکانیش پێویستی بە هۆکار نییەو هەر خواش توخمی دروستکردووە.
پاشان خوا بە هیچ شتێک پێوانە ناکرێت، نە بە بچوکی نە بە گەورەیی، نە بە درێژی و نە بە پانی و نە بە کورتی و نە بە بەرزی و نە بە نزمی و نە ساردەو نەگەرمە، نە ئەچەیتەوە یەک نە ئەکشێت. نەگرانەو نە سوکە نەزۆرو نەکەمە، هتد. هیچ ئاڵوگۆڕێکیشی بەسەردانایەت چونکە خوا نەگۆڕە.
تۆما ئەکوینی دەڵێت: خوا، زۆر سادەترە لەهەموو ئەو سیفەتانەی کە پێکهاتەی توخمەکان هەیەتی، نە لەسیفەت و نە لەلێکدانەوەدا، نە لەدووری و نە لەنزیکیداو نە لەدەنگ و نە لەشێوەدا، لەهیچ شتێکدا خوا پێکهاتە نییە.[77]

[77] الله في المسيحية ص (40)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

هەروەها ((اغسطینوس)) دەڵێت: خوا جەوهەرە نەک پێکهاتە.[78] خوا رۆحە.[79] خوا نابینرێت.[80] پێکهاتە دەبینرێت، خوا جێگیر نییە.[81] پێکهاتە جێگیر دەکرێت.

**دووهەم: شوێنی یەکانەیی خوا لە**

- یەکانەیی دارِنراو- الوحدانية المجردة
- یەکانەیی رِەها – الوحدانية المطلقة
- یەکانەیی کۆکراوەی بەرگر – الوحدانية الجامعة المانعة

لەگەڵ ئەوەی هەرچوار ئایینەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکانەیین و زەردەشتی یەکەم ئایینە کە باسی لێوەبکات.[82] بەڵام هیچ یەکێک لەئایینەکانی زەردەشتی و جولەکەو ئیسلام، وەک ئایینی مەسیحی یەکانەییەکەی ئاڵۆزنییەو لەجۆری یەکانەییدا جیاوازیان هەیە، تەنانەت لەپێناسەشدا جیاوازیان هەیە. لەزەردەشتیدا، خوا، خۆشەویستی زانستە، لەجولەکەدا ترسە، لەمەسیحیدا خۆشەویستی و لێبوردنە، لەئیسلامدا دەسەڵات و بەرژەوەندییە.[83] خۆشەویستی و لێبوردنی مەسیحی لەخواوە دێتە خوارەوەو مەسیحیش لەوێنەی خوایەتیدا مومارەسەی دەکات، چۆن؟؟

**1- یەکانەیی دارِنراو:**

خوا، بە سیفەت ناشوبهێنرێت و لەهەموو سیفەتێک بەدەرە. چونکە هەموو سیفەتێک لەبەرئەوەی لەدەمی مرۆڤەوە دەوترێت، سنووری

---

[78] هەمان سەرچاوە و لاثەرە

[79] یوحننا 4: 24

[80] کولوس 15: 1

[81] مزمور 139: 8-12

[82] لەداهاتودا باسی دەکەین

[83] العقيدة والشريعة ص (174)

تایبەتی خۆی دەبێت و بە هۆی ئەم سیفەتانەوە خوا سنووردار دەکرێت، بۆ نموونە: ئەگەر بڵێین، خوا بە بەزەییە، ئەگەر بڵێین چەند؟!، ئەو کاتە مرۆڤ ئەوەندەی ئەقڵی بڕبکات، ڕێژەیەکی زۆر بەزەیی دەداتەپاڵ خوا. لێرەدا خوا، تەنها ئەوەندە بە بەزەییە کە لەئەقڵی مرۆڤدا ئامادەیی هەبێت، کەواتە سنووری هەبوو. لەبەرئەوە خوا لەو دیو سیفەتەکانەوەیە، بۆ نموونە ئەگەر بڵێین:

خوا بە توانایە، خوا زانایە، هتد، ئەوە هەڵەیەو دەبێت بوترێت خوا لەسەرووی تواناوەیە، خوا لەسەرووی زاناوەیە، کەواتە خوا بە هیچ شتێک ناشوبهێنرێت، بەڵام سەرووی ئەم سیفەتانە لەخوادا هەبووەو پێش دروستبوونی گەردوون مومارەسەی ئەم سیفەتانەی کردووە، بۆ نموونە خوا لەسەرووی زانابیەوەیە، ئایا خوا پێش دروستبوونی ئەم گەردوونە زانا بوو یان نا؟!

ئگەر بڵێین زانا نەبوو، پاشان بە هۆی دروستبوونی گەردوونەوە سیفەتی زانایی بۆخۆی هەڵگرت، ئەوا لێرەدا خوا گۆڕەرە (متغیر) ئەم سیفەتەش واتە گۆڕان لەسیفەتێکەوە بۆ سیفەتێکی تر، لەگەڵ خوادا ناگونجێت، چونکە خوا لەئەزەلەوە چۆن بووە، هەرواش دەمێنێت، زانایی لەپێش دروستبوونی گەرووندا لەخوادا هەبووە. کەواتە خوا سیفەتی هەبووەو داڕنراو (مجرد) نییە.

**2- یەکانەیی ڕەها:**

بە پێی ئەو پێناسەیەی کە لەیەکانەیی داڕنراودا کردمان بۆمان دەرکەوت کە خوا سیفەتی هەیە -بە لەبەرچاوگرتنی چۆنییەتی سیفەتەکانی- لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئایا خوا مومارەسەی سیفەتەکانی لەگەڵ کێ کردووە؟؟

ئەگەر بڵێین سیفەتی هەبووە بەڵام مومارەسەی نەکردووە، توشی هەمان کێشە دەبینەوە کە خوا دەبێت بە گۆڕەڕ (متغیر) وە خواش نەگۆڕەو



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لەئەزەلەوە چۆن بووە، هەروا هەتا ئەبەد دەمێنێت، ئەگەر بڵێین ئێستا، لەپاش دروستبوونی گەردوون، خوا مومارەسەی سیفەتەکانی ئەکات، ئەی پێش دروستبوونی گەردون مومارەسەی ئەم سیفەتانەی لەگەڵ کێ کردووە، !!، کەواتە شتێکی تر هەیە کە خوا پێش دروستبوونی گەردوون مومارەسەی سیفەتەکانی لەگەڵدا کردووە، ئەگەر بڵێین ئەو شتە چییە؟!، دەڵێن زاتی (خودی)ی خۆیەتی، بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خوا ڕەها (مطلق) نییە، بەوەی کە یەکە. بەڵکو لەیەک زیاترە.

3- **یەکانەیی کۆکراوەی بەرگر: (الوحدانیه الجامعه المانعه)**

وەک لەو دوو بەشەی ئاماژەمان پێدا، بۆمان دەرکەوت کە خوا سیفەتی هەیە، لەلایەکی تریشەوە مومارەسەی ئەم سیفەتانەی لەگەڵ زاتی خۆیداکردووە، کەواتە سێ شتمان بۆ دەرکەوت.

یەکەم، خوا

دووهەم، زات

سێهەم، سیفەت

لە راستیدا بوونی ئەم سێ خەسڵەتانە حەقیقەتی یەکانەیی دەردەخەن، بوونی زات و سیفەت وەک (خوا) وانەو پێناسەیان وەک پێکهاتە نییە. خەسڵەتەکانی خوا بە هۆی پەیوەندیەکانەوە بە خوا، دەبنە ئەزەلی و ئەبەدی و بەڵگەی پێکهاتەییەکانیشی بەم شێوەیەیە.

- بونەوەر، تایبەتە، حەقیقەتی دەرکەوتنی ئەم جۆرە تایبەتمەندیانە ماددەن و لەچەند شێوەیەکدا دەردەکەون، لەمەسیحیشدا خوا رۆحە.[84] و مادامەکی خوا هەموو شتێکە کەواتە خوا سیفەت و زاتیشە.
- هەموو سیفەتێکی خواش، لەبەرئەوەی موڵکی خوا خۆیەتی، وەک خوا ئەزەلی و ئەبەدین. ئەو سیفەتانەی کە هەیەتی وەک!

---

[84] یوحنا 4: 24

دادپەروەری و توانایی، بەزەیی، کەماڵی، هتد لەپێش دروستبوونی گەردووندا، هەر هەیبووە.

- بەڕێوەبردنی سیفەت و گەیاندنی بەزات، بە هۆی چەند خەسڵەتێکەوە دەبێت و هۆکاری هەیە کە لەناو خۆیدایە.

کەواتە: خوا، یەکە، چەند پەیوەندییەک لەنێوان خواو زاتی خوادا هەیە، سیفەتەکانیش لەناو خۆیدان چونکە ئەگەر لەدەرەوەی خۆی بن، ئەوە ئەگەیەنێت کە هاوەڵی هەبووە، ئەویش هاوەڵی نییەو پێکهاتەش نییە، چونکە لەتوخم پێکنەهاتووە، لێرەدا دەتوانین بڵێن کە خوا کۆکراوەیە،

بۆ مەسەلەی (بەرگر)یش (المانع) واتە ئەم کۆکراوەیە ناهێڵێت هیچ جۆرە سیفەتێکی دیکە بچێتە ناویەوە، یاخود لێی بێتە دەرەوە، ئەگەر شتی وا روو بدا، واتە ئەگەر شتی لێ بچێتە دەرەوە یان بچێتە ناویەوە ئەوا خوا دەبێت گۆڕەڕ (متغیر)، خواش گۆڕەڕ نییەو پێش دروستبوونی گەردوون چۆن بووە، هەرواش دەمێنێتەوە، کەواتە رێگرە لەهەموو جۆرە گۆڕانکارییەک. بۆیە مەسیحی یەکانەیی خوا بەکۆکراوەی بەرگر دەزانێت.

**هەندێک پرسیارو وەڵام**

پ : هیچ پەیوەندییەک دروست نابێت ئەگەر لەنێوان دواندا نەبێت، خواش یەکەو دوو نییە.

و : ئەگەر خوا خەسڵەتی نەبوو، هەروەها پێش دروستبوونی گەردوون خەسڵەتەکانی بەکار نەهێنا بوو، ئەوا لەدوای دروست بوونی گەردوونەوە گۆڕان بەسەرخوادا دێت چونکە خەسڵەتی بۆ دروست دەبێت. گۆرانکاریش بۆ خوا نییە، کەواتە پێشتر خەسڵەتی هەبووەو لەگەڵ زاتی خۆیدا مومارەسەی کردووە.

پ : خەسڵەت بەرەو زۆرینەمان دەبات، زۆرینەش پێکهاتە دروستدەکات.

و : خەسڵەتەکانی خوا مادده، یان توخم نین تا پێکهاتە دروستبکەن.



www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

پ : نابێت پەیوەندییەکانی بوونەوەری ئاقڵ، لەگەڵ خواو زاتی خوادا بشوبهێنرێت.

و : مەسیحی ئەو لێکچونە ناکات، بەڵام بەرهەمی پەیوەندی و سیفەتەکانی خوا بەزاتی خۆیەوە، لەگەڵ ئەزەلیەتی خوادا، ئەم ناوو سیفەتانەی بەرهەم هێناوەو ئەقڵی مرۆڤیش تەنها لەڕێی وشەوە دەتوانێت بیدرکێنێت، ئەوەی ئێستاش لەبەردەستایە تەنها وشەیە، دەنا خوا لەسەرووی هەموو سیفەتێکەوەیە.[85] یەکانەیی خواش لەخەسڵەتەکانیەوە دەردەکەوێت.

پ : کۆکراوەکان چ ناوێکیان هەیە.

و : ئەو پرسیارە وەڵامی زۆری دەوێت. چونکە چەمکی (بۆتە) (اقنوم) دێتە ئاراوە، خوا یەکێکە لەبۆتەکان، زاتیش بۆتەیەو سیفەت و خەسڵەتەکانیشی دەبنە بۆتەیەکی دیکە. واتە ((خوا، سێ بۆتەیە (ثلاث اقانیم))).[86] بۆتە، توخم نییە، بەڵکو زات و سیفەتەکانی خوان و لەهەر یەکێک لەو بۆتانەدا خوای تێدایە.[87] بۆتەی خوا، خوایە، بۆتەی زات هەر خوایە، بۆتەی سیفەتەکان، هەر خوایە، هەر یەک لەبۆتەکان، هەموویانن و هەمویان یەکێکیانە.

بۆتە، وشەیەکی سریانییەو پێناسەی شتێکە کە ماددە نەبێت. بەڵکو ناوێکە بۆ شتێک بەکاردێت کە پێناسە نەکرێت، ئەم وشەیە لەزمانی لاتینیدا بە کەمێک گۆڕانەوە وەرگیراوە. (Aeguanimita) واتە پێش هەموو شێوەو یاسایەک. لەزمانی عەرەبیدا هیچ وشەیەک لەبەرامبەریدا نییەو وشە سریانییەکەیان بەکارهێناوە.[88] (منیش لەبەرامبەردا ئەم وشەیەم (بۆتە) بەکارهێناوە)

---

[85] پێشتر ئاماذەمان بۆ کردووە.

[86] الاقانیم د0کاظم یعقوب سلمان دار النشر الطبعة الثالثة سنة 1997 ص (27)

[87] زۆرجار لەکاتی سویندا دەوتریت (بەزات و سیفەتی خوا)

[88] الاقانیم ص (27)

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

لە مەسیحیشدا، ئەم بۆتانە جیاوازیان نییەو ناڵێن بۆتەکانی ناوخوا، بەڵکو دەڵێن بۆتە خوایەو خوا بۆتەیە.[89] لەراستیدا یەکەم ژمارە کە تاک بێت ژمارەی (سێ)یە نەک (یەک). ژمارەی یەک، دەسپێکردنی ژمارەکانەو پەیوەندی بە تاکو جوتەوە نییە. یەکەم ژمارەی تاک (سێ)یە. هەروەها چەند نەریتێکی باویش هەن کە هەموویان ئاماژە بە (سێ)دەکەن، رۆژانی ماتەمی (سێ) رۆژە، (سێ)جار رزگاربوون لەکارەسات، واتە ژیانی کەسەکە. لەلای خۆشمان واباوە ئەگەر دووجار شووشە بشکێت، خاوەنماڵ بەدەستی خۆی شتێکی دیکە دەشکێنێت، بۆ ئەوەی ببێت بە (سێ)، گوایە ئەگەر وانەکات، رووداوی ناخۆش دەبینێت. لێبووردن تەنها (سێ) جارە، دەستنوێژ (سێ) جار دەشۆردرێت. تەکبیر (سێ) جارە، وتنەوەی ناوی خوا لەنوێژدا (سێ) جارە، تەڵاق (سێ) جارە، سوێندخواردن (سێ) جارە، پەیوەندی خواو مرۆڤ (سێ) شتە (1) خوا (2) پەیامبەر (3) موعجیزە، لەتەوراتا ژمارە (سێ) واتە کامڵ بوون، بۆ نموونە:

خوا بە داود دەڵێت: (سێ) جار لێت دەدەم و تۆش.[90]

هەتا (سێ) ساڵ بژین.[91]

دانیال (سێ) جار لەسەر ئەژنۆکانی سوجدەی دەبرد.[92]

(سێ) جار بۆم بژمێرن.[93]

گوێرەکەیەک هەڵبژێرە کە تەمەنی (سێ) ساڵ بێت.[94]

لەئینجیلیشدا چەند نموونەیەکی روونترمان دەست دەکەوێت بۆ نموونە:

---

89 اللة في المسيحية ص (128)

90 صموئيل 24: 12

91 دانيال 1: 5

92 دانيال 6: 11

93 خروج 23: 14

94 تكوين 15: 19

((چۆن یونس (سێ) ڕۆژ و (سێ) شەو لەناوسکی نەهەنگدابوو، هەر ئاواش ڕۆڵەی مرۆڤ (مەسیح) (سێ) ڕۆژ و (سێ) شەو لەناو دڵی زەویدا دەمێنێتەوە)).[95]

ئەوەی خوا پاکی کردۆتەوە، تۆ بە پیسی دامەنێ، ئەمەش (سێ)جار دووبارە بۆتەوە.[96]

هەندێک نموونەی تریش لەژیانی ئاسایدا دەبینین کە پێکهاتەیان سێینەیە.

بۆ نموونە:

- ئاو بریتییە لە
  - هایدرۆجین
  - هایدرۆجین
  - ئۆکسجین
- هەوا:
  - ئۆکسجین
  - هایدرۆجین
  - نایترۆجین
- مادده :
  - غاز
  - شلە
  - ڕەقی
- زەمەن :
  - ڕابردوو
  - ئێستا
  - داهاتوو
- گەردیلە:

[95] مەتتا 12: 40

[96] اعمال الرسل 10: 16



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

- برۆتۆن
- نیوترۆن
- ئەلكترۆن

## جۆری بۆتەكان

مەسیحی، بۆ بەڵگەكانی پشتێكی زۆر بە تەورات دەبەستێت، تەورات، بەشی یەكەمی بڕوادارانەو ئینجیلیش بەشی دووهەمە. لەبەرئەوە بۆ سەلماندنی هەندێك بۆچوون، وا پێویستدەكات وەك سەرچاوە پشت بە (پەیمانی كۆن)یش ببەستین لەجۆری بۆتەكانیشدا دەڵێین:

(1500) ساڵ پێش زایین، موسى وتویەتی:

(في البدو خلق الله السماوات والارض وكانت الارض خربة وخالية وعلى وجه الغمر ظلمة وروح الله يرف على وجه المياه).[97]

وەك دەردەكەوێت بە جیا لەخوا، باسی رۆح كراوە، لەو كاتەدا رۆحی خوا (و روح الله) بەجیا ئاماژەی بۆكراوە. كەواتە رۆح بۆتەیەكە لەبۆتەكانی خوا.

(1000) ساڵ پێش زایین، داودی پەیامبەر وتوویەتی: ((خوا بە وشە ئاسمانەكانی دروست كردووە)).[98] لەشوێنێكی دیكەدا بە خوا دەڵێت: رۆحەكەت دەنێرێت، ئەویش دروستی دەكات.[99]

بەم دوو وتەیە، سەربارى ئەوەی (رۆح)ی خوا دێت و دەچێت، مانای بۆتەیەكی دیكە دەردەكەوێت كە ئەویش وشەیە. وشە هێزو توانای خوا دەردەخات. رۆحیش (روح الله) رۆحی خوایە كەواتە (وشە) و (رۆح) ی خوا، دەبنە خوا. هەریەك لەوانە واتە هەر سێكیان، چ وشەبێت، چ رۆح بێت، چ خۆی بێت (خوا). وە هەر سێكیشیان یەكێكن.

---

[97] تكوين 1: 1–2

[98] مزمور 33: 6

[99] مزمور 104: 30

(700) ساڵ پێش زایین، ئەشعیای پەیامبەر وتویەتی:
((پێش ئەوەی گەردوون دروست بکرێت، من هەبووم " ئێستا ئەو (خوا) منی ناردووە، خواو رۆحەکەی لەناو مندا قسە دەکەن و خواش وا ئەڵێت.[100]

لەم وتەیەدا، جگە لەوەی کە خواو رۆحی خوا دیاری کراوەو لەقسەکەی تریشیدا وشە دیاریکراوە، حاڵەتێکی دیکە بەرچاودەکەوێت، ئەویش چوونی خواو رۆحی خوایە بۆ ناو لەشی مرۆڤێک. هەروەها خواو رۆحەکە دیاریکراوەو ئەشعیاش بووە بە وشە. هەر بۆیە دەڵێت: من سەرەتام و من کۆتایم و بەم دەستانەم زەوی دامەزراوە.[101] بەم بەڵگانە دەردەکەوێت کە ژمارەی بۆتەکان سیانن: خۆی + رۆحەکەی + وشەکەی = خوا

**سێگانەیی ((التثلیث)) لەلای مەسیحی**

تا ئێستا دوو خاڵی گرنگمان بۆ دەرکەوتووە:یەکەمیان: یەکانەیی خوا، کۆکراوەی بەرگرە دووهەمیان: سێ بۆتەیە، لەم چەمکەوە سێگانەیی مەسیحی دەست پێدەکات:

- باوک، الاب
- رۆڵە، الابن

---

[100] اشعیاء 48: 15و16
[101] اشعیاء 48: 12و13



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

- رۆحی ڕەوان، الروح القدوس

نە باوک رۆڵەی لێبووەو نە رۆڵەش لەو بووە. بەڵکو هەردووکیان یەک شتن، هیچ کامێکیان (بەرۆحەوە) لەهاتنەبووندا پێشی ئەوی تریان نەکەوتووە، ئەو دوانە وەک سیان یاخود باشتر بڵێین هەرسێکیان ئەزەلین و تا ئەبەدیش ئەبن. لەباوەڕی مەسیحیشدا ئاوای لێ دێت:

باوک واتە: خۆی (خوا)

رۆڵە واتە: وشە (مەسیح)

رۆحی ڕەوان واتە: رۆحی خوا (زات)

هیچ یەکێکیش لەو بۆتانە، کاری جیاوازی نییە، بەڵکو خۆی بیکات یان وشە، یان زات، هەریەکێکن و دەڵێن خوا کردوویەتی. مەسیح دەڵێت: هیچ کەسێک وەک باوک رۆڵە ناناسێت، وە هیچ کەسێکیش وەک رۆڵە باوک ناناسێت.[102] چونکە شێوەو جۆری پەیوەندییەکە تەنها خۆیان دەزانن و چەندیش باوک، رۆڵە بناسێت واتە چەند خۆی (خوا) وشە بناسێت، ئەوەندە رۆڵە، باوک دەناسێت یان ئەوەندە وشە، خوا دەناسێت. هەروەها، مەسیح دەڵێت: ئەگەر ئێوە بمناسن، ئەوە باوکیشم دەناسن، لەبەرئەوەی منتان دیوە لەئێستە بەولاوە دەیناسن و بینیوتانە.[103] لەهەندێک شوێنی دیکە، مەسیح زۆر لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە وشەی خوایە، ئەوەتا دەڵێت (لە پەیامبەران مەزن ترم).[104]

یەحیای پەیامبەریش وتوویەتی: ئەو پەیامبەرەی لەدوای من دێت، لەپێش من (بوون)ی هەیە.[105] مەسیح خۆی دەڵێت: ویستی خودا، بوو بە وشەو

---

[102] مەتتا 11: 27

[103] یوحنا 14: 7

[104] مەتتا 11: 9

[105] یوحنا 1: 15

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

وشەکەش هاتە ناومەوەو لەناومدا جێگیربوو.[106] کەواتە مەسیح، وشەی خوایەو لەناو مرۆڤێکدا دەرکەوتووە. بۆیە کۆلۆسی دەڵێت:

(عیسا وێنەی خوای نەبینراوە، نۆبەرەی هەموو بونەوەرانە، هەر بەویش هەموو شتێک دروست بووە، عیسا پێش هەموو شتێک بووەو هەر لەئەویشدا هەموو شتێک دەبێت، خوا حەزیکرد بە هەموو پڕی خۆی، لەعیسادا بەرجەستە ببێت).[107]

ئێستا بۆمان دەرکەوت کە عیسا (مەسیح) وشەیە. وەک حیکایەتیش کە لەباوەڕدا هەیە، بە هۆی فووپێداکردنی خواوە بۆ ناوسکی مەریەم، عیسا لەدایکبووە.[108] کەواتە، عیسا دەبێتە بۆتەیەک لەبۆتەکانی خواو پێیدەوترێت رۆڵە.[109] (رۆڵە) ئەو وشەیەیە تا مانایەک بەو چەمکە ببەخشێت. لەبەرامبەر وشەدا، (لوغوس)ی یۆنانی هەیەو عەرەب هەر لە (الکلمة)دا هێشتویەتیەوە. ئینجیلیش هەر بە (وشە- الکلمة) هێناویێتی، (هەتا هەموومان تێبگەین و بەو تێگەیشتنەش بگەینە باوەڕو ناسینی رۆڵەی خوداو ببین بە مرۆڤێکی پێگەیشتوو، بگەین بە ئاستی تەواوی باڵای مەسیح.[110] چونکە، (عیسی وێنەی خوای نەبینراوە، نۆبەرەی هەموو بونەوەرانە.[111] عیسی، رێگای راستی ژیانەو بە هۆی عیساوە نەبێت کەس ناگاتە خوا).[112]

عیسای مەسیح، وشەی خوایە، وشەی خواش، ئەزەلی و ئەبەدییە، کەواتە عیسا، هەر لەئەزەلەوە هەبووە، هەر لەبەرئەوەشە بۆ ئاسمان هەڵکشایەوە

---

[106] یوحنا 1: 4

[107] کولوسی 1: 15-20

[108] مەتتا 1: 8

[109] لە پێناسەی زانستیدا وشەی رۆڵە بەمانای کوڕ نایەت بەڵکو مانایەکی مەعنەوی هەیە بۆ نموونە دەوترێت (فلآنەکەس رۆڵەی ئەم نیشتمانەیە)

[110] افغوس 4: 13

[111] کولوسي 1: 15

[112] یوحنا 14: 6

بۆ ئەوەی تا ئەبەد بمێنێت، هەر لەو کاتەوەی لەمرۆڤدا لەدایکدەبێت و هەتا ئەو کاتەی هەڵکشایەوە بەرەو ئاسمانەکان، کەمترین و بچوکترین گوناهی نەکردووە. بەڵکو بەکارێک هەڵساوە کە تەنها لەتوانای خوادابووە بۆ نموونە:

1- مردووی زیندوو کردتەوە.[113] .
2- چاوی کوێری رۆشنکردۆتەوە.[114]
3- پێشبینی کردووەو لەغەیبی زانیوە.[115]
4- بەسەر ئاودا رۆیشتووە.[116]
5- نەخۆشی چاککردۆتەوە.[117]

## چەند نموونەیەک بۆ لێکچواندنی بۆتەکان

1- باوک، خوایە................................. ..... 2تەسالۆنیکی 2 :16
2- رۆڵە، خوایە........ ........ ........ ...... ......مەزموور 45 : 6 + 7
3- رۆحی ڕەوان، خوایە........ ........ ........ اعمال 5 : 3 + 5
4- باوک، خاوەنی هەموو شتێکە........ ........ مەتتا 11 : 25
5- رۆڵە، خاوەنی هەموو شتێکە........ ........ اعمال 10 : 36
6- رۆحی ڕەوان، هەموو شتێکە........ ....... 2 کۆرنسۆس 10 : 36
7- باوک، ئەزەلییەو ئەبەدییە، ........ ........ دانیاڵ 6 : 26

[113] لوقا 8: 49-56 *مرقوس 5: 21-24
[114] مەتتا 20: 29-34 *لوقا 18: 35
[115] *مەتتا 20: 17-19 وە 17: 22-23
[116] مەتتا 14: 22-23 *یوحننا 6: 16-24
[117] یوحننا 5: 1-16



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

8- رۆڵە، ئەزەلییەو ئەبەدییە........ ........ رۆیا 1 : 8

9- رۆحی ڕەوان، ئەزەلییەو ئەبەدییە........ عیبرانیەکان 9 : 14

10- باوک، زیندەبەخشە........ ........ ........ یۆحەننا 6 : 57

11- رۆڵە، زیندەبەخشە........ ........ ........ رۆیا 1 :8

12- رۆحی ڕەوان، زیندەبەخشە........ 2 کۆرنسۆس 3 : 3

13- باوک، پیرۆزە........ ........ ........ ........ یۆحەننا 17 : 11

14- رۆڵە، پیرۆزە........ ........ ........ ........ لۆقا 1: 35

15- رۆحی ڕەوان، پیرۆزە........ ........ رومیە 1:4

16- باوک، حەق و حەقیقەتە........ ........ یوحەننا 17: 17

17- رۆڵە، حەق و حەقیقەتە........ ........ یوحەننا 14: 6

18- رۆحی ڕەوان، حەق و حەقیقەتە........ ........ یوحەننا 5 : 26

19- باوک، بە توانایە........ ........ ........ ........ عیبرانییەکان 5 : 7

20- رۆڵە، بە توانایە........ ........ ........ ئەشعیا 9 : 6

21- رۆحی ڕەوان، بە توانایە........ ........ 2 تیموساوس 1 : 7

22- باوک، خۆشەویستە........ ........ یۆحەننا 16 : 27

23- رۆڵە، خۆشەویستە........ ........ یۆحەننا 16 : 27

24- رۆحی ڕەوان، خۆشەویستە........ 2 تیموساوس 1 : 7

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

## لە درووشمەکانی مەسیحی

ئەگەر باس لەدروشمی مەسیحی بکەین ئەوە ناگەیەنێت کە باس لەچەند عەقیدەیەکی مەسیحی دەکەین چونکە عەقیدە بنەمای بڕوابوونی بەندەکانە بۆ خوای باوک و خوای رۆڵەو خوای رۆحی ڕەوان. واتە سێگانەیی، بەسێینەکردن، سیانەکردن (التثليث) لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی مەسیح پەیوەندی بە خاچکردنەوەوە هەیە کە پاشان دێینە سەری. وە هەر کەسێکیش عەقیدەی بەمە نەبوو ئەوە نابێتە مەسیحی.

بەڵام دروشمەکان جیاوازن و پێویستیشن و دەبێت هەموو مەسیحییەکیش جێبەجێیان بکات. دروشمەکانیش حەوت دانەی لەیەک جیاوازن، بەڵام لەهەموویان گرنگتر سیانن: لەئاوهەڵکێشان، ئێوارەخوانی خواوەند، پیرۆزکردن و هەڵگرتنی خاچ.

### یەکەم: لەئاوهەڵکێشان.

ئەم دروشمە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەموو مەزهەبەکانی مەسیحی بەڕێوەی دەبەن، لە ئاوهەڵکێشان، جۆرە نەریتێکە پێش عیسا هەبووەو عیساش خۆی لەسەردەستی یۆحەننای لەئاوهەڵکێش (يوحنا المعمدان) لەئاو هەڵکێشراوە. مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە کە مرۆڤ بە هۆی ژیانەوە توشی گوناهو خراپە دەبێت و دەبێت بۆ یەک جاریش بێت

لەژیانیدا خۆی لەئاو هەڵکێشێ و گوناهو خراپەکانی بداتە دەم ئاو، بەم شێوەیەش لەهەموو کارێک پاک دەبێتەوە. ئەگەر پێش خراپە ئەم کارەش بیکات، ئەوە چاکترە.

هەتا ئێستا مەسیحییەکان، بۆ ئەو کاتانەی کە لەئاوهەڵکێشانی تێدا بەجێدەگەیەنن یەکیان نەگرتوەو پێیان وایە هەر کاتێک بکرێت هیچ جیاوازییەکی نییە، لەبەرئەوە هەندێکیان هەر بە منداڵی لەئاو هەڵدەکێشرێن و هەندێکی تر هەر کاتێک بیانەوێت دەیکەن.

بەڵام گرنگی لەوەدایە کە قەشەیەک بە ناوی خوای باوک و خوای رۆڵەو خوای رۆحی ڕەوان ئامادە بێت تا خەڵک لەئاو هەڵبکێشێت. بێجگە لەقەشە، نابێ هیچ کەسێکی تر ئەو کارە بکات، مەگەر زۆر زۆر پێویست بێت و لەو کاتەدا قەشە ئامادە نەبوبێت. وەک کەسێک لەجێگای مردندا بێت و تا ئەو کاتەش خۆی لەئاو هەڵنەکێشابێت، بۆ ئەمە بەناوی لە(ئاوهەڵکێشانی پێویست) (تعميد الظرورە) بەبێ قەشە ئەنجامی دەدەن. لە ئاوهەڵکێشان، یەکێکە لەو کارە پێویستیانەی کە دەبێت هەموو مەسیحیەک بیکات.

لە ئاوهەڵکێشان، واتە (بڕوابوون بە خوای باوک و خوای رۆڵەو خوای رۆحی ڕەوان، هاتن و لەخاچدانی عیسای مەسیحیش پاکردنەوەی مرۆڤە لەو گوناهەی کە لەلایەن باوەگەورەیانەوە (ئادەم) ئەنجام دراوە، چونکە (هەر بەهۆی عیساوە بەندەکان ڕزگاریان دەبێت).[118]

### دووهەم: ئێوارەخوانی خوداوەند (العشاء الربانی)

ئەم ئێوارەخوانە، هێمایەکە بۆ ئەو ئێوارەیەی کە عیسا بۆ دواجار لەگەڵ قوتابییەکانیدا نانی خواردو شەرابی نۆشی، چونکە خواردن و خواردنەوەکەی لەگەڵیاندا بەشکرد. بەبۆچوونی ئێستای مەسیحی، لەو ئێوارەیەدا (نان) لەشی عیسایە کە لەپێناوی رزگاربوونی مرۆڤایەتیدا لەت

[118] وحدة الدين والفلسفة والعلم،سيد محمود ابوفيض،ص (132)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

کرا، (شەراب)یش هێمایەکە بۆ خوێنی عیسا، کەڕژایە سەر زەوی و بەو خوێنە، خۆبەختکردنی عیسا وەرگیراو رزگاربوون هاتەدی.

لەو ئێوارەیەدا کەمێک نان و شەراب بەیادی کاروکردارەکانی دوا شەوی ژیانی مەسیح دەخورێ و دەخورێتەوە. هەر کەسێکیش ئەو پارچە نانە بخواو ئەو تۆزە شەرابە بنۆشێت، ئەوا یەکگرتنێک لەنێوان نان و لەشی مەسیح و شەراب و خوێنی مەسیح و فێرکردنەکانی روودەدات.

لە نامەکەی پۆڵس کە بۆ کورنسۆسی نوسیوە، دەڵێت:

پێش دەستگیرکردنی عیسا، لەو شەوەدا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خوای کردو نانەکەی لەتکردو وتی:

وەری بگرن و بیخۆن، ئەمە لەشی منە لەپێناوی ئێوەدا لەت بوە، جا ئەمە بکەن بۆ یادکردنەوەم. بە هەمان شێوە دوای نان خواردن جامەکەی هەڵگرت و ووتی: ئەمە جامە، پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، جا ئەمە بکەن، هەر جارێک دەیخۆنەوە ئەوە یادی من دەکەن.[119]

لە ئینجیلی یۆحەننا بەشی شەش، ئایەتەکانی 53 و 56 عیسا دەڵێت: ئەگەر لەشی رۆڵەی لەمرۆڤ بوو نەخۆن و لەخوێنی نەخۆنەوە، ژیان لەئێوەدا نییە، بەڵام ئەوەی لەشم بخوات و خوێنم بخواتەوە، ژیانی هەتا هەتای دەبێت، هەروەها لەرۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە، چونکە لەشم خۆراکی راستەقینەیەو خوێنیشم خواردنەوەی راستەقینەیە. هەرکەسێک لەلەشم بخوات و لەخوێنم بخواتەوە، لەمندا جێگیر دەبێت و منیش لەودا جێگیر دەبم.

### سێهەم: پیرۆزکردن و هەڵگرتنی خاچ

[119] کرونسوس 11: 23-26



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

لەلای مەسیحی، پێش ئەوەی عیسا لەخاچ بدرێت، خاچ پیرۆز کراوە، چونکە عیسا رۆژێ لەرۆژان پێیوتبون: ئەگەر هەر کەسێک دەیەوێت دوام کەوێت، با واز لەخۆی بهێنێت و خاچەکەی هەڵگرێت و دوام کەوێت.[120]

خاچ، واتە: وازهێنان لەخودو مردن لەپێناوی مەسیحدا، بەڵام هەموو مردنێک نا، بەڵکو مردنێک کە ئەو کاتە بەناخۆشترین حاڵەت ناودەبرا ئەویش لەخاچدان بوو. لە دوای مردنی عیسا، خاچ زیاتر پیرۆز بوو. لەگەڵ ئەوەی هەمان مانای سەرەوەی هەبوو مانایەکی ترشی خرایە پاڵ ئەویش ئەوەیە بە هەڵگرتنی ئەو هێمایە (خاچ) واتە بیرکردنەوەی بەردەوام لەو خۆبەختکردنە گەورەیەی کە عیسا پێیهەڵساوەو بە تراژیدیایەکی قووڵ و سەرسورهێنەری دەزانن، ئەم مانایە ئێستا باوترە.

## چەمکی بنەڕەتی لەخاچدانی مەسیح

چەمکی لەخاچدانی مەسیح، بنەمای دووهەمە لەبنەماکانی عەقیدەی مەسیحی، بنەرەتی ئەم بابەتە لەلایەن مەسیحییەوە، ئەمە دەگەینێت کە: دوو سیفەت لەسیفەتەکانی خوا، دادپەروەری و بەزەییە، جا بۆ ئەوەی دادپەروەری خۆی بەسەر وەچەکانی (ئادەم)دا بسەپێنێت، پێشەکی هاتووە سزایەکی سەختی بەسەر هەموو وەچەکانی ئادەمدا سەپان، تاوانباری کردن بەوەی کاتی خۆی باوکیان لەبەهەشتدا هەڵەیەکی کردووەو بەو هەڵەیەش خوا لەبەهەشت دەری کردووەو تاوانەکەش هەموو وەچەکانی دەگرێتەوە. ئەم تاوانکارییە کە ئادەم بەجێیهێناوە بوە هۆی دوور خستنەوەی رۆڵەکانی لەبەروبووم و خۆشییەکانی بەهەشت، ئەو پەیوەندییە نزیک و خۆشەویستییە قوڵەی نێوان خواو مرۆڤی بچڕاندوەو ماوەیەکی زۆریشی خایاندووە، لێرەوە سیفەتی دووهەمی خوا کە (بەزەیی)یە دەستپێدەکات، بەزەیی بەو کەسانەی کە بەهۆی گوناهی باوە

[120] لوقا 9: 23



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئادەمەوە لەخوا دوور کەوتونەتەوە، بۆیە خوا بەزەیی پێیاندا هاتۆتەوەو لەو گوناهە خۆشبووە، بەڵام بە چ کەفارەتێک؟، دیارە لەهەموو شەریعەتەکانی ئاییندا گوناه بە کەفارەت دەسڕێتەوە، ئایا کەفارەتی بەشەر بۆ گوناهەکەی باوە ئادەمیان دەبێت چی بێت؟!!.

ئاشکرایە کە گوناهی بچووک کەفارەتی بچووکی هەیە، خراپەیەک یا گوناهێک لەنێوان مرۆڤەکاندا بە کەفارەتێکی وا دەسڕێتەوە کە مرۆڤەکان پێیان خۆشبێت و بۆیان بکرێت، بەڵام گوناهێکی گەورە کە باوە ئادەم کردوویەتی و هەموو وەچەکانی بەدەست ئەم گوناهەوە گیریان خواردووە، پێویستی بە کەفارەتێکی گەورە هەیە، گوناهەکە لەنێوان دوو مرۆڤدا نەکراوە، بەڵکو لایەنێکی ئەم کەفارەتە خوایە، بۆیە کەفارەتێک پێویستە کە لەگەڵ گەورەیی خوادا بگونجێت،

بۆ بەستنەوەی بەخشین و دادپەروەری و بەزەیی خواو کەفارەتێک کە لەگەڵ گەورەیی خوادا بگونجێت، مەگەر هەر خوا خۆی ئەم کەفارەتە دیاری بکات، ئەویش ناردنی بەشێک لەخۆی واتە ناردنی مەسیح و دواتر لەخاچدانیتی، چونکە عیسا بۆ ئەوە نەهاتووە خزمەت بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە کە خزمەت بکاو خۆی پێشکەش بکاو خۆی بکاتە قوربانی، تا خەڵکانێکی زۆر رزگاریان ببێت.[121] نەهاتوە تا خەڵکی تاوانبار بکات بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە تا هەموو خەڵکی جیهان رزگار بکات.[122] تەنها مەسیحیش دەتوانێت ئەو کەفارەتە گەورەیە بدات، چونکە رۆڵەی خودایەو خۆشەویستی خودایەو وشەی خوایە، رۆحی خوایەو پەیامبەری خودایە.

جا ئەگەر هەتا لەخاچدانی مەسیح گوناهێک هەبوبێت و بەهۆی ئەو گوناهەوە کە باوە ئادەم کردوویەتی، پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ کەم بوبێتەوە، ئەوا لەدوای لەخاچدانی مەسیح، خوا لەو گوناهە خۆش بووەو

[121] مرقوس 10: 44

[122] یوحنا 3: 17



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

لەوەودوا هەرکەس بە پێوانەی گوناهەکانی کەسێتی خۆی، پەیوەندی لەگەڵ خوادا زۆر یان کەم دەبێتەوە.

نوسەرێکی مەسیحی (الفرید) دەڵێت:

هەموو کامڵبوونێک، تەنیا بۆ خوایە، مرۆڤ کامڵ نیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەڵە دەکات و ئەو هەڵەیە لە(کامڵبوون)ی دووردەخاتەوە، هۆکارەکانی بچڕانی پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ، لەگوناهکردندایە، هەر کاتێک گوناهی کرد، دەبێت کەفارەتی بدات، مەگەر خوا چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ کەفارەتی گوناهی باوە ئادەم، خوا تاقانەکەی خۆی نارد، ئەو تاقانەیەی کە هەر خۆی دەیناسێت.[123]

وادەردەکەوێت تەنها لەخاچدانی مەسیح کەفارەت نەبوو!!، بەڵکو پێش لەخاچدانی ئازارێکی زۆردراو زەحمەتێکی زۆری کێشاو ئەویش هەر بە کەفارەت دادەنرێت.

## مەسیح و مەسیحییەکان لەبۆچوونی یەهودیدا

لە ڕوانگەی یەهودییەوە، دەبێت مەسیح لەدوو ڕێچکەوە تەماشا بکەین، ڕێچکەی یەکەم: مەسیح، وەک عیسای کوڕی مەریەم، دووهەم: مەسیح، وەک ڕزگارکەرو پادشاهێتی هەموو جیهان.

هەرچی یەکەمیانە، ئەگەر سەرتاپای ئایینی یەهودی و پەیمانی کۆن (تەورات) بخوێنینەوە لاپەڕەی مێژووەکانیان پەڕە بە پەڕە هەڵبدەینەوە، بە هیچ شێوەیەک ناوی عیسای کوڕی مەریەم و گرتن و لەخاچدانی باس نەکراوە، لەدوورو لەنزیک ناوی نەهاتووە. هەر ئەمەش وای لەهەندێک ڕۆژئاوایی کرد کە عیسا بە کەسێتییەکی ئەفسانەیی تێبگەن.

---

[123] اللة في المسيحية ص (181)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

ئەگەر یەهودییەکان لەعیسا بدوێن و باسی کوشتنی بکەن، وەک خۆیان دەڵێن، ئەوە ناگەیەنێت کە عیسا لەناو ژیان و مێژوو و کتێبی ئەواندا هاتووە، بەڵکو وەک ئەوە باسی دەکەن کە مەسیحییەکان ئیدعای ئەوە دەکەن عیسا مەسیح بووەو هاتوو یەهودییەکان گرتیان و کوشتیان،

لەوانەیە باس نەکردنی عیسا لەلای یەهودی ئەوە بگەیەنێت کە بڕوایان بە عیسا وەک نێرراوێکی خوایی نەبێت و ئەو موعجیزانەشی کە باسی لێوەدەکەن بێجگە لەوەهم و خورافەو داستانێکی دروستکراو، هیچ شتێکی دیکە نەبێت. دەنا کەسێک بتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە!!! چۆن کڕنوشیان بۆ نەبردووەو هەموویان دواینەکەوتوون!!!؟.[124]

ئەمە وا دەگەیەنێت عیسا، کەسێکی بەرهەڵستکاری سەردەمەکەی خۆی و یەهودییەکان بێت و ئەوانیش لەبەرنگاربوونەوەی ئەم بەرهەڵستکارییەدا گرتوویانەو سزایانداوە کە ئەویش کوشتنەو هەرچی مەسەلەی لەخاچدانیشە، ئەو کاتە لەو شێوەیەدا خەڵکیان دەکوشت و پێش عیساو دوای عیساش بەسەدان و هەزاران کەس بەوێنەی عیسا لەخاچدراون و هەر لەگەڵ خودی عیسا خۆیدا، دوو دزی تر لەخاچدراون.

خۆ ئەگەر بەلایەنەکەی دیکەدا مەسیح وەک وشەو چەمک وەربگرین، دەبینین لەکتێبی تەوراتدا باسی لێوەکراوە، بە شێوەیەک کە دەردەکەوێت و دەبێتە پاشایەکی گەورەو دەسەڵاتی ڕەهای دەبێت و هەموو گەورەییەکان بۆ یەهودیی دەگەڕێنێتەوە. لەپێناوی ڕەگەز و ئایین و هەڵبژاردەترین نەتەوەی دونیا کە یەهودییە، کاردەکات، بەڵام ئەم مەسیحە هەتا ئێستا دەرنەکەوتووەو هەر لەچاوەڕێیدان.[125]

## مەسیح لەبۆچوونی ئایینی ئیسلامدا

[124] العقيدة والشريعة ص (203)

[125] هەمان سەرچاوەو لاپەرە



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

یەکێک لەباوەڕەکانی ئایینی ئیسلام، بڕواهێنانە بە نێردراوەکانی خوا کە پەیامبەران دەگرێتەوە. عیسا، یان مەسیح یەکێکە لەو نێردراوانەی خواو قورئان باسی کردووەو باوەڕی پێهێناوەو جگە لەوەش بە کەسێکی پاک و بێغەوش و بە تواناو خاوەن موعجیزە وێنەی کێشاوە.

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی باوەڕبوون بە مەسیح لەمەککەدا، پێش دەرکەوتنی پەیامبەری ئیسلام بووەو کۆمەڵێک بڕواداری مەسیحی لەمەککەدا هەبوون. لەوانە وەرەقەی کوڕی نەوفل کە دەبێتە مامی ژنی یەکەمی پەیامبەری ئیسلام. هەندێکیش لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە وەرەقە، مەسیحی نەبووە، بەڵام باوەڕی بە پەیامبەرایەتییەکەی هەبووەو هەوڵیداوە ئینجیل وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و عەقیدەی وەرەقە زیاتر بەلای حەنەفییەکاندا چووە کە قورئان ئاماژەی بۆ کردوون.

کاتێک کە موسڵمانەکان لەسایەی نارەحەتی ژیانی مەککە، بەرەو حەبەشە کۆچیان کرد، ئەرستۆکراتەکانی مەککە کە لەگەڵ (نەجاشی) ئیمپراتۆرییەتی حەبەشە پەیوەندییان هەبووە، پێی سەرشۆڕبوون و هەندێک لەقورەیشییەکانی مەککە بە سەرۆکایەتی (عمرو بن عاص) چوونەتە لای نەجاشی و داوایان لێکردووە ئەو راکردووانە بگێڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و تێیانگەیاند کە لەخۆڕایی ڕایانکردووەو دەسەڵاتدارانی شاری مەککە دەتوانێت ژیانیان بپارێزن. لەم پێناوەشدا ئامادەن پەیمانبدەن.

بەڵام نەجاشی ڕازی نەبووە. (عمرو بن عاص)یش هەوڵیدا هەرچۆنێک بێت کارێک بکات تا لەگەڵ خۆیاندا بیانباتەوە، بۆیە بە نەجاشی وت: (نەجاشی یەکێک بوو لەبڕوادارانی مەسیحی) کە موسڵمانەکان بڕوایان بە مەسیح نییەو باس لەئایینێکی نوێ دەکەن کە مەسیح نەیهێناوەو بە خراپە ناوی مەسیح دێنن.

www.xwdakan.com net org



بـۆ وەڵام دانــەوەی ئـەم تۆمــەتــە (جعفـر بـن ابـی طالـب) لــەجیــاتی موسڵمانەکان، چەند ئایەتێکی بۆ نەجاشی خوێندنەوە.

(وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا، فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا، قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا، قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا، قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا، قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا).[126]

کاتێک نەجاشی گوێی لەم چەند ئایەتە دەبێت، وەفدەکەی مەککە وەڵام دەکات و موسڵمانەکان لای خۆی گلدەداتەوە.[127]

بەداخەوە ناکرێت ئەم چەند ئایەتە بکەینە ئەو کوردییەی کە موسیقاو ئاوازی تایبەتی خۆی لەدەستنەدات. چونکە بەزوبانی کوردی ئەو چەند ئایەتە گرنگیی ڕێکخستنی لەناو دەچێت. بە هەرحاڵ دەتوانین بڵێین ئایەتەکان زۆر جوان و ناسک داڕێژراون و سۆز و عەقیدەی گوێگر دەجوڵێنن، بۆ یەکەمجارە بە شێوەیەکی دوورو درێژ باس لەمەسیح بکات. لێرەوە دەتوانین چەند هۆکارێک بۆ خوش نیشاندانی ئایەتەکە دیاریبکەین.

یەکەم : سەردەمی دەرکەوتنی ئەم چەند ئایەتە، پێش ساڵانی کۆچییەو لەقۆناغەکانی مەککەدا نوسراونەتەوە، واتە، ئایەتەکان مەککین، ئایەتەکانی مەککیش، هەر هەموویان بە جۆرێک نوسراونەتەوە کە هەست و سۆزی گوێگر دەجوڵێنن و داڕشتنێکی ئەوتۆ داڕێژراوە کە لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین شازبووەو تەفسیرو تەئویلی ئایەتەکان مانای زۆریان هەڵگرتووە.

دووهەم : وادەردەکەوێت کە ئەو ئایەتانە بە تایبەت بۆ ئەو ڕووداوە نوسرابنەوەو ڕۆشتنی ڕاکردووەکان بۆ حەبەشەو مەسیحی بوونی نەجاشی، خۆی لەخۆیدا بوونی چەند ئایەتێکی لەو شێوەیە زەرورەتێکی کاتییەو دەبوایە هەبوایە.

---

[126] سورەتی مەریەم ئایەتەکانی (16-21)

[127] محمد رسول اللە،جوین سیزر ص (65)

www.xwdakan.com net org

سێهەم: ئایەتەکانی مەککی بە شێوەیەکی گشتی، هەمان رێڕەوییان وەرگرتووەو هیچ جۆرە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی دونیایی تێدا نییەو داننان بە بوونی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەدا جۆرێک بووە لەبانگهێشتکردنی ئەوان بۆ ئیسلام. بەڵام کاتێک کە ئیسلام لەمەدینەدا دەبێتە خاوەنی پلەو پایەی ئایینی خۆیی و دارایی و دەسەڵات پەیدا دەکات، زمانەکە دەگۆڕێت و دەخالەت لەهەندێک لایەنی لاهوتی مەسیح دەکاو هەندێک رەخنە دێنە ئاراوە. هەمووو ئەمانەش بۆ ئەوەیە بسەلمێنرێن کە مەسیح جگە لەنێردراوێک هیچی دیکە نییە. لەوانە:

یەکەم : بە باوەڕی ئیسلام، ئایینی مەسیحی، ئایینێکی ئاسمانییەو یەک خوای هەیەو عیساش پەیامبەرێکی دیکەی خواییە، چونکە مەسیح بۆ بەنی ئیسرائیلی وتووە:

(وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ).[128]

(ئەی بەنی ئیسرائیل، خوایەک بپەرستن کە خوای من و ئێوەشە)

لێرەدا ئەم ئایەتە پێلەسەر ئەوە دادەگرێت کە مەسیح جگە لەنێردراوێک و گەیاندنی پەیامێک هیچی دیکە نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە رۆڵەی خودا بێت.

جارێکی دیکەش لەئایەتێکی سورەتی مائدەدا دووپاتی دەکاتەوە کە

(مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ).[129]

مەسیح نێردراوێکە وەک نێردراوەکانی دیکە.

دووهەم : بە باوەڕی ئیسلام، خوا، بێ بۆتەیە!!! و مەسیح رۆڵەی یا پێکهاتەی یان هەرشتێکی دیکەی خوا نییە.

(لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ ).[130]

---

[128] المائدة (72)

[129] المائدة (75)

[130] المائدة (73)

کوفریان کردووە ئەوانەی دەڵێن کە خوا سێهەمی سیانە، جگە لەیەک خوا، هیچ خوایەکی دیکە نییە.

لەم ئایەتەدا بە هەموو شێوەیەک خوایەتی مەسیح ڕەتدەکاتەوە. کەچی لەسورەتێکی وەک نیسائدا چاومان بە ئایەتێک دەکەوێت دەتوانین بڵێین جێی سەرسوڕمانە.

(يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَا تَقُولُوا ثَلَاثَةٌ انْتَهُوا خَيْرًا لَكُمْ إِنَّمَا اللَّهُ إِلَهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَنْ يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا).[131]

ئەگەر ئایەتەکە بکەینە کوردی، ئاوای لێدەردەچێت:

(ئەی ئەهلی کتێبەکان – یەهودی و مەسیحی- زیادە ڕۆیی لەئایینەکانتاندا مەکەن، ڕەوایی نەبێت هیچ شتێک لەسەر خوا مەڵێن، مەسیح، عیسای کوڕی مەریەم، نێردراوی خوایە، وشەکەیەتی (الكلمة) کە فڕێیدایە مەریەمەوە، وە ڕۆحێکیشە لەخوا، لەبەرئەوە، بڕوا بە خواو نێردراوەکەی بکەن و باسی (سێ)یان مەکەن و ئەگەر بیبڕێیننەوە بۆ خۆتان چاکترە، چونکە ئەڵلا یەک خوایەو کوڕی نییەو هەر چییەکیش لەناو ئاسمانەکان و سەر ئەم زەوییە هەیە، موڵکی ئەون..و)

ئەوەی لەم ئایەتەدا بە ڕوونی دیارە ئەوەیە کە خوا یەکە، بەڵام وشەی (كلمة)ی خوا، نابێتە خوا، یان ڕۆحی خوا، نابێتە خوا، لەکاتێکدا ئایەت هەیە کە خوا، ڕۆحی خۆی بە خۆی دەزانێت.وەک

ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِنْ رُوحِهِ[132]

هەروەها

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ.[133]

---

[131] النساء (171)

[132] (السجدة – 9 )

[133] الحجر – 29

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لێرەدا ئەگەر کەلەیمەی خواو رۆحی خوا، نەبنە خوا!! ئەوا خوا دەبێتە سێ بۆتەو مەسیح لەدوو بۆتەدا (الاقنوم) دەتوێتەوە، چونکە کەلیمەو رۆح کاری خوا دەکەن. ئەگەر کەلیمەی خواو رۆحی خوا ببنە خوا، ئەوا مەسیح دەبێتەوە بە رۆڵەی خوا. کە جارێکی دیکەش بۆتە دەگرێتەوە.

وشەی بۆتە (اقنوم) کە لە(اقنوموتیس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوەو ئەو کاتە بە زمانی عەرەبەکان ناسراو بووە، کەچی لەمەسەلەی مەسیحدا لەقورئاندا بەکارنەهێنراوەو مەسیح وەک مانای وەچەخستنەوە دیاریکراوە کە بە کوڕ (ولد) ناوی هاتووە، لەبەرامبەر مانای ئەم وشەیەشدا مەسیحیەت لەهیچ کاتێکدا نەیوتووە کە مەسیح کوڕ (ولد)ی خوا بێت بەڵکو دەڵێت رۆڵە (الابن).

هەرچەندە لەئینجیلدا بە ڕاشکاوی و راستەوخۆ باس لەخوایی مەسیح کراوە کە رۆڵەیەتی، بەڵام لەقورئاندا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ باس لەپلەوپایەی پەیامبەر (موحەممەد) کراوە کە هەمان پلەوپایەی خوایی هەیە، بەڵام نکوڵی لێ دەکەن.

بۆ نموونە:

(مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ).[134]

(وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى).[135]

(فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا).[136]

گرنگی لەوەدایە کە چۆن مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خوا لەسەر زەوی دەکرێت. مەسیح، لەگەڵ ئەوەی خۆی بەڕۆڵەی خوا دەزانی، کەچی نەماندی دەخالەت لەژیانی مرۆڤایەتیدا بکات، نەکورسی ویست و نە داوای دەسەڵاتی کردو نە سەروەت و سامانی پێکەوە نا، بەڵام پەیامبەری ئیسلام، کە خۆی بە کۆیلەی خواو خزمەتکاری خەڵکی دەزانی، کەچی

[134] النساء (80)

[135] النجم (3 و 4)

[136] الحشر (7)





www.xwdakan.com net org

بووه دەسەڵاتدارو سەرکردەی بەرەی جەنگ و سەروەت و سامانی بێ شماری پێکەوەناو دەسەڵاتی ڕەهای خواکەی خۆی لەسەر زەوی مومارەسەکرد.

بەهەرحاڵ قورئان باس لەوەدەکات کە خوا سیان نییە، ئەوە راستەو مەسیحیش ئەوەی نەنوسیوە. کاتێکیش کە باس لەچۆنێتی خوا دەکرێت، ئەوە لەقورئاندا تەنها ناو و سیفەتەکانی دیاریکراوەو هیچی تر.

سێهەم : ئیسلام پێیوایە کە عیساى مەسیح، وەک نێردراوێک تەنها بۆ بەنی ئیسرائیل نێردراوە:

(وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ).[137]

نێردراوێک بۆبەنی ئیسرائیل دەگەیەنێن نەک بۆ هەموو جیهان هەروەها مەسیح دەڵێت:

(من بۆ مەڕە ونبوەکانی ئیسرائیل هاتووم).[138] بەڵام مەسیحیەکان دەڵێن لەخاچدانی مەسیح، لەپێناوی گوناهەکانی مرۆڤداو بۆ هەموو مرۆڤایەتی بووە نەک تەنها بۆ بەنی ئیسرائیل.

- چوارهەم : ئیسلام پێیوایە کە مەسیحییەت، زوهدو گۆشەگیری و پشتگوێ خستنی دونیایە، بەبەڵگەیەک کەلە مەسیحیدا هەیە:
- کوڕێکی گەنجی دەوڵەمەند، هاتە لای عیساو لێی پرسی:
- ئەی مامۆستا، چی بکەم باشە هەتا ژیانی هەتایی بەدەست بێنم؟ عیسا، پێیدەڵێت:
- بۆچی لەبارەی چاکەوە پرسیارم لێدەکەیت؟ تەنها یەک چاکە هەیە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت ژیان بەدەستبهێنین، کار بە ڕاسپاردەکانی شەریعەتی خوا بکە.
- چ راسپاردەیەک؟

---

[137] ال عمران (49)

[138] مەتتا 15: 24



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

- مەکوژە، داوێن پیسی مەکە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، رێزی دایک و باوکت بگرە، ئەوەی لێتەوە نزیکە، وەک خۆت خۆشتبوێت.
- ئەمانەم هەر لەمنداڵییەوە جێبەجێ کردووە، ئیتر کەموکوڕیم چییە؟
- ئەگەر دەتەوێت تەواو کامل بیت، بڕۆ چیت هەیە بیفرۆشەو بەسەر هەژاراندا دابەشیکە، بەم جۆرە گەنجینەیەکت لەئاسماندا دەبێت، ئینجا وەرە دوامکەوە.
- کاتێک کوڕە گەنجەکە گوێبیستی ئەم قسانەبوو، دڵتەنگ بوو، رۆیشت، چونکە سامانێکی زۆری هەبوو، حەزی نەکرد لەناوی ببات. عیسا بەقوتابییەکانی وت:
- راستیتان پێدەڵێم: شتێکی گرانە دەوڵەمەندێک بچێتە پادشاهێتی ئاسمانەوە، چونە ژوورەوەی (حوشتر)ێک لەکونی دەرزییەوە، ئاسانترە لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو پادشاهێتی ئاسمانەوە.[139]

نەک هەر ئەوەندە بەڵکو نموونەی زۆرهەن کە ئایینی مەسیحی بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤە لەگوناهەکانی، بە تایبەت ئەو گوناهە گەورەیەی کە باوە ئادەم و دایە حەوا کردیان و مەسیح خۆی لەپێناویدا بەختکرد، مەسیح بە شێوەیەک داوای پشتگوێ خستنی دونیا دەکات کە بەهیچ شێوەیک مرۆڤەکان بیر لەبچوکترین گوناهو بچوکترین ئازار نەکەنەوەو هەموو شتێک لەهەموو پێگەیەکدا فڕێ بدەن ئەوەتا عیسا دەڵێت:

(ئەوەی کێشای بەلایەکی رومەتت، لایەکەی تریشی بۆ راگرە، گەر یەکێک چاکەتەکەی لەبەرداکەنیت، رێی لێمەگرە باکراسەکەشت ببات).[140] ئیسلام پێیوایە، بانگەوازی عیسا تەنها لەبرواهێنان بەخواو چاکەکردندا

---

[139] *لوقا 8: 20 *مەتتا 19: 23

[140] لوقا 6: 28 *مەتتا 5: 38-42

نەوەستاوە، بەڵکو داوای پاکردنەوەی تەواوی دەروونی مرۆڤی کردووەو هەر کەسێکیش بگاتە ئەو پلەیە، ئەوا دەبێتە ئەندامێک لەئەندامەکانی پادشاهێتی ئاسمان.

وەلامی مەسیحیەکانیش ئەوەیە کەکاری ئایین ئەوەیە کەمرۆڤایەتی لەدونیای میتافیزیکدا بهێڵێتەوە نەک وێنەی خوا بکاتە فیزیک.

پێنجەم: بە بۆچوونی ئیسلام، ئەو ئینجیلەی لەبەردەستدایە، راست نییەو دەستکاری کراوەو لەبنەڕەتدا ئینجیلێک هەبووە تێیدا باسی هاتنی ئیسلام و پەیامبەرێک بە ناوی احمد دەکات.

(وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ).[141]

بەلام ئەو ئینجیلە نەماوەو ئەمەی لەبەردەستدایە دەستکردەو بڕوای پێناکرێت.

ئیسلام بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بدات بەدەستەوە، ئینجیلی ئێستا ڕەتدەکاتەوەو بێجگە لەئینجیلی بەرنابا کە ئەویش بەنزیک لەخۆی دەزانێت و لەسەدەی بیستدا دەرکەوتووە، هەموو ئینجیلەکانی دیکەی پشتگوێ خستووە.

شەشەم: بە بۆچونی ئیسلام، عیسای مەسیحیی ئەوساو مەسیحییەتی ئێستا زۆر لەیەک دوورن، یاخود جیاوازیان زۆرە. بە تایبەت ئەو کاتەی کە پۆلس بووە مەسیحی و خۆی بە نێرراوی مەسیح زانی و باسی سیانەکردنی خوای کردو عیسای بە بۆتەیەک لەبۆتەکانی خوا ناساند.

حەوتەم : بە بۆچونی ئیسلام، عیسا لەخاچ نەدراوە، بەڵکو کەسێک لەوێنەی ئەو بووەو وایان زانیوە عیسایەو لەخاچیانداوە، عیسای مەسیحیش خوا هەڵیکێشاوەتەوەو بەرەو ئاسمان بەرزی کردۆتەوە.

(وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا).[142]

---

[141] سورەتی الصف (6)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئیسلام هیچ چەمکێکی روونی لەسەر سیفەتی دروستکەر (الخالق)نییە کە یەکێکە لەسیفەتە هەرە بەناوبانگ و گەورەکانی خواو مەسیحیش بۆ خۆی بە دانپێنانی قورئان سیفەتی دروستکەری (خالق)ی هەیە.

(أَنِّي قَدْ جِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ).[143]

من، لەقوڕ، هەیکەلێکی باڵندەدان بۆدروست ئەکەم کە (فوو)م پێداکرد، دەبێتە باڵندەیەک و دەفڕێت، کەڕوڵاڵ چاک دەکەمەوەو مردوو زیندوو دەکەمەوە و،

زۆر بەراشکاوی دوو سیفەتی خوایی لەمەسیحدا بەپێی ئەم ئایەتانە دەبینرێت، یەکەم خەلقکردنی بونەوەرەو دووهەم زیندوکردنەوەی مردووە کە خوا نەبێت، هیچ کەس و شیتێکی دیکە ئەم توانایانەی نییە.

مەسیحییەکانیش، ئەم دووبەڵگەیە بە بەهێزترین بەڵگەی خوایی لەبەرامبەر مەسیحدا دەزانن. چونکە ئەو دوو سیفەتە (خەڵقکردن و زیندووکردنەوە) تەنها لەخوادا هەیە. بۆ دڵنیابونیش، جارێکی دیکە قورئان پێلەسەرئەوە دادەگرێت کە مەسیح وشەی (کلمە)ی خۆیەتی.[144] کەلیمەی خواش دەبێتە خوا،!! هەروەها دەڵێت: هەموو نەفسێک مردن دەچێژێت.[145] مەسیحیش نەمردووە تا تامی مردن بچێژێت،!! چونکە خوا بۆ لای خۆی هەڵیکێشاوەتەوە.[146] کەواتە مەسیح کەسێکی ئاسایی نییەو وەک مرۆڤ چارەنوسی بۆ دیارینەکراوە بەڵکو سروشتی خوایی هەبووە.

---

[142] النساء (157)

[143] ال عمران (49)

[144] ان اللة یبشرک بکلمة منه اسمه المسیح (ال عمران /45)

[145] الانبیاء (35)

[146] النساء (158)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## پاشینەی مەسیحی

### کۆڕەکان

گرنگی ئەم کۆڕانە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و ئاڵوگۆڕکردن و پێشکەوتنی تیۆری سێگانەیی مەسیحی (التثلیث)، چونکە ڕاڤەکاران بۆ سەلماندنی چەند تیۆرێکی نوێ، چەندین بیری نوێیان هێنایەکایەوە کە هەندێکیان لەگەڵ باوەڕی مەسیحیدا نەگونجاون.

لە ڕاستیدا باسکردن لەسێگانەیی (التثلیث) لەسەرەتای سەدەی چواردەهەمەوە دەرکەوت.[147] دەنا لەپێشتردا نادیار بوو. کۆبوونەوە تا بڕیار لەسەر چۆنێتی چەمکی سێگانەیی خوا بدەن. ئەم مەسەلەیەش گرنگی خۆی هەیەو پەیوەستە بە باوەڕی مەسیحیەکانەوە، هەر لەقسەکردن لێوەی، هەتا دەگاتە سەرچاوە ئایینەکان بە بەڵگەو قۆناغە مێژووییەکانیشەوە.

مانای ئەم کۆڕانە لەوەدایە کە هەندێک لەزانایانی ئایینی مەسیحی کۆدەبنەوەو وتووێژی یەکتر دەکەن، تا ئەو کێشانە یەکلایی بکەنەوە کە پەیوەندییان بە یاساو عەقیدەوە هەیە. بەمانایەکی دیکە، هەیئەتێکی تەشریعی ئایینی مەسیحی بوون. مێژوونوسان دەڵێن: سەرژمێری گشتی

[147] اضواء على المسيحية ص 93

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئەو کۆڕانەی کە لەنێوان سەدەی یەکەمی پاش مەسیح، تا ساڵانی 1869دا بەستراوە، (بیست) کۆڕ بوون و گەورەترین و گرنگترینیان چوارە:

- کۆڕی نیقییەی یەکەم، لەساڵی 325ی زاییندا بەستراوە.
- کۆڕی قوستەنتینییەی یەکەم، لەساڵی 381دا بەستراوە.
- کۆڕی ئەفسوس، لەساڵی 431دا بەستراوە.
- کۆڕی خلیقدۆنییە، لەساڵی 451دا بەستراوە.

یەکەمیان: نیقییە، (325)ی زایینی

1- هۆکەی : دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی کە هەندێک لەو بۆچوونانەی کە خێڵ و تایفە بۆ کەسێتی مەسیح هەیانبوو، ئایا تەنها نێردراوێکی خواییە، یاخود پلەو پایەیەکی لەوە بەرزتری هەیە کە ئەویش خوداییە؟!

2- ژمارەی ئامادەبوان، (318) ئەسقەف بوون.

3- بڕیارەکانی کۆتایی ئەم کۆڕە:

أ. مەسیح بۆتەیەکە لەبۆتەکانی خوا.

ب.وەدەرنانی هەموو ئەو کەسایەتی و پیاوە ئایینیانەی ناو کەنیسەکان کە باوەڕیان بە خوایەتی مەسیح نییە.[148]

دووهەمیان: قوستەنتینیە، ساڵی (381)

1- هۆکەی : دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی کۆڕەکەی نیقییە کە تێیدا چەمکی خوایەتی، ڕۆحی ڕەوان (الروح القدوس) بە هەڵپەسێراوی مابووە.

2- ژمارەی ئامادەبوان: 150 ئەسقەف

3- بڕیارەکانی کۆتایی ئەم کۆڕە:

أ. ڕۆحی ڕەوان (الروح القدوس)، ڕۆحی خوایەو لەخواوەیە، واتە: مەسیح بۆتەیەکە لەبۆتەکانی (الاقانیم)ی خوا.

[148] هەمان سەرچاوە ص (96-100)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ب. نەفرەتکردن لەو کەسایەتی و پیاوە ئایینیانەی بڕوایان بە خوایەتی ڕۆحی ڕەوان نییە.[149]

سێهەمیان: ئەفسوس لەساڵی (431)

1- هۆکەی : ئەمیش هەر لەدەرئەنجامی کۆڕەکانی پێشووترەوە بەسترا، لەواندا خوایەتی ڕۆڵەو ڕۆحی ڕەوان سەلمێندرا، بەڵام چۆنێتی پێکگەیشتنی ئەم سێ بۆتەیە دیاری نەکرابوو، ئەمەش ببووە مەسەلەیەکی گەورەو پڕ لەنهێنی و نەزانرا. هەروەها دایکی مەسیحیش (مەریەم) وەک کێشەیەکی دیکەی عەقیدە سەریهەڵدا.

2- ژمارەی ئامادەبوان: گۆڕینەوەی نوسراو نامە بوو لەنێوان ئەسقەفی (ڕومییە) و بەتریکی (ئەسکەندەرییە) و ئەسقەفەکانی (ئەنتاکییە) و ئەسقەفەکانی (بیت المقدس).

3- بڕیارەکانی کۆتایی ئەم کۆڕە:

أ. مەریەم، دایکی خوایە

ب. مەسیح، بە (لەش) مرۆڤەو بە (ڕۆح) خوایە.[150]

چوارهەم: خلیقدونییە، ساڵی (451)

1- هۆی بەستنی ئەم کۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشانەی کە لەدەرئەنجامی بڕیارەکانی کۆڕی سێهەمەوە پەیدابوون.

2- ژمارەی ئامادەبووان، (520) ئەسقەف.

3- بڕیارەکانی کۆتایی ئەم کۆڕە:

أ. مەسیح، (دوو) سروشتی لێکجیاوازی هەیە، دوو سیفەتی لەیەکجیاواز، بەڵام لەبۆتەیەکدا، خوایەتی بەجیاو مرۆڤایەتی بە جیا.

ب. نەفرەت لەو کەسایەتی و پیاوە ئایینیانەی کە لەگەڵ ئەم بۆچونەدا نین.[151]

---

149 هەمان سەرچاوە

150 اضواء على المسيحية ص(102-104)

151 هەمان سەرچاوە ل (104-107)

جگە لەم چوار کۆڕە سێ کۆڕی دیکە کە گرنگییان بەم کتێبەوە هەیەو پێویستە باس بکرێن، کۆڕی پێنجەم و دوانزەهەم و بیستەمە.

کۆڕی پێنجەم: قوستەنتینییەی دووهەم، ساڵی (553)

1- هۆکەی: دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک مەسیحی کە باسیان لەدۆناودۆن (تناسخ الارواح) دەکرد.

2- ژمارەی ئامادەبووان، (140) ئەسقەف.

3- بڕیارەکان: بڕیاردرا کە بەهیچ شێوەیەک چەمکی دۆناودۆن لەم ئایینەدا نییەو جێی نابێتەوە.[152]

کۆڕی دوانزەهەم: ڕۆمـــا ساڵی 1215

لە گرنگترین بڕیارەکانی ئەوەیە کە (پاپا) دەتوانێت لەگوناهی گوناهکاران خۆشبێت و خۆشبوون (الغفران) ببەخشێت بەهەر کەسێک کە ئارەزوویەتی.[153]

کۆڕی بیستەم: ڕۆمـــا، ساڵی (1869)

لەگرنگترین بڕیارەکانی ئەم کۆڕە ئەوە بوو، بڕیاردرا کە (پاپا) لەهەموو گوناهـ و خراپەکارییەک پاکوبێگەردە.[154]

**شاوڵ (پۆڵس)**

[152] هەمان سەرچاوە ل (110)

[153] هەمان سەرچاوە ل (115)

[154] هەمان سەرچاوە ل (116-117)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

## کەسایەتی ناوداری مێژووی مەسیحی

پێش ئەوەی مەسیح بەرەو ئاسمان هەڵکشێتەوە، دوانزە قوتابی و حەفتا نێردراوی هەڵبژاردو پێیوتن:

هەموو دەسەڵاتێکی زەوی و ئاسمانم پێبەخشراوە، کەواتە بڕۆن هەموو گەلان بکەن بە قوتابی! بەناوی باوک و ڕۆڵەو ڕۆحی ڕەوان لەئاویان هەڵکێشن. فێریانکەن با کاربکەن بەهەموو ئەوشتانەی ڕامسپاردون، ئەوەتا هەموو ڕۆژێک، هەتا کۆتایی زەمانە لەگەڵتانم.[155]

لەپاش هەڵکشانەوەی مەسیح، دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت. لەماوەیەکدا توانیان سێ هەزار کەس لەئاوهەڵکێشن و بیانهێننە سەر ئایینی مەسیحی. بە ماوەیەک بڕواداران زۆربوون. بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان حەوت شەماسەیان دیاریکرد. لەچەند ساڵێکی کەمدا، ژمارەیان گەیشتە هەشت هەزارو بەمەش ترسێکی گەورە کەوتە دڵی کاهینەکانی یەهوودەوە. سەرەتا (بطرس)و چەند کەسێکی دیکەیان گرتن و پاش ئەشکەنجەدان و زیندانیکردنیان، ئازادیان کردن.

زەمەن تێپەڕی و کێشە کەوتە نێوان یەهودی و سوڵتانی ڕۆما! بەم کێشەیە، مەسیحییەکان لەترسان ئۆرشەلیمیان بە جێهێشت و لەنزیک ڕووباری ئوردون نیشتەجێ بوون. هەرلەوساتەوە جیاوازییەکی ئاشکرا کەوتە نێوان مەسیحی و یەهودییەوە. ئەم ئاڵۆزییە، بووە هۆی ئەوەی کە مەسیحییەکان ببینە پێنج گروپ بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانن مزگێنی بدەن، یەکێکیان هەر لەناو یەهودییەکاندا مایەوە، دووهەمیان بەرەو ئاسیای بچوک ( تورکیا)و دەوروبەری چوون، سێهەمیان بەرەو ئێران و هیندستان، چوارهەمیان بۆ چەند هەرێمێکی ئەوروپا، پێنجەمیان بۆ مصرو

155 مەتتا 28: 18-20

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئەسیوبیا.[156]

زۆرن ئەوانەی کە ژیانێکی ئاساییان هەیەو بە هۆی ڕووداوێکی ئاساییەوە دەبنە قارەمانی مێژوو!! شاوڵ ( یاخود پۆڵس ) یەکێکە لەو قارەمانە مێژووییانەی ئایینی مەسیحی! هەر لەژیانی مەسیحدا ژیاوەو کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندی بە ڕەچەڵەک ڕۆمانی بوو. لەئۆرشەلیم خوێندنی ئایینی یەهودی لەسەردەستی حاخامەکان تەواو کردووەو کۆلیجی یاساشی خزێندنەوەو کەسێکی زیرەک و بوێرو لێهاتوو بووە، نە بەکوشتنی یوحەننا (یەحیا) و نە لەخاچدانی مەسیح و نە ئەشکەنجەدانی مەسیحییەکان، کاری تێنەکردووەو هەر هەموویانی بەڕووداوێکی ئاسایی زانیوە. بگرە یاریدەدەری لەناوچونی زۆرینەی ناسرییە مەسیحییەکانیش بووە.[157]

بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم ئاینە، وای لەپۆڵس کرد کە بڕیاربدات هەرچی مەسیحی هەیە، لەڕەگەوە هەڵیانکێشێت. سەرەتا لەئۆرشەلیم دەریکردن و لەسامیرەش زۆری لێکوشتن. ئینجا ڕووی لەسووریا (دیمەشق) کرد، چونکە لەوێ ئەم ئایینە لەپەرەسەندندا بوو، بڕیاریدا هەموویان لەناوبەرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لەشکرێکی گەورەی پێکەوەناو بەرەو سوریا کەوتەڕێ، بەڵام ئەوەی پۆڵس مەبەستی بوو، بەپێچەوانەوە ڕوویدا!!! لەڕێگە بەهۆی خەیاڵێکی دەروونییەوە، گوایە مەسیح قسەی لەگەڵ کردووە، لەهۆش خۆی دەچێت و پاش سێ ڕۆژ و سێ شەو نەخۆشی و بیرکردنەوەیەکی زۆر، لەجیاتی ئەوەی مەسیحییەکان لەناوببات، دەبێتە مەسیحی و 25 ساڵ خزمەتێکی زۆری بەم ئایینەو بڵاوکردنەوەی دەکات.[158]

---

[156] قصة الديانات ص (421)

[157] القدس ،سمير جريس،ص (47)

[158] هەمان سەرچاوە ل (48)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئیغریق و ڕۆمان، دوو ناوچەی گرنگی جیهانی بوون کە پۆڵس ڕووی لێنابوون و مزگێنی پێدابوون، بەڵام ئەم دوو ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەی لەئایینی یەهوودی تێنەدەگەیشتن، هەروا بە ئاسانی ئامێزیان بۆ ئەم ئایینەش نەکردووە، چونکە خۆیان نەک لەمەسیحییکان، بەڵکو لەیەهوودییەکانیش بە ڕەسەنتر دەزانی. کاتێک پۆڵس گەیشتە ڕۆما، لەدوای ماوەیەک دەستگیرکراو پاشان ئازاد کراو نوسەران دەڵێن: دوای ماوەیەک دەمرێت، بەڵام پاش ئەوەی کارەکانی خۆی بەئەنجام گەیاند.[159]

دوای مردنی ئەو، گەشەسەندنی ئەم ئایینە لەجێی خۆی وەستا، بەڵام ئەقڵی ئایینی ئیغریق و ڕۆمانییەکان لەدژی باوەڕی ئایینە کۆنەکانی خۆیان و مەرجی یەهودیدا، وای لێکردن ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم ئایینە نیشانبدەن. ئیغریقییەکان پێیان وابوو کە وڵاتەکەیان چەقی هەموو دونیایە. ڕۆمانییەکانیش خۆیان بەشارستانیترین ناوچەی کۆمەڵگاکانی جیهان دەزانی! بەڵام ئاکارە ڕۆحییەکان لەلای هەردوو کۆمەڵگاکە کە بۆشایی گەورەی لەدەروونیادا جێهێشتبوو، پێویستی بە پڕکردنەوە هەبوو. کاتێیش پۆڵس ئەم ئایینەی پێناساندن، کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتنە ناویەوەو لەئامێزیان دەگرت.

یەک سەدە پاش مردنی مەسیح، ئایینەکەی لەتورکیاو مەقدۆنیاو یۆنان و ڕۆماو مصر تەشەنەی سەند. باوەڕی ئایینی وای لێکردن ڕۆژانی یەک شەممان کە بەڕۆژی خوا ناوەزەد دەکرا، لەهەندێک شوێندا کۆمەڵ کۆمەڵ کۆببنەوە تا گۆرانی ئایینی بڵێن و ئینجیل بخوێننەوە. هەرلەوسالآنەدا گوتەو بەسەرهاتەکانی مەسیحی و هاوەڵەکانی لەکتێبێکی بچووکدا کۆکرانەوەو ناونران (العهد الجديد ).

قۆناغەکانی مێژوو هەرگیز ئەوەی لەبیرنەچووە کە ڕووداوە پڕبایەخەکانی بڵاوبونەوەی ئایین تۆمار بکات، بەتایبەت ئەم ئایینە کە

---

[159] قصة الديانات ص (424)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوەو وڵاتێک، میللەتێک، کۆمەڵگایەک نابینیت باوەڕی بەم ئایینەی تێدا نەبێت.

لەگرنگترین ڕووداو لەسەرەتاکانی بڵاوبونەوەی ئەم ئایینەدا ئەوەیە کەدەوڵەتێک بەڕسمی لەئامێزی بگرێت!!، وەک هەموو ئاینەکانی دیکە، لەڕێگەی هێزەو دەسەڵاتەوە ئەو ئەزموونەش تێپەڕێنێت. سەرەتا ئەم ئایینە، لەنیمچە دوورگەی عەرەب هەنگاوی بەرەو دامەزراندن نا، بەڵام لەسەدەی حەوتەمداو بەدەرکەوتنی ئاینی ئیسلام، ئەم ئایینە لەو ناوچەیەدا توشی هەرەسێکی زۆر گەورەهات. پاش پەیدابوونی دەسەڵات لەئیسلامدا، ناوچەیەکی نزیک لەخۆی نەما کە مەسیحی تێدا بمێنێتەوە. بە یەهوودییەکانیشەوە. ئیسلام، زۆربەیانی تەفروتوونا کردو ماڵ و سامانیانی داگیرکردو زۆریان کرانە کۆیلەو زۆریشیان شاربەدەرکران.[160]

مەسیحییەت، لەم وڵاتە بەرین و فراوانەدا وەک پێشتر لێیدواین، کە بە یەک کەس دەستی پێکرد، لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغەکانی مێژوو ڕووی لەزیاد بوون و فراوانی کردو تەشەنەی سەندو پەیڕەوانی زیاتر بوون. ئەمەش وای کرد کە زیاتر پێویست بەڕێکخستنی کاروبارەکانی بکات. سەرەتا کەدەستکرا بەڕێکخستنی کەنیسە، چەند ئەسقەفێک دیاریکران، بەناوبانگترینیان، ئەسقەفەکانی ڕۆما لەڕۆژئاواو قوستەنتینییە لەڕۆژهەڵات. بەڕێوەچوونی سروتەکانی ئەم دوو کەنیسە گەورەیە، بەدوو شێوەزمانی جیاجیا بەڕێوەدەچوو، زمانی لاتینی، زمانی کەنیسەی ڕۆما بوو، ! زمانی یۆنانیش، زمانی کەنیسەی قوستەنتینییە بوو. کەنیسەی ڕۆما (ڤاتیکان) هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دامەزراندنییەوە هەیبەت و پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەبوو. جگە لەوەی ئەوکەنیسەیە پیرۆزمەندێتی خۆی هەبوو چونکە کاتی خۆی پۆلس نامەکەی لەوکەنیسەیەدا نووسی بوو. هەروەها پۆڵس و (بوطرس)یش، کەدوو گوتەبێژی هەرەناسراوی مەسیحی بوون، لەو وڵاتەدا (ڕۆما) گیانیان لەدەستدا. هەربۆیە لەوە بەدوواوە کەنیسەی

[160] تاریخ الاسلام،ص (404)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ڕۆما، بووە مەزەنترین کەنیسەی دونیا،[161] لەم ڕێگایەوە ئەسقەفەکانی ئەم کەنیسەیە ویستیان بەسەر تەواوی کەنیسەکانی دیکەی دونیادا باڵادەست بن. ئەوەشیان کردە بەڵگە کە کاتی خۆی عیسای مەسیح، (بطرس)ی کردبووە جێنشینی خۆی، پێیوتبوو (ئەی بطرس، تۆ ئەو بەردەی کە من کەنیسەکەی خۆمی لەسەر بونیاد دەنێم).[162] هەروەها بطرس یەکەم ئەسقەفی شاری ڕۆمابوو، کەواتە: ئەسقەفەکانی ڕۆمای پاش ئەو، پێویستە وەک جێنیشینانی بطرس تەماشابکرێت و دەبێت وەک خەلیفەیەکی مەسیح، بەسەر هەموو کەنیسەکانی دیکەی گۆی زەویدا حکومڕانی بکات و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێش ساڵانی (300)ی زایینی، قوستەنتینییەی ئیمپراتۆر، لەئەنجامی هێرشە بەربڵاوەکانی بەربەری بۆ سەر ئەو ناوچانەو بۆپاراستنی دەسەڵاتەکانی خۆی، ناوچەیەکی دوور لەشەڕگەکانی ئاوەدان کردەوەو هەربەناوی خۆیەوە شارێکی دروستکرد. لەساڵی (312)ی زایینیشدا، ئەم ئیمپراتۆرە، بەهۆی خەوبینینێکەوە دەبێتە مەسیحی و مەسیحیش دەکاتە ئایینێکی ڕەسمی بۆ دەوڵەتەکەی.[163]

لێرەوە دەبێت ئەوە بزانین کە بوونی کەنیسەیەکی گەورە، هاوشێوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری قوستەنتینییە، زەرورەتی خۆی هەیەو دەبێت ببێت. بۆیە لەبەر زۆر هۆکاری دیکەش، کەنیسەیەکی لەوشێوەیە لەوشارەدا دروستکرا.

## دەرکەوتنی مەزهەبەکانی
## کاسۆلیک و ئەرسەدۆکس

[161] نظام الحکم والادارة الغربية ص (129)

[162] المسيحية والعلوم الاجتماعية ص (98)

[163] هەمان سەرچاوە ل (140)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لێرەدا دووکەنیسە دەبینین، یەکێکیان کەنیسەی ڕۆمای رۆژئاوایە، دەسەڵاتی زەمەنی دروستی نەکردوە، بەڵکو باوەڕی ئایینی وەبەرهەمی هێناوەو تەنها لەڕووی باوەڕەوە بەڕێوەدەچێت و دەوڵەت پەیوەندی پێیانەوە نییە، ئەوی دیکەش کەنیسەی قوستەنتینییەی رۆژهەڵاتە کە ئیمپراتۆری ئەو دەوڵەتە، واتە دەسەڵاتی زەمەنی دروستی کردووەو دەخالەت لەبەڕێوەچوونی شەریعەتەکان دەکات و بەسەرخەڵکیدا لەڕێگەی هێزەوە دەیسەپێنێت.

لەپاش داگیرکردنی ڕۆما لەلایەن بەربەرەکانەوە، کەنیسەی ڕۆژئاوا سەربەخۆیی باشتریان بەدەستهێناو توانیان بەدوور لەچاودێری دەسەڵاتی بەربەرەکان، عەقیدەی خۆیان مومارەسە بکەن و بەرەبەرە بەرەو باشترو سەربەخۆتر ملیان دەنا.

بەڵام کەنیسەی ڕۆژهەڵات، هەرلەسەرەتاوە لەژێر چاودێری قەیسەرەکاندا بوو.[164] ئەمەش کاریگەری دەسەڵاتی زەمەنی بەسەردەسەڵاتی ئایینەوە دەگەیەنێت. وەخودی کەنیسەی رۆژهەڵاتیش، بەپێچەوانەی کەنیسەی رۆژئاواوە کە هەمیشە ڕەخنەگر بوو، شەرعیەتی بەدەسەڵاتی زەمەنی دابوو، وەنەیدەتوانی هیچ ڕەخنەیەک ئاڕاستەی سوڵتەی زەمەنی بکات.

لەگەرمەی ئەم مشتومڕانەدا، ئینجیل بۆ سەر زمانی (صلاقی) وەرگێڕدراو کەلێنێکی زیاتری خستە نێوان هەردوو کەنیسەوە. لەناوەڕاستی سەدەی یانزەهەمدا، پاپاکانی ڕۆما، بەشێوەیەکی عەمەلی، دەسەڵات و سەرۆکایەتی خۆیان بەسەر هەموو کەنیسەکانی دونیا ڕاگەیاند. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەیەکجاری ئەو دوو کەنیسەیە، ڕۆمای رۆژئاواو قوستەنتینییەی رۆژهەڵات، لەیەک جیاببنەوەو کەنیسەی رۆژئاوا بەکاسۆلیک و کەنیسەی رۆژهەڵات بە ئەرسەدۆکس ناوببرێت.[165]

---

[164] القدس ص (55)

[165] هەمان سەرچاوە ل (59)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بەم هۆیەوە، مومارەسەی بەڕێوەچوونی سروتەکانی ئایینی مەسیحی، بوون بە دوو شێوەی لێکجیاواز!! هەرچی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆژئاوا بوو، هەموو دەسەڵاتەکان لەژێر سایەی پاپادا بوو. لەسەرووی پاپاوە کەسێک نەبوو بتوانێت دەخالەت لەکاروبارەکانی ئەم ئایینە بکات، بەڵام لەکەنیسەی ئەرسەدۆکسی ڕۆژهەڵاتیدا پێچەوانە بوو، قەیسەرو پیاوانی دەوڵەت و دەسەڵاتی زەمەنی بەسەر ئاییندا زاڵ ببوون و بەتەواوی دەیانتوانی دەستوەردەنە کاروبارەکانی کەنیسەوە.

ئەم دوو مەزهەبە بەناوبانگە، بە تێپەڕبوونی چەند قۆناغێکی زەمەنی، هەندێک خواست و نەریت و کلتورو ئاکارو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگا تێکەڵ بەم ئایینە کران و پێکەوە گونجاندنێک لەنێوان مەزهەبەکان و کۆمەڵگا جیاوازەکانی نێوان ڕۆماو قوستەنتینییە دروستبوو کە بووە هۆی زیاتر لێکدابچڕاندنی کاسۆلیک و ئەرسەدۆکسی، بەڵام ئەوە ناشاردرێتەوە کە ئەرسەدۆکسی، بە هۆی هەبوونی دەسەڵاتی قەیسەر بەسەریانەوە، ئازادییەکی ئەوتۆیان نەبووە، بە پێچەوانەوە، کاسۆلیکەکان، ئازادو سەربەخۆبوون و بەهۆی ئەوئازادییەوە بڵاوکراوەی تایبەتییان هەبووەو چەندین لقوپۆپی لێ جیابووەوەو فکرو مەعریفەی باوەڕدارانی ئەم مەزهەبە هەمیشە لەگۆڕانکاری و پێشکەوتندا بووە، ئەمەش کارێکی خوڵقاند کە بەشێوەیەکی ڕەسمی و لەساڵی 1054دا ببنە دوو مەزهەبی سەرەکی لەم ئایینەدا.

## پرۆتستانتییەکان

لەساڵی 1534دا، سەرۆکەکانی کەنیسەی بەریتانی ڕایانگەیاند کە پاپای ڕۆما، هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر کەنیسەی بەریتانییەوە نییە، پەرستگاکەی خۆشیان ناونا کەنیسەی پرۆتستانتی ئەسقەفی.[166]

[166] نظام الحکم والادارة،ص (130)

بەرەبەرە، فکرو مەعریفە لە ئەوروپادا بەرەو ڕوونترو ئاشکراتر چوو، فکری ئازادو بیرکردنەوەی واقیعبینانە هاتنەئاراوەو ڕەخنە ڕێچکەی خۆی گرت. گروپێک لەپرۆتستانتەکان پەیدابوون کە بڕوایان بە لەئاوهەڵکێشان (تعمید)ی منداڵان نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم گروپە لەژێر دەسەڵاتی پاپای ڕۆمادا بوون، زیاتر لە(2000) کەسیان لێ کوژراو لەگەڵ ئەوشدا رۆژ بەڕۆژ هەر لەزیادبووندا بوون، بەتایبەت لەسویسراو ئەڵمانیاو نەمساو هۆڵەندا.[167]

گروپێکی دیکە بەناوی ( هاوڕێیان ) لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا لەبەریتانیا پەیدابوون. ئەم گروپە عەقیدەو سروتی تایبەت بەخۆیان نییە. جگەلەوەش ئەسقەف و پاپاو پیاوی ئایینی و کەنیسەیان نییە. پێیان وایە، باوەڕ لەناوەوەی مرۆڤدایە، نەک لەڕوخساردا، کەنیسەیان ئەو شوێنەیە کەتێیدا گرد دەبنەوە نەک بینایەک دروست کرابێت.

ئەگەر بمانەوێت باس لەپرۆتستانتەکان بکەین، کتێبێکی دەوێت. چونکە، گروپی پرۆتستانتەکان، ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبوندابوون، بەشێوەیەک کە سروت و کاری زۆربەیان لەیەک بچن و ژمارەشیان بگاتە نزیکەی (200) گروپ.[168] وڵاتێکی وەک ئەمەریکا، کە سەرجەم ئایینەکانی دونیای لەئامێز گرتووە وەک ئیسلام ویەهودی و بوزی و هیندۆسی و جینی و کۆنفۆشیۆسی و داوی و شنتۆی و.تاد، تەنها لەو وڵاتە سەدو پەنجا جۆر لەبیری جیاجیایو گروپی جیا جیای پرۆتستانت هەیە.

167 الله فى المسيحية ص (471)

168 قصة الديانات ص (462)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## تۆما ئەكوینی

ناكرێت لەسەر ئایینی مەسیحی بدوێین و قسە لەسەر تۆما ئەكوینی نەكەین، ئەكوینی بە گەورەترین فەیلەسوفی مەسیحی دەژمێردرێت!! فەلسەفەیەكی ئەقڵانی وای بەخشییە شارستانێتی مەسیحی كە لەوەوپێش وێنەی نەبووبێت، بەتایبەت بۆ مەزهەبە گەورەكەی كاسۆلیكی.

لەپێش ئەوەی ئەكوینی بچێتە ناو خوێندنە باڵاكانەوە، ڕاڕەوی چەمكی مەسیحییەت، ئەگەر نەڵێین لە دژی هەموو فەلسەفەكان بووە ئەوا دەتوانین بڵێین لەدژی فكرە ئەقڵانییەكان بووە، بەو پێیەی ئایین لەسەر دوو ڕێچكەی باوەڕو باوەڕهێنان ڕاوەستابوو، ئەقڵ بە دوژمنێكی گەورەی ئایین دەزانرا. تۆما ئەكوینی ئەو كەسە بوو كەدەیویست پەیوەندییەك لەنێوان باوەڕو ئەقڵدا بهێنێتەكایەوە تا فاكتەرێک بێت بۆ پێكگەیشتنی نێوان (وەحی)ی مەسیحی و فەلسەفەی یۆنانی.[169]

ئەكوینی، لەدەوروبەری ساڵی 1225 لەخێزانێكی ئیتاڵی لە(روكاسیكا) لەدایكبووەو پێش تەمەنی پەنجا ساڵی مردووەو لەدوای خۆی كۆمەڵێكی زۆر كتێبی بەجێهێشتووە كە زۆرینەیان باس لەلاهوتییەت و فەلسەفە دەكەن.[170]

سەرەتا تیۆری ئەرستۆتالیستەكانی ڕەتكردەوە كە دەیانوت: ئادەمیزاد، بە حوكمی سروشت، ئاژەڵێكی سیاسیی و كۆمەڵایەتییە، چونكە ئەكوینی باوەڕێكی پتەوی بە ئایینی مەسیحی و ئولوهیەتی مەسیح هەبوو، ئەم ڕستەیەش بەلای ئەكوینی ئایینزاوە، زۆری هەڵدەگرت، چونكە بەو تیۆرە بێت، ئەوا ئادەمیزاد بە حوكمی سروشت، لەیەكێتییەكدا دەژی كە لەخێزان گەورەترو فراوانترەو ئەوخێزانەو خێزانەكانی دیكەش بە حوكمێكی هاوبەش دەچن بەڕێوە!! وە كۆمەڵگاكانیش لەبەرهەمی كرانەوەی هاوپەیمانی كۆمەڵایەتی نەوەستاوە، بەڵكو لەسەر پاراستنی ئاسایش و

[169] تاريخ الفلسفة اليونانية ص (60)
[170] نفس المصدر ص (79)



دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

بەرژەوەندی وەستاوەو ئادەمیزادیش بەو حوکمە سروشتییە تێیدا دەژی چونکە تێیدا ئەندامە. بەڵام ئەکوینی بە پێچەوانەوە دەیگوت: ئادەمیزاد بە سروشتەوە وێناکراوە، هەتا ببنە کۆمەڵگا، وە(خوا)ش ئەم وێنایەی کێشاوە. بەم تیۆرە، ڕەفزی فکری (أوگسطنیە)ی کرد کە دەڵێت: هەموو ناوچەکانی سەر زەوی، بە خراپەکاری تێکچووەو هیواکانی مەسیحی بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر، بەستراوە بەو دونیاوە. ئەکوینی لەمەشدا بە پێچەوانەوە بیریکردوەو دەیگوت: دەکرێت عەدالەت لەکۆمەڵدا بڵاوبکرێتەوەو بەسەر جیهاندا سەربکەوێت، هەروەها دەکرێت قسە لەسەر دەستورێکی لەوەی مەسیحی بۆ حوکمی مرۆڤ لەسەر زەوی دابمەزرێت.

ئەکوینی، کەسێکی زۆر مەسیح پەروەر بوو، ئەندامێتی خۆی لەکەنیسەدا، لەلای بالاترو گەورەتربوو لەوەی ببێتە ئەندامێکی پەیوەندیدار بەدەوڵەتەوە. لەگەڵ ئەم توندڕەویەیدا، زۆر بەباشی خەسڵەتەکانی مەملەکەتی ئایین و مەملەکەتی دونیای لەیەک جیادەکردەوە. دەیوت تواناکانی هونەری بەڕێوەبردنی یاسای حوکم و دەوڵەت، لەتواناکانی پەیڕەوی ئایینی جیاوازترە. پێوەر عەدالەتیش لەخواوەیەوەو دەتوانرێت ئەم پێوەرەش بەچاوی ئەقڵ ببینرێت. بە مانایەکی دیکە، دەبێت یاسای وەزعی لەگەڵ بنەما ئەخلاقییە ناسراوە تەقلیدییەکان و یاسا سروشتیەکاندا بگونجێت. چونکە یاسای سروشتی و یاسای ئەزەلی و یاسای زەمەنی جیاوازییان هەیە. هەربۆیە ئەگەر کەسێک لەبرسێتیدا نانی کەسێکی دیکە ببات و بیخوات، بە دز ناژمێردرێت.[171]

ئەکوینی، جگە لەمە، تێڕوانینێکی قووڵی بۆ خوایەتی مەسیح هەیەو زۆر وردبینانە بۆ ئەو مەسەلەیە دەروانێت. بۆ ئەم مەبەستەش، زیاد لەدوو کتێبی سەبارەت بە خوایەتی و سێگانەی (التثلیث) نوسیوەو ئەو بۆتانەی

[171] بڕوانە ئەم کتیبە بە درێژی باسي لیوه کردووه دراسات في التاريخ الأوروبي الحديث ،
د. سعد زغلول عبد ربه، دار المعرفة الجامعية / 1983

کە دابەشکرابوون بە سەر خوادا، باوک، ڕۆڵە، ڕۆحی ڕەوان و ئێستا لەلاهوتییەتی مەسیحیدا بۆ مەسیحییەکان ماوەتەوە، هەمووی لەئەکوینییەوە وەرگیراوەو د. کاظم یعقوب یەکێکە لەو لێکۆڵەرەوە ناودارە مەسیحییانەی بۆ کتێبەکەی خۆی (اللە فی المسیحیة) سوودێکی چاکی لێبینیوە.

## چاکسازی ئایینی ( الاصلاح الدینی )

قۆناغە یەک لەدوا یەکەکانی مێژوو، تێدەپەڕین و لەگەڵ خۆیدا کاریگەری بەسەر هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی و سیاسی و رۆشنبیریو، تاد، هەبوو، هەموو ئەوکاریگەرییانەش، ڕەنگدانەوەی خۆیان بەسەر بیروباوەڕی کەنیسەو پیاچوونەوە بەبیروباوەڕی ئایینی و پرانسیپەکانی کەنیسەدا بڵاوکردبووەوە، ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆ چارەسەرکردن و چاکسازی لەکەنیسەی کاسۆلیکیدا. چونکە هیچکام لەگۆڕانکارییەکان لەبەرژەوەندی کەنیسەدا نەبوون. وەبگرە بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم کەنیسەیەی بەرەو گەندەڵی و هەڵدێر بردو چارەسەرکردنی کێشەکانی گرانتر کردو پیرۆزمەندێتی ئایینەکەی بەرەو دواوە بردو دەسەلاتی پاپای گەورەترو بایەخدارتر کرد. بۆ ئەم چاکسازییە، لەدوو کەناڵی سەرەکییەوە دەخالەتی تێداکرا:

یەکەمیان : خودی پیاوانی کەنیسە

دووهەمیان : پیاوانی دەرەوەی کەنیسە

ئەم دوو کەناڵە، داوایان لەکەنیسە کرد کە چاو بەو داواکاریانەدا بخشێنێتەوە کە کۆمەڵگا هەیبوو! ڕەخنەکانیشیان لەم خالانەدا بەرجەستە ببوون:

1- سنورێک بۆ پەیوەنییەکانی کەنیسە سەبارەت بەکۆمەڵگاو دەسەلاتدارانەوە.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

2- سنورێک بۆ ڕەفتارەکانی کەنیسە، وەک: باج وەرگرتن، ڕاڤەکردن، کێشە کۆمەڵایەتێکان، ڕەفتاری نابەجێی پیاوانی کەنیسە.[172]

ئاشکرایە، ڕەفتارو ئاکاری پاپاکان، پێچەوانەی ئایینەکەبوو کە لەناو گەندەڵی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی کەنیسەو دونیا نوقم بوبوون. دیارە ئەمەش دەبێتە هەڵئاوسانی ڕق و کینەی خەڵک و بەجۆشدانی نارەزایی خەڵک، بۆیە پێویست بوو سەرلەنوێ بنەماکانی ئەم ئایینە بەشێوەیەکی پتەو و چاک دابڕێژرێتەوە، بەشێوەیەک لەگەڵ بیروڕای ڕۆحیی ئەم ئایینەدا بگونجێت و یەکبگرێتەوە. واتە: ئایین، تەنها لەوەدا بمێنێتەوە کە پەیوەندییەکی تایبەتی ڕۆحی و هەستپێکراوی نێوان مرۆڤ و خوا بێت. هەرئەم بیرۆکەیەش ڕێخۆشکەرێک بوو بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چاکسازی لەم ئایینەدا، کەدیارترینیان، بزووتنەوەی پرۆتستانت بوو کە بەمانەی نارەزایی بەرامبەر بەکەنیسەی کاسۆلیکی دێت.

ئەگەرچی مەزهەبی ئەرسەدۆکسی ڕۆژهەلات، لەژێردەسەلاتی زەمەنی قوستەنتییەدا بوو، وای لەپیاوانی ئایینی و ئەم مەزهەبە کردبوو کە نەتوانن بەئارەزووی خۆیان مومارەسەی دەسەلاتی کەنیسە بکەن. بەڵکو هەموو جۆرە دەسەلاتێک بۆ قەیسەر دەگەڕایەوە، بەلام کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆژئاوا، لەبەرئەوەی ئازادبوون، ئەم ئازادبوونەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کەنیسە دەقۆستەوەو لەژێرسێبەری ناوی خوادا مومارەسەی گشت دەسەلاتەکانی خۆیان دەکردو بۆهیچ کەس و دەسەلاتێکی دیکە نەبوو دەخالەت لەکاروبارەکانیاندا بکات. ئەم ئازادی ڕەهایە کە بەناوی خواوە جێبەجێ دەکرا، کاریگەرییەکی خراپتری بەسەر کۆمەڵگای ڕۆژئاواوە هەبوو زیاتر تالەوەی کەبەسەر ڕۆژهەلاتییەکان هاتبوو. هەربۆیە، ئەوەندەی ڕووبەڕووبونەوە لەڕۆژئاوادا هەبوو، ڕۆژهەلاتدا نەبوو. چونکە لەکەنیسەی ڕۆژهەلاتدا سولتەی زەمەنی دەسەلاتی بەڕێوەدەبرد، وە لەکەنیسەی ڕۆژئاوادا ئەسقەفەکان لەجیاتی

---

[172] اضواء على المسيحية ص (127)



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

خواو بەناوی خواوە لەژێر سێبەری پاپادا هەمووشتێکیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو هەموومافەکان زەوتکرابوون.[173]

ئایینێک کەسەدان ساڵ بنەما سەرەکییەکانی خۆی لەدەستدابێت و ئەسقەفەکانی هەمان ئەو ئەسقەفانەبن کە سەدان ساڵ لەوەوپێش خوێندنەوەیەکی تەسکیان بۆ ڕاڤەکردنی ئینجیل هەبوبێت و پێیان وابێت بەکارهێنانی هێزو دەرخستنی دەسەڵاتە سامناکەکانی کەنیسەو بەگەڕخستنی هێزی سامناکی ئەسقەفەکان و فەرمان و بڕیاردان بەناوی خواوە، دەبنە ئەو هۆکارو ئامڕازە لەبننەهاتووەی ئایین کە بەسەپێنراوی بمێنێتەوە، ئەوا ڕووبەڕووبونەوە کارێکی حەتمییەو هەردەبێت ئەوململانێیە ڕووبدات.

ئەگەر شارستانییە یەک لەدوا یەکەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ ڕێڕەوی مێژوودا هەمیشە گەشەبسەنن و هەمیشە ببنە ناسنامەی فکرو مەعریفەی کۆنی کۆمەڵگا، بێشک کۆمەڵگا لەپێناوی پاراستنی ناسنامەی خۆی و گەشەسەندنی شارستانییەکاندا دەبێت لەململانێیەکی بەردەوامدا بێت ئەگەر چی بەرامبەرەکەشی ئایین بێت. ئایینێک پەیامبەرەکەی لەپێناوی خۆبەختکردندا هاتبێت و لەپێناوی گوناهەکانی مرۆڤدا لەخاچ درابێت، ئەسقەفەکانیش لەپێناوی خۆشییەکانی ژیانیاندا ملی چەندەها مرۆڤ بپەڕێنن و ئازادیی بیرورا زەوتکەن و نەهێڵن و ڕازی نەبن کەس لەبڕیاری پاپا دەربچێت، ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئایینێکی لەم شێوەیە کارێکی حەتمییە. سەختترین نموونەش دادگای پشکنینە.

## دادگای پشکنین (محاكم التفتيش)

[173] العقيدة والشريعة ص (401)

دەسەڵاتی پاپای ڕۆما، ڕۆژ بەرۆژ لەزیادبووندا بوو، بەشێوەیەک بەرفراوان بوو کە دەسەڵاتی پاپا بگاتە زۆرینەی ناوچەکانی ئەورووپا. وەستانەوەی بەرامبەر فەرمانەکانی پاپاو جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبووندابوون و وای لێهات، هەرکەس لەژێر بڕیارەکانی پاپادا ملکەچ نەبێت بەسەرلێشێواو و گوناهکار دەزانراو بگرە وەک تاوانبارێک تەماشا دەکراو سزاکەشی مردن بوو.

پاپا، هەردوو دەسەڵاتەکەی خوایی و زەمەنی مومارەسە دەکرد. هەربۆیە یەکێک لەبڕیارەکانی کە بەتەواوی بوە هۆی پەرەسەندنی ئاستی ئابووری خۆی و پیرۆزمەندیتی کەنیسە.[174] ئەوەبوو دەبێت هەموو کەسێک بەشێک لەدەسکەوتەکانی بداتە کەنیسە. لەبەرامبەر نارەزایی جەماوەریشدا، زۆر کەس کەوتنە بەرسزای بڕیارە بێڕەحمەکانی پاپاو سەریان پەڕی. پاپا بەشێوەیەک دەخالەتی لەبواری ژیانی مرۆڤی ڕۆژئاوادا کردبوو، کارگەیشتە ئەوەی کەهەر ئەوان (پاپاو ئەسقەفەکان ) بڕیار لەسەر بڵاوبونەوەی کتێبەکانی ئەوسەردەمە بدەن کە خەڵکی چی بخوێننەوەو چی نەخوێننەوە. ئەوانەشی کەدژایەتیان دەکردن، دەگیران و سزادەدران.[175] چەند ڕووبەڕووبونەوەو ململانێ و دژایەتیکردن لەزیادبووندا بوایە، ئەوەندە زیاتر سزادان و شێوەی سزادانەکانیش لەزیادبووندا بوون.

لەساڵی (1000)ی زایینیدا، چەند گروپێک دەرکەوتن کە موعجیزەو لەئاوهەڵکێشان (التعمید)یان ڕەتکردەوە. ئەم گروپە لەزیاد بووندابوون تا لەساڵی (1023) دا سیانزە کەسیان بەزیندویتی لێ سوتاندن. هەروەها هەندێک گروپی تر لەهۆڵەندەو ئیتالیاو شارەکانی (کمبریە)و (لیبیج)و (جمبلار)و (سواسون)و (کۆڵۆنی) لەساڵی (1025) دەرکەوتن و بەئاشکرا

---

[174] العقيدة والشريعة ص (405)

[175] نظام الحكم والادارة ،،ص (134)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

دژایەتی هەندێک ڕێورەسمی ئەم ئایینەو دەسەڵاتی پاپاو ئەسقەفەکانیان ئەکرد.[176]

به هۆی ئەوەی کە(بطرس) ئینجیلی وەرگێرایە سەرزمانی فەرەنسی (بەشی باشوور)، زۆر لەسرووتەکان گۆڕدران و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕستەکانی کراو هەندێک کۆمەڵ زۆر توندڕەوانە روویان لێناو زۆربەیان بەهەڵگەڕاوە لەئایینی مەسیحی لەقەڵەمداران. ئەم گرووپە بچوکانەش لەفەرەنساو ئیسپانیاو ئەڵمانیا تەشەنەیان سەند. هەر بۆیە لەساڵی ( 1229 ) زایینیدا بڕیارێک درا کە جگە لەپیاوە ئاینییەکان، نابێت کەس کتێبی پیرۆز (الكتاب المقدس)ی هەبێت، تەنانەت خوێندنەوەشی دەبێت بە زمانی لاتینی بێت. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانەش بە هەزاران مرۆڤ سوتێنران. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژ بە ڕۆژ گرووپی بچوک بچوک لەزیادبووندا بوون. لەوانە (کاشاری) کەداوای گەڕانەوەیان بۆ پاکوبێگەردی باوەڕە سەرەکییەکەی مەسیحی دەکرد. ئەم گرووپە، وەک هێمایەک بۆ جیاخوازی، پۆشاکی ڕەشیان دەپۆشی و هەگیز نزیکی ئافرەت نەدەکەوتنەوەو وازیان لەهەموو خزم و کەسوکاری خۆیان هێنابوو، گۆشت و هێلکەو بەرهەمی شیریان لەخۆیان حەرام کردبوو، تەنها گۆشتی ماسی و سەوزەیان دەخوارد. هەندێکیشیان پێیان وابوو، نەک خوا، بەڵکو شەیتان ئەم جیهانەی دروستکردووە. وەمەسیحیش لەدایکنەبووەو هەروەها مەسیح، خوا نییە، بەڵکو فریشتەیە.[177] ئەم گرووپە بەئاشکرا دەیانوت: پیاوانی ئایینی، لەڕەچەڵەکی شەیتانن و (پاپا)ش مەسیحی دەجالە.

پاپای کاسۆلیکەکان بڕیاری جەنگی لەدژی ئەوانە دەرکردو شەڕیش (30) ساڵی خایەندو ئەنجامەکەی سەرکەوتنی کاسۆلیک و دادگای پشکنین (محاكم التفتيش)ی لێکەوتەوە. مێژووی ئەم دادگایەش زۆر

---

[176] التوراة- تاريخها وغاياتها،ص (459)

[177] هەمان سەرچاوە ل (43)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

درێژو سامناکە!!ساڵی 1229 پیاوانی ئایینی کاسۆلیک، بۆ یەکەمجار کۆبونەوە بۆ ئەوەی دادگایەک دابمەزرێت تا ئەوانە دادگایی بکەن کە لەئایین و مەزهەبی کاسۆلیکی هەڵدەگەڕێنەوە، یاخود باوەڕی دیکەیان هەیە. جولەکە بێت یاموسڵمان یا هەر ئایین و مەزهەبێکی دیکەی ناکاسۆلیکی!!! لەم ناوەندەشدا بیرمەنداو زۆر لەڕۆشنبیرانی گرتەوە. ئەم دادگایە لەساڵی 1233دا بەڕەسمی دامەزراو ناوی لێنرا ((دیوان المقدس)). ئەم دامەزراوەیە زۆر بە گەورەیی دامەزراو چەندین سیخوریان بۆ بڵاوکردەوە، ڕۆژانە بە سەدان کەس دادگایی دەکران (سلیمان مظهر) لێکۆڵەری ئایین، لەکتیبی (قصە الدیانات)دا لاپەڕە 440 ڕووداوێک لەشێوەی چیرۆکێکدا دەگێڕێتەوەو تێدا باس لەگەورەیی و سامناکی ئەم دامەزراوەیە دەکات و دەڵێت:

یەکێکیان هینایە بەردەم دادگا. هێشتا نەگەیشتبووە ناو هۆڵەکە، بە فەرمانێک کۆتوبەند کراو پاشان داوای وەستانیان لێکرد، سەربازەکان ڕایانگەیاند لەئەنجامی ئەشکەنجەداندا ناتوانێت بوەستێت، دادوەریش پێیگوتن: لەتابوتێدا بیوەستێنن.

تابوتەکان بزمارڕێژ کرابوون، ئەویش بە ناچاری و بەلاوازی لەترسی بزمارەکانی تابوت، بە پێوە ڕاوەستا. دوایی پەڕۆکەی سەردەمیان کردەوە بۆ گفتوگۆ!!.

- ناوت چییە ؟
- من موسڵمانێکی مەغرییبم
- نەخێر، ناوە مەسیحییەکەت ئاشکراکە.
- صموئیل فرناندس
- صموئیل ناوێکی یەهودییە.
- کاتی خۆشی مەسیح یەهودی بوو.
- ڕاست بڵێ : تەمەنت چەندە؟
- سیوسێ ساڵ، هەر وەک تەمەنی مەسیح.

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

- تۆ ئامادەی خۆت بەختکەیت؟.
- ئەگەر خوا بیەوێت
- ئەمە دەکەیت و پێی ڕازیت ؟
- بەڵێ
- ئێستا بیر لەچی دەکەیتەوە؟ کاریگەری ئەم دادگایە چییە بەسەرتەوە؟
- کاریگەری دەروونی هەیە
- ئەودەنگە دەروونییەت چیت پێدەڵێت ؟
- نازانم، ئێستا خۆشم نازانم چی دەڵێم.
- ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە، بە دەنگی بەرز بیڵێ، با گوێمان لێبێت
- لەبەر ئازارو قورسایی سەرسنگم ناتوانم قسە بکەم، قسەش بە زۆر نابێت، بەڵکو بەخۆشی.
- ئێستا زۆر بەباشی بۆت دەردەکەوێت، ئادەی پاسەوان، لێدانی دەموپلی بە قامچی، وای لێدەکات بێتە قسە.

پاش ئەوەی لەخوێندا دەیگەوزێنن، دادوەر پێیدەڵێتەوە:

- لە کوێ لەدایکبویت؟
- لە (طنجة)
- تۆ ئیسپانیت ؟
- ئیسپانی بووم
- بۆچی دەڵێیت -بووم- ؟
- بۆیە وادەڵێم، چونکە من ئیسپانییەک نیم کە هەتا سەر ئیسپانی بم
- باوک و دایکت لەکوێن ؟
- باوک و دایکم نین، مردوون.
- لە کوێ مردن ؟



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



- لەدیوانی پشکنیندا (واتە: ئەو دادگایەی کە ئێستا ئەوی تێدایە)
- سوتێنران ؟
- نەخێر، هەتا مردن ئەشکەنجەدران.
- خوشک و برات هەن ؟ لەکوێن ؟
- بەڵکو بڵێ : لەکوێ مردوون و گۆڕەکانیان لەکوێیە؟
- وادەردەکەوێت تۆ ئەتەوێت ئارامیمان نەهێڵێت، ئەگەر وابڕوات دەستدەکەین بەئەشکەنجەدانت
- پێمناخۆشە.
- کەواتە تۆ ناتەوێت شوێن و حاڵی خوشک و براکانتم بۆدیاری بکەیت، هیچ شتێک لەم دیوانەدا ناشاردرێتەوە، تۆ خوشک و برات هەن و ئێستا لەژیاندان، ئەی نازانیت لەکوێن؟
- نازانم
- کاتێک کە فەرمانی گرتنیان دەرچوو، هەڵاتن، نازانی بۆکوێ چوون؟، بیرکەرەوە.
- چۆن دەتوانم بیربکەمەوە، لەکاتێکدا بیرم تێکچووەو ئەقڵم ونبووە!؟
- پێویستە یارمەتیمان بدەی تاشوێنیان بدۆزینەوەو کۆتاییان پێبهێنین
- وەک ئەوەی ئێستا لەگەڵ مندا دەیکەن.
- تۆ لەگەڵ ئافرەتێک دەژیت، کێیە ؟.
- خێزانمە
- پێویستە تەسلیمی دیوانی بکەیت، فەرمانت پێدەکەین
- ئەگەر فەرمانم پێدەدەن، واباشترە لەپێشدا بمکوژن، هەرئەوەندەشتان لەدەست دێت، دوایش خێزانەکەم نوژێم بۆ دەکات.
- ئەگەر وابڕوات ئەشکەنجەت دەدەین، بڕیار لای خۆتە.
- بەمن چی!، لەشم بەنج بووەو هەست بەئازار ناکەم

- ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانمان نەدەیتەوە بەزۆر ئاوی گەرمت پێدادەکەین تا لەناوت دەبات
- یەکەمجار بەئاگر قاچتان سووتانم، هەتا ئێستاش نەمردوم.

ئینجا یەکێک لەجەلادەکان لێیدێتە پێشەوە، بەنەڕەنەڕ پێی دەڵێت:

- باش بزانە بۆئەوە ئەشکەنجەت ئەدەین تاشوێنی کەس و کارو خۆشەویستانت دیاریکەیت، بەمەش خۆت و ئەوانیش ڕزگاردەکەیت و بەرەو ئاسمانتان دەبەین.
- ئەگەر ئێمە بەرەو ئاسمان هەڵکشاین، کێ ئێوە فڕێ بداتە دۆزەخەوە؟

لێرەوە یەکێک لەدادوەرە گەورەکان، ئاماژە بۆ جەللادەکان ئەکات و ئەشکەنجە دەستپێدەکات، بەشێوەیەک دەیکوژن کە ساتێکی زۆر لەگەڵ ئازارو مردندا ململانێ بکات و ئێش بچێژێت.

لەڕاستایدا، ئەم چیرۆکە، لەو شێوەیەدا نییە، بەڵام نووسەر ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە تا بەدادگای پشکنین ئاشنامان بکات. ئەم دادگایە هەزارانی لەناوبرد، ئەوەیش ناشاردرێتەوە کە زۆرکەس لەترسان بون بە مەسیحی.

ئەم دادگایە دووسەد ساڵ زیاتری خایاند. تێیدا هەزاران کەس سوتان و پەل پەل کران، جارجاریش ئەومەسیحییانەشی دەگرتەوە کە لەدژی پاپا قسەیان دەکرد. یاخود شتێکیان دەگووت لەگەڵ عەقیدەی ئەسقەف و کەنیسەدا نەیەتەوە.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## پسوڵەی لێبوردن (صكوك الغفران)

هۆکارەکانی ڕۆژانی ڕەشی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست و پێش ناوەڕاستیش، بەپلەی یەکەم ئابوری، بەپلەی دووهەمیش ئایین و بەرجەستەبوونی ممارەسەی دەسەڵات بوو. لەگەڵ ئەوەی کەنیسەکان لەهەوڵێکی زۆری ئەوەدابوون ئایین بکەنە بنەمایەکی پتەو بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ژیان، بەڵام گەندەڵی بەڕێوەبردنی هەموو بوارەکانی ژیان کۆمەڵگای بەرەو سەرگەردانی بردبوو. ڕۆژانە چەندین کێشەو ڕووداوی ناخۆش لەیەک ناوچەدا ڕوویدەداو بەئاشکرا مافە سەرەتاییەکانی ئینسان پێشێل دەکران. تاکەکانی کۆمەڵیش، لەبەردەم لێشاوی ئەم گەندەڵییەدا، تەنها بەشوێن نان و ماف و خەوی ونبووی خۆیاندا دەگەڕانە. دەیانویست بەهەر نرخێک بێت ژیانیان مسۆگەر بکەن. هەربۆیە شەڕوشۆڕ، ڕاکردن و هەڵاتن، داگیرکردن و بەفیرۆدان، چونەسەرماڵان، دزی، کوشتن، جگە لەچەندین ڕەفتاری دیکە، ببوونە دیاردە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی. دەرئەنجام ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کێشە یاساییانە، کەنیسەی بەرەو کەمدارایی و تێکچوونی بەڕێوبردن بردو دادگای پشکنینیش بۆخۆی نەیتوانی گرفتە ڕۆحییەکان چارەسەربکات. دیارە ئەم بارودۆخەش، وەک هەموو بارودۆخە گوونجاو نەگونجاوەکانی دیکە، ئەگەر بێت و ناوی ئایین و خوای تێکەڵ بکرێت، بەقازانج بۆ پیاوانی ئایین دەشکێتەوە. چونکە کۆمەڵگا لەهەر بارودۆخێکدا بژی، پیاوانی ئایین لەڕێی هەندێک دەقەوە، دەتوانن زۆرترین قازانج و گەورەترین بەرژەوەندی و زۆرترین دەستکەوت بۆخۆیان بەرجەستە بکەن. هەرلێرەشەوە، چەمکی (پسوڵەی لێبوردن) هاتە ئاراوە. لەسەرتادا، وەک هەنگاوی یەکەم لەلایەن ( لیۆی دەهەم ) بڕیاردرا، کەنیسەک بەناوی (بطرس) دروست بکرێت کە تا ئەوکاتە دروست نەکرابێت و وێنەی نەبوبێت. جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەو دروستکردنی



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

کەنیسەیەکی لەوشێوەیە، کەشیاوی پاپایەکی پیرۆزمەندو گەورەی ئەوزەمەنە بێت، داراییەکی زۆری پێویستەو خودی کەنیسەش توانای خەرجییەکی ئاوەهەوا زۆری نییە. ئەم بۆشاییە، بیری پسوڵەی لێبوردنی هێنایەکایەوە. پسوڵەی لێبوردن، پسوڵەیەک بوو بۆ فرۆشتن. لەلایەن عەمیلەکانی پاپاوە بەخەڵکی ڕەشوڕووت دەفرۆشرا، گوایە بەکڕینی ئەم پسوڵەیە خوا لەگوناهەکانی خۆشدەبێت. چونکە ئەو پارەیەی کە لەبری پسوڵەکە دەیدات،ماڵی خوای پێدروست دەکرێت.

**دەقی نووسراوی پسوڵەی لێبوردن ( صكوك الغفران )**

ربنا يسوع المسيح يرحمك يافلان، ويحلك باستحقاقات الامة الكلية القداسة وأنا بالسلطان الرسولى المعطى لى أحلك من جميع القصاصات والاحكام والطائلات الكنيسة التى استوجبتها، وأيضاً من جميع الافراط والخطايا والذنوب التى ارتكبتها، مهما كانت عظيمة وفظيعة، ومن كل علة، وان كانت محفوظة لابينا الاقدس الثاثا، والكرسى الرسولى، وامحو جميع اقذار المذنب وكل علامات الملامة التى ربما جلبتها على نفسك فى هذة الفرصة وارفع القصاصات التى كنت تلتزم بمكابدتها فى المطهر واردك حديثاً الى الشركة فى أسرار الكنيسة، وأقرنك شركة القديسين، أردك ثانية الى الطهارة والبر الذين كانا لك عند معموديتك، حتى انه فى ساعة الموت يغلق امامك الباب الذى يدخل منة الخطاة الى محل العذاب والعقاب، ويفتح الباب الذى يؤدى الى فردوس الفرح، وان لم تمت سنين مستطيلة, فهذه النعمة تبقى غير متغيرة، حتى تأتى ساعتك الاخيرة، باسم الآب, والآبن، والروح القدوس.

**دەقی پسوڵەی لێبوردن بە کوردی**

ئەی (.....فلانە کەس........)!

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

مەسیحی خواوەندمان ئاگادارت بێت، گشت ئازارە سەخت و پیرۆزەکانی فریاتکەون. من، بەودەسەڵاتە نێردراوییەی پێمدراوە، لەهەموو تۆڵەو کردارو سەرپێچییەکانی کەنیسە ئەتبەخشم. لەوگوناهو زێدەڕەوییانەش، کەچەند گەورەو سامناکیش بن هەر گەردنت ئازاد ئەکەم، باوەکو دژی تەختی نێدراویتی و پاپای هەرەپیرۆزی باوکیشمان گواترابێت. ئەو پۆخڵەواتی گوناهو لۆمەکراوانەی کەخۆت بەخۆتت کردوون، چزیان دەکەم و دەیانسڕمەوە، ئەو گوناهو تۆڵانەی کەلەکاتی تۆبەو خۆپاکردنەوەدا ئازاریان ئەدایت، پاک لەپاک، لایاندەبەم، سەرلەنوێ دەتکەمەوە بەهاوبەشی نهێنییەکانی کەنیسە، ئەتخەمەوە کۆڕی سەحابەو پیاوچاکان و پیرۆزمەندان، دووبارە ئەتگێڕمەوە بۆ پاکوبێگەردیی رۆژانی لەئاوهەڵکێشانت. ئەمەش بەجۆرێک کە لەکاتی مردنتدا، ئەودەروازەیە دابخرێت کەگوناهباران بۆدۆزەخ لێوەی دەچنە ژوورەوە، وە ئەودەروازەیەش بکرێتەوە کە دەتگەیەنێتە بەهەشت و فردەوسی خۆشی. خۆئەگەر نەمردیو تەمەنت بۆ چەند ساڵێکی دیکە درێژەی کێشا، هەتا دواساتەکانی ژیانت ئەم نیعمەتە دەچێژێت و ناگورێت. بەناوی باوک و ڕۆڵەو ڕۆحی ڕەوان.

واتە: ئەگەر یەکێک بچێتە سەر خێزانێک و گەورەی ماڵەکە بکوژێت و منداڵەکانی بەرەڵای کوچەو کۆڵانەکان و دوارۆژێکی نادیار بکات، دەستدرێژی بکاتە سەر ژن و کچەکانی، بەکڕینی یەکێک لەم جۆرە پسوڵانە رزگاری ئەبوو، خوالێی خۆشدەبوو، کۆشکێکی بەرزی لەبەهەشدا بۆمسۆگەر دەکرا. ئەگەر کەسێک بچێتە سەر هەژارێک و بژێوی ئەورۆژەی لێبسێنێت و برسی و بێچارەو بێدەنگ بەجێی بهێڵێت، بەکڕینی یەکێک لەم پسوڵانە ڕزگاری دەبوو، دەچووە فردەوسەوە. گەر دەسەڵاتدارێک موڵک و سامانی جوتیارانی ناوچەکەی داگیر بکردایە، دەبوایە جووتیاران داوای حەقی مەشروعی خۆیان نەکردایە، چونکە دەوڵمەندە دەسەڵاتدارەکە پسوڵەی دەکڕی و خوا لێی خۆشدەبوو، بەڵکو

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەتوانێت چەندین پسوڵەی دیکە بۆ خۆشبوونی خوا مسۆگەر بکات. بڵاوکردنەوەی پسوڵەیەکی لەم شێوەیە لەلایەن پاپاکان و پیاوانی کەنیسەوە، کەخۆیان بەلوتکەی پاک و ڕاستی دەزانی، تەنها دوو ئەنجامی لێکەوتەوە، یەکەمینیان: پڕکردنەوەی گەنجینە بەتاڵەکانی کەنیسەو باخەڵی پیاوە ئانزاکان بوو بەپارەو خوێنی خەڵکی!! دووهەمینیان: بەرهەمهێنانی یاخود دەرکەوتنی چەند ئەقڵێکی نوێ بۆ بەگژاچوونەوەی دەستورە نەگۆڕکانی ئایین و فتوا بێبنەماکانی پاپاو ئەسقەفەکان لەناو کۆمەڵگادا.

سەرەتا ئەم پسوڵەی لێبوردنە، بەپارە نەبوو. لەکاتی شەڕەکانی خاچدا (حروب الصلیب) خەڵکیان بۆ ئەوجەنگانە هاندەدا تابەرەو بەرەکانی جەنگ بڕۆن و بەم کارەشیان مژدەی ئەوەیان دەدانێ کە خوا لەهەموو گوناهەکانیان خۆش دەبێت!! واتە نرخی پسوڵەی لێبوردنەکە رۆحی مرۆڤەکان بوو، بەڵام لەدوای شەڕەکان، نرخی پسوڵەکان گۆڕا، لەرۆحەوە بۆپارە. بەم شێوەیە، ئەوانەی گوناهی زۆریان کردبوو، هەرئەوانە زۆرترین کڕیاری پسوڵەکان بوون.

**مارتن لۆسەر**

1483 -1546ز

بەوپێیەی کەئینجیل بەزمانی لاتینی نووسرابوو، کۆمەڵگاکانی ئەوروپایی، لەئایینی مەسیحیی و بنەماکانی ئینجیل بێئاگابوون. هۆکارێکی سەرەکیش بۆ ئەم بێئاگاییە، نەخوێندەواری و نەزانینی زمانی لاتینی بوو، ئەم شێوە زمانە، تەقلیدیانە، تەنها دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان دەیانزانی چونکە لەو چینەدا خوێندەواری لەبڵاوبوونەوەدا بوو چین و توێژەکانی دیکە لێی بێبەش بوون. بێئاگایی زۆرینەی کۆمەڵگا لەچەمکی ڕاستی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئایینەکە وای لێکردن کە پاپاو پیاوە ئایینەکانی دیکەی پلەداری کەنیسەکان بەپیرۆزو گەورە دابنێن و واتێبگەن کە ئەمانە هەمیشە لەپەیوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ خوادا!! هەربۆیە وەرگێڕانی کتێبێکی لەوشێوەیە کە پایەی ئایینی هەموو ئەوروپابوو، لەوکاتەدا گرنگییەکی ئەوتۆ و شۆڕشێکی مەزن بوو بەرامبەر بە پیاوانی کەنیسە. ئەم وەرگێڕانەش، لەلایەن (مارتن لۆسەر)ی نوسەرەوە ئەنجامدراو لەگەڵ هەندێک کاری دیکەیدا، بووە پاڵەوانی مێژوویی لەم ئایینەدا. مارتن لۆسەر، بەیەکەمین بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی ئەڵمانی دادەنرێت.[178] لەسەرەتادا، لەدژی پسوڵەی لێبوردن، هێرشەکانی دەستپێکرد، ئەمەش یەکەم هەنگاوی پیاوێکی ئایینی ناو کەنیسە بوو بۆ ململانێیەکی ئاشکراو دامەزراندنی مەزهەبی پرۆتستانت.

مارتن لۆسەر، کوڕی خێزانێکی هەژارو فێرخوازێکی یاسای قۆناغی چوارهەمی زانکۆ بوو، لەدەرئەنجامی ڕووداوێک، واز لەخوێندنی یاسا دەهێنێت و ڕوو لەخوێندنە باڵاکانی ئایین دەکات. لەپاش دووساڵ دەبێتە ئەسقەفی یەکێک لەکەنیسەکان. لەبەر لێهاتووی و زیرەکی، لەتەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا، دەیکەنە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی (وتنبرگ).[179] باوەڕێکی کاسۆلیکی زۆر توندڕەوانەی دەبێت و خزمەتێکی زۆر بە پاپاو کەنیسە دەکات. بەتێپەڕبوونی زەمەن، هەست بەهەڵەو سامناکیی دەسەڵاتەکانی پاپاو ڕەفتارەکانی ئەسقەف و هەڵسوکەوتی هەندێک پیاوانی ئەم ئایینە دەکات. بۆی دەردەکەوێت کە هەموو ئەوانە ڕاڕەوێکی دوور لەئایینی مەسیحین و دەیگوت:

(نابێت کەس فەرمان بدات، یاخود فەرمانی پێبدرێت، یاخود زۆر لەکەسێک بکرێت، کەباوەڕێکی دیاری کراوی ئایینی هەڵبژێرێت).[180] یەکێک

---

[178] دراسات في التاريخ الاوروبي الحديث ص (18)
[179] عشرون قرنا في موكب التاريخ ص (304)
[180] العقيدة والشريعة ص (450)

لەڕووداوە هەرە گرنگەکانی مێژوو کە مارتن لۆسەری کردە پاڵەوانی مێژوو، کێشەی پسوڵەی لێبوردن (صكوك الغفران) بوو.

یەکەمجار، لۆسەر لە31ی ئەکتۆبەری 1517ی زایینیدا، لائیحەیەکی گەورەی لەدژی ئەم دیاردەیە نوسی و بڵاویکردەوە، ئەم لائیحەیە لەنەوەدو پێنج بەند پێکهاتبوو، لەوانە:

- پاپا نایەوێت، ئەگەر ویستیشی، ناتوانێت مرۆڤ لەسزای یاسایەک ڕزگاربکات، مەگەر ئەوەی کە یاساکەی بەخواستی خۆی نوسیوە.
- هەموو نێردراوەکانی پاپاو ئەوانەی پسوڵەی لێبوردن دەفرۆشن، بەهەڵەداچوون کەدەڵێن بە لێبوردنی پاپا مرۆڤ لەگوناهەکانی ڕزگاری دەبێت.
- زۆرینەی ئەو خەڵکانەی بەپەیمانەکانی پاپا هەڵدەخەڵتێن گێلن و پاپاش هەرگیز ناتوانێت وەفای بۆیان هەبێت.
- ئەو قسەیەی کەدەگوترێت: لەکاتی کڕینی پسوڵەکەدا، بەتایبەتی لەو کاتەی کە پارەکە دەچێتە ناو گەنجینەکەوە، یەکسەر مرۆڤەکە لەگوناە پاک دەبێتەوە، گەردیلەیەک ڕاستی تێدانییە.
- ئەوانەی بڕوایان وایە بەپەیمانەکانی پاپا لەئەشکەنجەی دۆزەخ ڕزگاریان دەبێت، هەتا ماون سەرشۆڕی دۆزەخن، لەگەڵ ئەوانەشی کە ئەم کارانەیان فێرکردوون.
- پەشیمانی و تۆبەکردن و ڕزگاربوون لەگوناهەکان، بەدڵ دەکرێت و پێویستی بە پاپاو پسوڵە نییە.

پاشان، لۆسەر، بۆچاکسازی ئەم ئایینە، لائیحەیەکی دیکەی لە بیستوحەوت بەند نوسی و بڵاویکردەوە، لەوانە:

- لەسەر میللەتی ئەڵمانیا، پێویستە زەریبەی سالآنەی خۆی نەداتە پاپا، چونکە پاپا لەجیاتی ئەوەی لەکاری چاکەو باشەدا خەرجیکات، لەپێناوی تێرکردنی غەریزە پیسەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێت.



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

- هیچ ڕێگرییەک نییە گەر کاروبارە ڕۆحیەکانی ئایین لەتایبەتمەندییەکانی پاپا بێت، بەڵام لەسەر پاپا پێویستە هیچ دەخالەتێک لەکاروبارەکانی زەمەنی نەکات، چونکە ئەوکارانە پەیوەندییان بە سوڵتەی زەمەنییەوە هەیە.
- خەڵکی لەگەورەیی خوا کەمدەکەنەوە کە قاچی پاپا ماچ دەکەن، چونکە مەسیح، قاچی قوتابییەکانی شوشتوەو بەخاولیەک وشکی کردووەتەوە، بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە هاتووە خزمەت بکات، نەک خزمەت بکرێت!! کەواتە چۆن پاپاکان ماوە بەخەڵکی دەدەن و فەرمانیان پێدەدەن کە قاچیان ماچ بکەن، لەکاتێکدا ئەوانەی قاچیان ماچ دەکەن، تێیاندا هەیە کە زۆر لەپاپا پاکوبێگەردترن.
- حەرامکردنی ژنهێنانی پیاوانی کەنیسە، لەلایەن کەنیسەی ڕۆمانییەوە، هەڵەیە. چونکە وای لەزۆر لەپیاوانی کەنیسەی کردووە پەنا بۆ بەرەڵایی و داوێنپیسی ببەن.

ئەم بەندانە، پاپای نارەحەت کردوو بڕیاری دەرکردنی لۆسەری لەکەنیسە ڕاگەیاندو وێنەیەکی درا بەلۆسەرو ئەویش لەبەرچاوی خەڵک بەئاشکرا سوتاندی، بەمەش لۆسەری ئایینزای مەسیحی و کەنیسەی ڕۆما جیابوونەوەو نوسراوەکانی لۆسەر حەرامکران، بەڵام لۆسەر تا کاتی مردنی وازی نەهێناو کۆی نوسراوەکانی دەگاتە (400) کتێب و نامیلکەو وتار، ئەوشوێنانەی کەشوێنکەوتوانی لۆسەر تیایدا کۆدەبوونەوە، بەکەنیسەی پرۆتستانت ناوبانگی دەرکرد.

لەساڵی (1534) زاییندا، سەرۆکەکانی کەنیسەی بەریتانی، ڕایانگەیاند کە پاپای ڕۆما هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەوانەوە نییە. کە نیسەکەشیان ناونا کەنیسەی پرۆتستانتی ئەسقەفی.

## جیابوونەوەی دەسەڵاتی ئایین لەدەسەڵاتی دەوڵەت



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

مەسیحیەتیش، وەک هەموو ئایینەکانی دیکە، هەرلەدوای مردنی پەیامبەرەکەوە، ئەوندەی هەوڵی دەستکەوتی ئابووریو مومارەسەی دەسەلات بوون، ئەوەندە لەهەوڵی مومارەسەرکردنی ئەو پەیوەندییە رۆحیە نەبوون کە لەنێوان خواو مرۆڤی ئایینپەروەردا هەبوو!!، کێشەی پیاوانی ئایین، کێشەی بەڕێوەبردنی کەنیسە، دەخالەت کردن لەژیانی مرۆڤ، سەپاندنی یاسای ئایین، چوونە ناو لوتکەی دەسەلاتی دەوڵەت بوو، کاتێک قوستەنتییە دروستکراو مەزهەبی ئەرسەدۆکسی کرایە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت، خودی پاشا لوتکەی دەسەلات بوو، وەک هەموو کەسێکی دیکەی ئاسایی پیاوێکی ئایینی بووەو باوەڕی بە مەسیح و ئینجیلەکەی هێناوەو ئەو لێبوردن و خۆشەویستییەی کەعیسای مەسیح باسی لێوەکردووە ئەم دەیویست بەسەر کۆمەڵگاکەی خۆیدا بیسەپێنێت، هەربۆیە دەسەلاتی زەمەنی خۆی بەسەر دەسەلاتی کەنیسەدا بەرزتر نرخاندن و سوڵتەی ئەسقەفەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەمەش وایکرد، ئەگەر بەهۆی ڕووداوێک، یان بۆنەیەکەوە، ڕەخنە ئاڕاستەی دەسەلات کرابێت، ئەوا ئەو ڕخنەیە ڕووبەڕووی دەسەلاتە زەمەنییەکە دەبووەوە نەک کەنیسەو ئەسقەفەکان.

بەلام لەڕۆژئاوادا بەپێچەوانەوە بوو، بەبێئەوەی دەسەلاتی زەمەنی کاری بۆبکات، کلاسیکیانە پاپاو ئەسقەفەکان گەورەترین دەسەلات و بڕیاریان بەدەستەوە بوو، تەنانەت دەسەلاتدارانی دەوڵەتیش بۆیان نەبوو لەژێر بەزەیی و کینەی بڕیارەکانی کەنیسەدا بێنەدەرەوە. لەبەرئەوە کەنیسە ئەگەرچی وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە دەزگایەکی سەربە دەوڵەت بوو بەلام دەتوانین بڵێین بالاترین دەزگای بڕیاردانبوو!. لەبەرئەم هۆیە کەنیسەو پاپاو ئەسقەفەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەو داواکارییەکانی کۆمەڵگا دەبونەوە، نەک دەوڵەت. کەنیسەش بەناوی خواو مەسیحەوە توانیبووی زۆررینەی ڕەخنەکان پوچەڵ بکاتەوەو خەفەیان بکات،

لەماوەی ئەو ململانێ گەورانەی سەدەکانی ناوەڕاست، لەنێوان کەنیسەو پیاوەکانی، بەرامبەر بەهێزە زەمەنییەکانی دەوڵەت و پاشاکان، بیر لەجیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی زەمەنی کەنیسە کرایەوە. یەکێک لەنموونە هەرەدیارو بەناوبانگەکانی مێژوو، کەباس لەدژایەتی پاپاو پاشا دەکات و زیادەڕەوی و بێبەزەیی پاپا بەرامبەر بە دەسەڵاتداران دەربخات، کێشەکانی هنری پاشای ئەڵمانیابوو، هنری و پاپا (گریگوریوس) لەسەر کێشەیەک ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوەو لەئەنجامدا پاپا فتوای بێ دینی هنری دەردەکات. بەمەش گەلی ئەڵمانیا لەهنری هەڵدەگەڕێنەوەو دەرئەنجام هنری لەناچاریدا دێتەلای پاپاو کڕنوشی بۆدەبات و داوای لێبوردن و هەڵگرتنی فتواکەی لێدەکات.[181]

دەتوانین بڵێین ئەو فاکتەرانەی کەبوونە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئایین بەرەو ئەوە بچێت کە لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، سێ فاکتەری سەرەکی بوون:

1- بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری بەشێوەیەکی گشتی و بیردۆزی زانستی نوێ بەشێوەیەکی تایبەتی، بۆنموونە: کوبرینۆکس و گالیلۆ و مەسەلەی خڕی زەوی و سوڕانەوەی هەسارەکان بەدەوری خۆردا کەنیسەی بەرەو بێمتمانەیی برد. هەروەها دۆزینەوەی کیشورەکانی ئەمەریکاو بوونی ژیان (مرۆڤ و ئاژەڵ) لەوناوچەیە، بەهەمان شێوە کەنیسەی بەرەو شکاندن و گومان برد، چونکە بوونی ژیان لەو کیشوەرەدا لەگەڵ هەردوو ئەفسانەی (ئادەم و حەوا)و تۆفان و کەشتییەکەی نوح نەدەگونجا. مەسەلەی دۆزینەوەی شارستانییەتە کۆنەکانیش بایەخێکی دیکەی هەبوو.

2- دەستی خوێناوی پیاوانی کەنیسە بەگیانی تاک و کۆمەڵەکانی ئەوروپا، پڕکردنی باخەڵ و گەنجینەکانی کەنیسە بەسامانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی، پشتگوێ خستنی پەیوەندییە ڕۆحییەکانی

[181] تاریخ الفلسفة اليونانية ص (49)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

مرۆڤ و خوا، پاراستنی بەرژەوەندییەكانی كەنیسەو تاكەكانی دەسەڵاتی دەوڵەت ببوونە هۆی نارەزاییەكی گەورەی جەماوەرو ڕێ خۆشكردن بۆ ململانێیەكی گەورە.

3- گرنگیدانێكی بەرفراوان بەلێكۆڵینەوەی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەتایبەتی لەسەدەكانی هەڵسانەوەدا (عصر النهظة) وەك زمان و ئەدەب و مێژوو، بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی پەیوەندییەكانی مرۆڤ بەمرۆڤەوەو دۆزینەوەی چەمكێكی نوێ بۆبیناكردنی كۆمەڵگایەكی باشتر بەم شێوەیەک تێڕوانینی مرۆڤ لەئاسمانەوە بگوازرێتەوە بۆخودی مرۆڤەكە خۆی.

یەكێک لەناودارەكانی ئەم بزوتنەوەیەش (دانتی) بوو لەئیتالیا سەدەی چواردەهەم. كاری ئەم نووسەرەش لەوەدا بوو قەصیدەیەكی درێژی لەژێر ناونیشانی ( كۆمیدیای ئیلاهی ) نووسی، لەم قەصیدەیەدا هەندێک لەپاپاكانی كەنیسەی فرێدابووە ناو دۆزەخەوەو هەندێک لەبیرمەندەكانی دەرەوەی كەنیسەشی خستبووە ناو بەهەشتەوە.[182]

هەروەها هەندێک بیرمەندی دیكە دەركەوتن و وایان دەبینی كەمرۆڤ ئەگەر بێت و خواست و ئەقڵ و ئیرادەی بەكار بهێنێت، دەتوانێت كارەكانی خوا لەسەر زەوی بە ئەنجام بگەیەنێت، هەروەها شارستانییەتی مرۆڤایەتی لەبارودۆخێكی سیاسی ئازاددا نەبێت، گەشەی پێنادرێت، هەر بۆیە (ماكیاڤیلی) داوای لەدەسەڵاتدارانی زەمەنی كرد كە دەسەڵاتەكەیان ببەنە دەرەوەی كەنیسەو دوور لەپیاوانی ئایین ممارەسەی بكەن.[183]

(هوبس) لەبەرتیانیا، لەسەدەی حەڤدەهەمدا، بەهەموو شێوەیەک دەسەڵاتی خوایی لەدەوڵەتدا ڕەتكردەوە، (سبینوزا)ش دەیوت: سوڵتە،

---

[182] المسيحية والعلوم الاجتماعية ص (114)

[183] مظام الحكم والادارة الغربية ص (271)



www.xwdakan.com net org

ڕێچکەی سەرەکی حوکم کردنە، بەڵام سوڵتە، پێچەوانەی باڵادەستی و توندوتیژییە.[184]

(مونتین) لەفەرەنسا، لەسەدەی شانزەدا، وتویەتی: هیچ حەقیقەتێکی گشتگیرو جێگرو ئەزەلی نییە، بە ئایینی مەسییحیشەوە، (دیکارت)یش لەسەدەی حەڤدەدا، پێیوابوو، جگە لەسوڵتەی ئەقڵ، نابێت پەنا بۆ هیچ سوڵتەیەکی دیکە ببرێت.[185]

(جون لوک) لەبەریتانیا، ئەوەی ڕوونکردەوە کە پێویستە سوڵتەی کەنیسەو سوڵتەی مەدەنی لەیەک جیابکرێنەوەو نەهێڵن کەنیسە دەخالەت لەسیاسەتی دەوڵەت بکات. دەیوت! بۆ بەرژەوەندی گشتی و ئامانجە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان نەبێت، نابێت دەوڵەت ڕێبدات ئازادییەکانی کەنیسە دەست وەربداتە کارە سیاسییەکانی دەوڵەتەوە.[186]

هەرکاتێک ئازادی کەنیسە هەڕەشەی لەبەرژەوەندی گشتی کرد، ئەرکی حکومەت ئەوەیە ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگا بپارێزرێت نەک غەریزەو عەقیدەی بە سەردا بسەپێنێت.[187]

کەنیسە هەستی بە سامناکی ئەم بیرو بۆچوونانە دەکرد کە لەدەرئەنجامی هەڵکشانی بوارەکانی ئەدەب و مەعریفەو زانستدا دەردەکەوتن. بەهەموو هێزێکی ماددیو مەعنەوی خۆیەوە هەوڵیدەدا لەڕوویاندا بوەستێتەوە. بە شێوەیەک دەسەڵاتیان بەڕێوەدەبرد کە لەبڕیاردانەدا سەر بەخۆو ئازاد بن و بۆ دامرکانەوەی هەڵچوونەکانی جەماوەر هەموو هۆکارو ئامڕازێک بە کار بهێنن، ئەگەر کوشتنی هەموو جەماوەریش بێت.

[184] هەمان سەرچاوە ل (275)
[185] هەمان سەرچاوە ل (276)
[186] هەمان سەرچاوە ل (279)
[187] هەمان سەرچاوە ل (283)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



ئەم دژایەتیکردنە سەرسەختەی کەنیسە بەرامبەر بە جەماوەر، هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ سەر هەڵدانی چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە. بە ئاشکراو نهێنی، ئەم جۆرە بزووتنەوانە درێژەی کێشاو بەردەوام بوو هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا لەسەدەی نوزدەهەمدا.[188] لەم شۆڕشەدا، حەقیقەتی خواستەکانی جەماوەرو داخوازییەکانی کۆمەڵگا بە ئاشکرا دەرکەوتن و یەکەم داخوازیش کەلەو ڕۆژانەدا جێبەجێکرا، جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئاسمان و زەوی بوو!.

ئەم جیاکردنەوەیەش، پێشینەی خۆی هەبوو، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەداو بە تایبەتی لەساڵی ( 1801 )دا ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ناپلیون پۆناپارت و پاپا (بیوسی حەوتەم) لەسەر پەیوەندی دەوڵەت بە کەنیسەی فەرەنسییەوە. پاش (4) چوار ساڵ کێشەکە بە دەستبەسەراگرتنی موڵکی کەنیسەکان و لابردنی پەیمانگاو زانکۆ ئاینییەکان و دانانی پەیمانگاو زانکۆی نوێی زانستی کۆتایی پێهات. بەم شێوەیەش بۆ یەکەمجار چەمکی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی دەوڵەت و کەنیسە مومارەسەکرا کە ئێستا بەدەوڵەتی عەلمانی ناودەبرێت.

بەڵام کەنیسەو ئانیزاکان، دانیان بەم جیاکردنەوەیە نەنا، تاساڵی (1885) ئەویش بە جیاکردنەوەی کۆمەڵگای دینی و کۆمەڵگای زەمەنی.[189] کەنیسەو توندڕەویی پیاوەکانی لەبەردەم هەڵسانی فکرو ئەدەب و زانستی ئەورووپادا خۆی نەگرت و هەرچەندە لەڕێی دەقەکانی ئینجیلەوە چەندین نمونەی پیرۆزی خواییان هێنایەوە کە ناکرێت دەسەڵات لەئایین بسەنرێتەوە، بەڵام ململانێ و ناکۆکی نێوان کەنیسەکان، کاسۆلیک و پرۆتستانت لەلایەکەوەو ناکۆکی پیاوانی کەنیسە لەلایەکی دیکەوەو بچڕانی خودی ئایینەکە بە ئانزاکانەوەو هەزمنەکردنی ئەفسانەکانی گوتاری پیاوانی کەنیسەو گەشەسەندنی فکریی لەئەورووپا لەهەموو

---

[188] عشرون قرنا في موكب التاريخ ص (319)

[189] العقيدة والشريعة ص (472)

بوارەکاندا، هەموو ئەمانە ڕێ خۆشکەرەبوون بۆ جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە. دەرئەنجامی هەموو ئەم کێشانە دابەزینی هەیمەنەتی کەنیسەو سوڵتەی پاپاو سەرکەوتنی پێگەی زانست و پێشکەوتنی فکرو فەلسەفەو ئەدەب و ئازاودیو سەربەستیو سەربەخۆیی لێکەوتەوەو دەرئەنجامیش کۆمەڵگا بەرەو کرانەوەی زیاتری برد. بۆیان دەرکەوت کە نیعمەتەکانی خوا، بەبێ هیچ هۆکارێک و بێ هیچ پاپاو کەنیسەیەک دەگاتە مرۆڤەکان و مرۆڤەکان لەبەڕێوەچوونی کاروبارەکانیان ئازادن. پاپاو ئەسقەفەکانیش ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لەبیرچوونەوە دەچوون، بە شێوەیەک کە دەوڵەت و دەسەڵاتی کۆمەڵگاو بەڕێوەچونی کاروبارەکان، هیچ پێویستییەکیان بە پاپاو کەنیسەو مەزهەبەکان نەمێنێت.

ئەو عەلمانیەتەی کە ئێستا وەک چەمک لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە ئیسلامییەکانیشدا گفتوگۆی لەسەردەکرێت، دەتوانم بڵێم لەئەنجامی هەمان ئەوهۆکارانەیە کەلەوپێش لەئەورووپادا هەبوو، لەئێستادا وەک یەکەم هەنگاو، پێناسەی چەمکی عەلمانیەت لەلای ئیسلامییەکان بەشێوەیەک دەکرێت گوایە جیاکردنەوەی پەیوەندییەکانی خوایە لەگەڵ مرۆڤ، نەک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی زەمەنی و دەسەڵاتی ئایینی. لەڕاستیشدا وشەو چەمکی عەلمانیەت جگە لەجیاکردنەوەی دەسەڵاتی زەمەنی لە دەسەڵاتی ئایین، هیچ پێناسەو مەبەستێکی دیکە هەڵناگرێت. ئەم مانایەش سوود بەهەردوو پێگەکە دەگەێنێت؟!، دەسەڵاتی زەمەنی، بۆبەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دونیا، دەسەڵاتی ئایینیش بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری پەیوەندیە ڕۆحییەکانی مرۆڤ و خوا.

لە کورترین پێناسەدا بۆ ئەم بەرگە دەتوانین بڵێین کە:

ئایین دیاردەیەکی مێژووکردە، ئەو هونەرەیە کە زۆرترین بینەرو زۆرترین بیسەرو کەمترین ئەکتەری باڵای لەخۆگرتووەو ئەکتەرەکانی فرۆفیڵاویترین حیواریان هەیە، ئایین دیاردەیەکە زۆرترین دەستکەوت و کەمترین باجی لێدەکەوێتەوە.

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

ڕۆژهەڵاتیش، چەقی کۆنترین و گەورەترین ئایینە لەجیهاندا. کۆنترین هوشیاری لەڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەت لەرووی ئابووری و کۆمەلایەتی و مومارەسەکردنی دەسەلاتەوە، لەئاییندا سەریهەڵداوە. هەربۆیە کۆنترین ڕەخنەش لەو دەڤەرەدا ڕووبەڕووی ئایین دەبێتەوە.

تێگەیشتن لەشێوەی سەرهەڵدان و ناساندنی دەروازەی ئایینەکانی مێژوو، ئەوەمان لەلا دەسەلمێنن، کەئایین تەنها لەقۆناغێکی مێژوویدا وەک زەرورەتێک بۆ ناوچەکەی خۆی سەریهەڵداوەو گەشەسەندنی هوشیاریی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیریی قۆناغەکانی مێژوو، ئالۆگۆڕی بەسەرداهێناوە. بۆ هەر یەکێک لەقۆناغەکان و بۆ هەریەکێک لەناوچەکان مەزهەبێکی دیاریکراوی سەر بە ئایینەکە دروستبووەو ئاینزاکانیش توانیویانە بەرژەوەندییەکانی خۆیانیانی تێدا بپارێزن. هەر فەلسەفەیەکیش باسی لەئیرادەی ئینسان کردبێت، لەئەقڵی کۆنی ڕۆژهەلاتیدا ئاسمانی پێوە لکاوەو کەسایەتییەکانی پیرۆز کراوەو ئەگەر هێزی بالاشی دەستنەکەوتبێت، هەندێکیانی ( وەک بوزا) کردووە بە خوا. هەر ئایینێکیش بەناوی خواوە مومارەسەی دەسەلاتەکانی خۆی لەسەر زەوی کردبێت، هەرزۆر زوو ئەو پێناسە (باو)ەی لەدەستداوە کە دەڵێت: (ئایین، دەرکەوتەیەکە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خوا).

## سەرچاوەکان


١- أ- التوراة ب- الاناجيل ج- القرآن

٢- الچلبي, د. احمد الچلبي: اديان الهند الكبرى. الطبعة الرابعة 1972 مكتبة النهضة المصرية.

٣- الچلبي, د. احمد الچلبي: الحياة الأجتماعية في التفكير الديني، دار النشر. مصر / الطبعة الثانية / 1975




www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار .. مەریوان هەڵەبجەیی

٤- الألوائي, محي الدين الألوائي: الأدب الهندي المعاصر. الطبعة الثالثة 1974سوريا, دمشق.

٥- حبيب سعيد محمود: اديان العالم الكبرى, الطبعة العاشرة 1980, مكتبة النهضة المصرية.

٦- كريشنا, راما كريشنا: فلسفة اليوگا. ترجمة: رشاد كاظم سعيد, الطبعة الأولى 1988, منشورات مؤسسة بيروت, لبنان.

٧- الرامبوري, د. محمد عبدالسلام الرامبورى: فلسفة الهند القديمة. الطبعة الثانية 1953, القاهرة.

٨- الرامبوري, د. محمد عبدالسلام الرامبورى: ثقافة الهند وحياتها الروحية والأخلاقية والأجتماعية. الطبعة الثالثة 1970 منشورات مؤسسة بيروت, لبنان.

٩- گوستاف لیبۆن: حضارة الهند. الطبعة الثانية 1982بيروت, لبنان.

١٠- مظهر, سليمان مظهر: قصة الديانات. الطبعة الثانية 1998, مكتبة مدبولى.

١١- بوذا الأكبر، الأستاذ ـ حامد عبدالقادر، دار النشر ـ مصر / الطبعة الثالثة / 1972

١٢- قصة البوذا، عبدالعزيز احمد الذكى، سوريا ـ دمشق / الطبعة الأولى / 1989

١٣- حكمة الأديان الحية، جوزيف غاير / ترجمة ـ حسين الغيلانى، الجزء الأول والثانى والثالث (في مجلد الواحد) ط الثالثة / 1979

١٤- /كرم, د. يوسف كرم,و مدكور, د. ابراهيم المدكور: دروس في تاريخ الفلسفة، الطبعة الأولى 1971 بيروت, لبنان.

١٥- عشرون قرنا في موكب التاريخ، حبيب سعيد، دار النشر / القاهرة / 1991

١٦- ايران في عهد الساسانيين، كريستنسن. ترجمة. يحى الخشاب، الطبعة الأولى / 1981

١٧- الفارحي, د. هلال الفارحى: اساس الدين, الطبعة الثانية / 1985, مكتبة مدبولي, القاهرة

١٨- اليعقوبي, د. كاظم اليعقوبي: الله في المسيحية , الطبعة الخامسة 1992بيروت, لبنان.

١٩- محمد رسول الله، جوين سيرز. ترجمة عبدالحليم محمود، دار الأرقم. كويت / 1983

٢٠- الحدادو د. عبدالوهاب الحداد، المجتمع الأسلامي، دار العلم. قاهرة / 1975

٢١- العقيدة والشريعة، علي المحفوظ، مصر / 1985





www.xwdakan.com net org

٢٢- ويل ديورانت، قصة الحظارة، مجلد الثاني / الجزء الثالث والرابع / قسم / الهند وجيرانها

٢٣- فلسفة الخليقة، كاظم ناصر الحسن، مطبعة سلمي الفنية الحديثة / الطبعة الأولى

٢٤- الفصل في الملل واللأهواء والنحل، للأمام. ابي محمد علي بن حزم الظاهري / الجزء الأول والرابع

٢٥- اوضح التفاسير، ابن الخطيب، الطبعة السادسة / 1964

٢٦- النمر, عبدالمنعم النمر: تأريخ الأسلام في الهند. الطبعة السادسة 1978مكتبة النهضة المصرية.

٢٧- الهندوس المقدس، ويش، ترجمة / الأمام. سعيد الخاوي، منشورات دار العلم/ القاهرة الطبعة الأولى 1982

٢٨- اضواء على المسيحية، متولي يوسف، دار الكويتية للطباعة والنشر / الطبعة الثانية1973

٢٩- اعلام الفكر السياسي، موريس كرانستون، دار النهار/ بيروت لبنان / الطبعة الثانية1981

٣٠- دراسات في التاريخ الأوروبي الحديث، د. سعد زغلول عبد ربه، دار المعرفة الجامعية1983

٣١- المسيحية والعلوم الأجتماعية، د. وجيه الكوثراني، دار التعارف للمطبوعات / الطبعة السادسة / 1993

٣٢- نضام الحكم والأدارة الغربية، د. مهدي توفيق، القاهرة / الطبعة الثانية / 1991

٣٣- كرم, د. يوسف كرم: تاريخ الفلسفة اليونانية, الطبعة التاسعة 1994, بيروت ,لبنان.

٣٤- التوراه ـ تاريخها وغاياتها، ترجمة / سهيل اديب، دار النفائس / بيروت / 1972

٣٥- القدس، سمير جرجيس، مؤسسات فلسطنية، بيروت / 1989

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی سێ و چوار.. مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org